ســـــیناریۆی کورتە فیلم

سەرچاوە:
نگارش فیلمنامه کوتاه/ویلیام اچ.فیلیپس : ترجمه عباس اکبری.- تهران : سروش (انتشارات صدا و سیما): کانون اندیشه، اداره کلپژوهشهای سیما.1379
چاپ سوم: 1382

ناوی کتێب: ســـیناریۆی کورتە فیلم
نووسینی: ویلیام ئێچ.فیلیپس
وەرگێڕانی بۆ فارسی : عەباسی ئەکبەری
وەرگێڕانی بۆ کوردی : ســـتار کەریم
بابەت: لێکۆڵینەوەی هونەری
مۆنتاژی کۆمپیوتەر: سەیران عەبدولرەحمان فەرەج
هەڵەچنی: سازان قادر
تیراژ: 600 دانە
نرخ: 2250 دینار
ژمارەی سپاردن: 884 ی 2007
دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم
چاپی : یەکەم ساڵی 2008
کوردستان -سلێمانی
www.serdam.net
www.serdam.info

ویلیام ئێچ.فیلیپس

ســـــیناریۆی کورتە فیلم

وەرگێڕانی بۆ کوردی : ســـتار کەریم
پیاچوونەوەی : ئازاد سەوزە

سلێمانی 2008

زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم
کتێبی سەردەم ژمارە (462)

سەرپەرشتیاری گشتیی زنجیرە
ئازاد بەرزنجی

ناوەڕۆك

پێشەکی	7
بەشی یەکەم : دەستپێکردنی کار	11
1-پەیداکردنی سەرچاوە	12
بەشی دووەم : لێکۆڵینەوەی سیناریۆ و سیناریۆی کۆتایی	35
2-سیناریۆ(فایلی لیۆن)	37
3- دواین سیناریۆکانی (لۆبیای سەوز وئەوبەر)	82
4-ئامانجەکان و ئامادەکردنی سیناریۆ	103
بەشی سێیەم : نووسینی سیناریۆ	137
5-دارشتنی سیناریۆ	139
6-نووسینی سیناریۆ	148
7-نووسینەوەی سیناریۆ	155
دوا وێستگە : دەستڕاگەیشتن بەخوێنەر ، بینەر و گوێگر	184

پێشەکی

ئەم پەڕتووکە بۆ ئەوە نووسراوە، کە یارمەتیدەربێت بۆ ئێوە لەنووسینی سیناریۆی کورتدا، ئەو سیناریۆیانەی کەدەتوانرێت لەئاستێکی ناوەندی و خۆمالّی بەرهەم بهێنرێت. ئەگەرچی زۆربەی پێشنیازو ڕێنماییەکانی ئەم پەڕتووکە بۆ سیناریۆ درێژەکانیش بەکەلّك دێت، بەلاّم زیاتر جەخت لەسەرنووسینی ئەوسیناریۆیانە دەکات کەلەچوارچێوەی سی لاپەڕەیدایە .

خوێنەرانی ئەم پەڕتووکە، بریتین لەسیناریۆنووسە تازەکان و فیلمسازانی داهاتوو، ئەو خوێندکارانەی کەدەبێت سیناریۆی کورت بنووسن و فیلمی کورت ئاماده بکەن .(بەهەمان شێوە ئەگەرلەکاتی خوێندنەوەی ئەم پەڕتووکەدا سەرنج بدەیت زۆربەی زانیاریەکان و ئامۆژگارییەکانی ئەم پەڕتووکە بۆ نووسینی شانۆیی یەك پەردەیش گونجاوە) ئەو کەسانەی کە مەبەستیانە لەچوارچێوەی فیلمی پڕۆفیشنالّی کورتدا کاربکەن ،شێوازی ئەم پەڕتووکە بگرن. یان ئەوکەسانەی مەبەستیانە، کورتەفیلمی درامایی ئاماده بکەن، بەشێوازی ئەم پەڕتووکە زیادەڕۆیی لەدارایی و کاتداناکرێت و بەرهەمێکی پوخت و جوان و بەهێزنمایش دەکرێت. باشترین کورتەسیناریۆکان، بەگشتی کەسایەتییەکی سەرەکی بێگۆڕانیان هەیە، کەلەماوەی زەمەنی کورتەچیرۆکەکەدا (چەند ڕۆژ یان کەمتر) دەبینرێت، ئامانجێکی نادیاریان هەیە، کەلەهەوڵدان بۆبەدەستهێنانی ئامانجەکەیاندا، بەلانی کەمەوە ڕووبەڕووی ڕێگرییەك دەبنەوە. گەرچی فیلمی کورت و درێژ، چەند بەشێکی هاوبەشی زۆریان هەیە، بەلاّم لەهەندێ باری لێکنەچوو و گرنگدا جیاوازن. زۆربەی فیلمە درێژەکان، یەکی دووکەسایەتی گرنگیان هەیە، کە لەماوەی زەمەنی چیرۆکەکەدا دەگۆڕێن ، لەوانەیە:چەند هەفتەیێ،چەند

مانگێ،چەند ساڵ، لەگەڵ دوو یان چەند ئامانجێکی گشتی و ڕێگرییەکی زۆربە سەریاندا سەرئەکەوێ و، هەندێکیان ماوەی زۆریان دەوێ بۆ ئەنجامدانی ئەوکارانە.

سیناریۆی درێژ ئەوەندە ئاڵۆزە، پێویستە زۆربەی سیناریۆنووسەکان، سیناریۆی سەرەتایی خۆیان ،لەسەربنەمای نموونەی سیناریۆ کورتەکانی تر دابڕێژن .هەروەك چۆن پێش ئەوەی ڕۆمان بنوسیت ،وا باشترە کەچیرۆکی کورت بنووسیت ،لەپێش نووسینی سیناریۆی درێژ، باشترە سیناریۆی کورت بنووسیت. بەختی تەواوکردن و تەواوکردنی باش ،لەکاتێکدا ڕووت تێدەکات، کەلەپێش سیناریۆی درێژدا، سیناریۆی کورتت نووسیبێت.

زۆربەی سیناریۆ کورتە کاریگەرەکان، لەسەربنەمای نمایشی تەلەفزیۆنی و فیلمی سینەمایی نەنوسراون، بەڵکو لەسەربنچینەی ڕووداوێك ڕیکدەخرێن، کەنووسەر ئەوانەباش دەناسێت و ئەتوانێت ئەو ڕووداوە بە وەفادارییەکی تەواوەوە،سەر لە نوێ دروست بکات.ئەو ڕووداوە یان ئەزموونی نووسەرە، یان ئەزموونی کەسێکی تر، کەنووسەرەکە باش دەیناسێت.بۆیەدەستهێنانی ئەم ئەزموونانە، سیناریۆنووسی تازە دەبێت یادداشتی تازە بنووسێتەوە و، ڕاهێنانەکانی نووسین ئەنجام بدات، سەیری سیناریۆ و فیلمەکورتەکان بکات. لەپێش نووسینی سیناریۆ، پێویستە بزانیت ئامانجی نووسەر چییە؟ گرنگی ڕەگەزەکانی بینین و گفتوگۆ کامەیە، بەشەکانی چیرۆك چ ڕۆلێکی لەسناریۆدا هەیە. دوایی دەبێت سیناریۆکەی دابڕێژێت، بنووسێت و پیایا بچێتەوە. دوایی لەبەدواداچوونی خوێنەر و گوێگرداببێت، سەرەنجام بەبەرهەمە خۆمالّی یەکاندا بچێتەوە .

نووسینی سیناریۆی کورت

چیرۆکنووسین بەمەبەستی دەربڕینی هەست و ئەزموون ... ئەوەندە بۆ مرۆڤ سروشتی ، گرنگ ، خۆکردە و بیشوێن کاتە ... وەك نقووم بوون لەعەشق و هەلاتن لەترس دا .

ڕۆبێرت کریچتون

ڕەوتی داهێنان و نووسین لا(152)

[1] -ROBERT Crichton

بەشی یەکەم :

دەستپێکردنـــی کار

پەیوەندی ژن و پیاو، هەمیشە لەچیرۆکدا بەکاربراوە و، ئەوحاڵەتانەی لەکۆن بون و ڕۆچونی هێناوەتە ئاراوە، پێویستە لێیان دووربکەوینەوە. بەاڵم ئێوە لەژوربەی حاڵەتەکاندا، ئەتوانن بەپرسیارە بونیادییەکان ڕێگەیەکی ڕاست و دڵنیا بدۆزنەوە : کەلەڕاستیدا چی ڕوویداوە ؟ چ شتێك لەدەوروبەری ئەم کرداڕە، ئەم بیرۆکە سەرەتاییە و ئەم بەرهەمەدایە، کەلەڕاستیدا سنووردابووە بەتاکەکەس ؟ دیارە هەندێ حاڵەت هەن کەلەسەرەتاوە کێشەیەکی بۆ دەکێشرێت، ئەوەندەش جێ ی سەرنجڕاکێشان و باوەڕپێکردن نین. جاری وا هەیە ئەو ئەویندارانەی کەلەکەناری دەریاچەی (پلاستید) دا وەستاون، لەمانگەشەوێکی مانگی حوزەیراندا، کێشەیان لێ پەیدادەبێ. لەوانەیە تۆیتەوێ مانگەکەلابەریت، ناوی دەریاچەکە بگۆڕیت، بۆئەوەی ئەم ئاشتیە سەربگرێت، هەستێکی ناڕەحەت تێکەڵ بەکەسایەتییەکان بکە، هەتاکو چیرۆکەکە ڕەسەنایەتی پەیدابکات .

ستیفن مینۆت

سێ نــەوە ، ل128

---

[2] - Stephen Minot

1
پەیداکردنی سەرچاوە

بیرۆکەی سەرەتایی باش بۆ چیرۆك، لەوانەیەلـە هـەر شـوێنێکدا بەدەسـت بێت...بەلاّم باشترین بیرۆکە لەدرەختی خێزانی دەست دەکەوێت. چیرۆك لەسەرنەمای ئەم بیرۆکەیە،سەرەڕای ئامادەکردنی خۆراکی ڕۆحی ، کەس و کار و دۆستانیش لەیەکتری نزیك دەکاتەوە، دەبێتە پردێك لەنێوان نەوەکاندا. ئالکس هالی بۆ((ئەنجومـەنی نیـشتمانی چیرۆکنووسـی))دەڵێـت : ((ئەگـەرپیرەمێردێ بمرێـت،وەك ئـەوە وایـە کەکتێبخانەیـەك لەناوبچێت.))

دایرك جۆنسۆن[3]

ڕێنیسانسی چیرۆك نووسین لا19

گەرچی سیناریۆنووسانی پرۆفیشناڵ، زۆربەیان سیناریۆی سەرکەوتوو دەنووسن، کەپشتی بەخوێندنەوەی زۆر بەستووە دەربارەی بابەتێکی تایبەتی، بەلاّم تۆیێویستە یەکەمین سیناریۆی کورتی خۆت لەسەربنەمای تاقی کردنەوەی خودی خۆت، یان ئەزموونی کەسێکی تر کەباش بیناسیت دابڕێژیت .

لەماوەی وانە ووتنەوەی سیناریۆنووسی و شانۆنامە نووسیدا، هەندێ خوێندکارم دیوە، کەلەسەر بنەمای ئەزموونی کەسێك کەبەباشی دەیناسن، چەند چیرۆکێکی کاریگەریان نووسیوە. بۆنموونە چیرۆکی یەکێکیان، لەسەرئەوە دارێژرابوو، لەلایەك دایکێکی تەنیا وخۆپارێز وکچەکەی ،- کەلەهەمان ماڵدا دەژین دەچێتە زانکـۆ و،نیـوەی کاتەکـەی

[3] Dirk Johnson

کاردەکات- لەلایەکی تر دەستگیرانی کچەکە، حەز ئەکات کچەکە لەلای ئەوبژی. ئەم نووسەرە هەوێنی کارەکەی دەناسێت، وەك بەرهەمێکی زیندو و بەهێز نوسیبووی. چیرۆکی خوێندکارێکی تر بۆیە بابەتێکی باشی لێ دەرهاتبوو، نووسەرەکەی سەرکەوتووبوو لەپێشاندانی باوەڕپێکراوی وردەکارییەکی هەستە بەهێزەکانی گەنجێك، کەبۆژێکی گەنج سەرنج ڕاکێش بووە، خاسیەتی نەبوونی پشت بەستن بەخود وهەڵس و کەوتی هوشیارانە و توانای ئەوپێشان بدات، سەر ئەنجام بۆتە هۆی هەلاتنی ژنەکە .

ئەزموونێك بەکار بەرن، کەشتێکی جوان لەژیان پێشان بدات، لەکەسایەتی و چیرۆکەوە دەست پێ بکەو، بهێڵە ناوەڕۆك لەم دووانە دروست ببێت. لەناوەڕۆکەوە دەست پێنەکەیت و، پاشان بەدوای کەسایەتی و چیرۆك بکەوی. نووسەر بەدەگمەن لەبیرۆکەی سەرەتایی : بۆنموونە لەکەسێك کە هەم باشە و ئەم خراپ، دەست پێدەکات و پاشان چیرۆکێکی باوەڕپێکراو لەسەرئەوبنەمایە دەنووسێت. دەست پێکردن بەناوەڕۆك و، پاشان نووسینی چیرۆك بەشێوەیەکی گشتی، بەرەو وتاربێژییەکی درامی دەڕوات، نەك خەیاڵێکی باوەڕپێکراو و دارێژراو، لەسەر ئەزموونە بەرجەستەکانی ژیان.

زۆربەی چیرۆکەکان پشتبەستن بەمرۆڤ و، ئەو ڕووداوانەی کەبەبەشێك لەشکستی ژیانی نووسەر ناژمێردرێن. بەتایبەتی بۆ دۆزینەوەی لایەنە باوەڕپێکراوە زیندووەکان، هەندێ لەچیرۆکەکان پشت دەبەستن بەکەسانێکی گەورەتر لەنووسەر، یان لەڕەگەزی نابەرامبەر، یان ئەو کەسانەی کە کارو شێوە ژیانێکی نامۆیان هەیە .

یەکێ لەخوێندکارەکان پوختەی چیرۆکێکی دا بە من، کەتیایدا بەڕێوەبەری کار، فڕۆکەوان و ڕێکخەری بورجی چاودێری، ڕێگە لەڕوودانی کارساتێکی فڕۆکەوانی دەگرن. لێم پرسی کەلەبارەی بەڕێوەبردن، فڕۆکەوانی یان چاودێری فڕین ئەزموونێکت هەیە، ئایا هیچ

کاتێك ڕێی لەڕووداوی فڕۆکەوانی گرتوە؟ لەوەڵامدا وتی: ئەزموونێکی وەهای نییە. پرسیم باشە وشەکان و وێنەکان لەکوێوە دێن؟ بەبێناسینی هەموولایەنەکانی بابەت — کە لە ئەزموونی شەخسی بەدەست دێت، هەندێ جاریش لەئەزموونی کەسێکی تر بەدەست دێت- ڕاستەوخۆ چیرۆکەکە پێمان ئەڵێ: کەلەسەربابەتەکە شارەزاییەکی باشی نییە، لەوانەیە تاماوەیەك کە هەوڵی زیاتر نەدەیت، هەست بەم خاڵەنەکەیت.

ئەو بیرۆکەیە واز لێبێنە، کەپێت وانەبێ کەچیرۆك دەبێت مانا و مەبەستێك بگەیەنێ، وابباشترە مۆڵەت بدەیت کە مانا لەخودی چیرۆکەوە سەردەربێنێ. خۆێندکارێك کەدەیویست چیرۆکێك دەربارەی ڕووداوی فڕۆکە و، ڕزگارکردنی گەشتیارەکانی بنووسێت، پێم وت لەوانەیە وشەکان و وێنەکانیشی لەفیلمەکان و بەرنامەکانی تەلەفیزیۆنەوە وەرگیرابێت، مەگەر ئەو سەرچاوانە کێشەی هەیە ؟ ئەو بابەتەی کەوەریدەگریت هاوسۆزی ژیان نییە، هەتاکو ئەگەر بابەتە وەرگیراوەکەش کاریگەر بێت، بەرگێکی ناڕێك ئەکەی بە بەریاو کاریگەرییەکەشی ون دەکەیت . نیل سیمۆن[4] دەڵێت : ((خەڵك فیلمەخراپەکانی تەلەفزیۆن دەبینێت و دەڵێت : خوای گەورە زۆر ترسناکە . بەڵێ ترسناکە، چونکە ڕەگ و ڕیشەی لەواقیعەتدانییە، ئەمە ئەندێشەی نووسەرێکی خراپە کەبەگریانەیەکی زۆر،لاسایی فیلمێکی تەلەفزیۆنی یان سینەمایی کردۆتەوە، نەك لاسایی ژیان)) . سیناریۆی ئێوە پێویستە لاسایی ژیان بێت، نەك لاسایی لەلاسایی کردنەوەی کەسێکی تر لە ژیان .

هەوالێ ڕۆژنامەش بۆ یەکەم کورتەفیلمی ئێوەباش نییە ، چونکە ئەزموونێك پیشان ئەدات کەتۆ بەباشی ناینناسیت و، لەوانەیە نەتوانیت خۆێنەر یان بینەر ڕازی بکەیت. هەوالێکم لەڕۆژنامەیەکدا خوێندەوە، کەپیاوێك کوڕوکچێکی گەنجی کوشتووە، دەستگیرکراو دانی ناوە بەتاوانەکەیدا.

[4] - Neil Simon

دایك و باوكی كوژراوەكان لەمەراسیمی لەسێدارەدان ئامادە ئەبن، لەدواساتدا تاوانبار داوای بەخشین ئەكات، باوكی یەكێ لەكوژراوەكان بەسەری ئامـاژە دەكات و ڕازی دەبێت ببەبەخشێت! بـاوكی دووەم نایبەخشێت. ئـەم ڕووداوە دەكرێـت لەچـیرۆكێكی دڕێـژدا بەكاربهێنرێت، هەتا ئەنجامی لێ خۆشبوون و نەتوانین لەلێ خۆشبوون، پێشان بدات. لەگەڵ ئەوەشدا بەدەگمەن نووسەرێك هەتا نووسەرێكی پسپۆڕو شارەزاش، ئەتوانێت ئەوڕووداوانە لەڕۆژنامـە وەربگرێ و لەسیناریۆ داجێگەیەكی پێ بدات و، ئێمە بەتەواوی ڕازی بكات، كەباوەر بە ڕووداوەكانی بكەین؟ ئەم سیناریۆیە خاڵییە لەلایە نە گونجاوەكان. ڕاپۆرتی ڕۆژنامـە وەك سەرچاوەی كارای سیناریۆنووسی كارێكی باش نییە،چونكە ئەوجۆرە ڕووداوانە زۆربـەیان بەهەنـدێ حاڵەتـەوە خـەریك دەبـن، كـەناتوانرێت هۆكـارو ئەنجامـەكەشـی تێبگەیت.(ئەتوانیت ڕاپۆرتی سەرنج ڕاكێشەكانی ڕۆژنامـە كۆبكەیتەوە، هەندێ جار سوود لەوانە وەردەگرێت بۆ بڕگەكانی سیناریۆ).

دەبێت لەو ڕووداوانەی كە زۆر تووندوتیژن ،یان لەڕادەبەدەر سێكسین دووركەویتەوە. ڕۆژێك لەپاركی شار پیاسەم دەكرد، گوێم لەهاوارێك بوو شەڕێكی تووندبوو، بەجۆرێك كەهەتا لەنیۆیۆرككدا كەسێك كەمتر گرنگی بەكێشەیەكی وەها ئەدات، ئەم شەڕە چەند كەسێكی لەخۆی كۆكردبۆوە و سەرنجیانی ڕاكێشابوو ! پێنج خوولەك دوای ئەوە لەهەمان پاركدا، ژن و مێردێك لەسەرچیمەنەكە ڕاكشابوون، لەگەڵ یەكتری قسەیان دەكرد ئەم دیمەنەش ئاسایی بوو، بەڵام سەرنجی ڕادەكێشا ؟ تووندوتیژی یان هەڕەشە بۆ تووندوتیژی و پەیوەندی هاوسەرێتی سەرنج ڕادەكێشن. ئەمە ئێوە دەیزانن و فیلمسازانیش لەسەرەتایی مێژوی سینەماوە زانیویانە. شێوازی كار ئەوەیە كە بە هوشیارییەوە، تەنیا لەحاڵەتێكدا دەبێت سوودیان لێوەربگری، كەلەگەڵ كەسایەتییەكانی ناوسیناریۆكە بگونجێنرێن. ئەم

ئاگادارکردنەوە لەبارەی گفتوگۆی ناشایستەش ڕاستە، ئەگەر ئەم کارە لەگەڵ کەسێتی و شوێندا گونجاوە سوودی لێوەربگرە، بەڵام ئەوە فەرامۆش نەکەیت کەجنێوو قسەی ناشرین تووندوتیژی زارەکییە. لە((سێ نەوە))دا ، ستیفن مینۆت ، پەیوەندی ژن و مێردایەتی و تووندوتیژی لەگەڵ قۆڵتاژی کارەبایی بەراورد دەکات، تەلێکی باریك قۆڵتاژێکی زیاد لەسنوری خۆی هەڵناگرێ و دەسوتێ.

هەرچەند چیرۆك کورت تر بێت، بتەوێ دراما، یان نمایش بۆتراژیدی خێزانی، یان کۆمیدی نەخواستراو نەگۆڕدرێت، دەبێت قورساییەکی کەمتری بخەیتە سەر. (فیلمی سینەمایی وەك کێبڵێکی ئەستووری کارەبایی وایە ، کەئەتوانێت قۆڵتاژێکی تووندوتیژ وپەیوەندی هاوسەرێتی زیاتر هەڵبگرێ) .

یەکێ لەفیلمە کورتەکان، کە هەوڵ ئەدا قۆڵتاژێکی زۆرتر هەڵبگرێ (میوەی نامۆیە). لەم فیلمەدا ڕووداوەکانی لەماوەی سالّی 1948 لەشارێکی بچوکی جۆرجیا ڕووئەدەن:

1-قەشەیەکی ڕەش پێست، ڕەش پێستەکان لەدژی بیروبۆچوونی فەرماندەی پۆلیس کە سپی پێستە هان ئەدات، قەشەکە حەز ناکات ئەوان دەنگ بدەن لەدەنگداندابەشداری بکەن.

2-کەسایەتی سەرەکی – پیاوێکی گەنج و ڕەش پێست – تەرمی لێپرسراوەکە ئەدۆزێتەوە .

3-کەسایەتی سەرەکی و هاوڕێکەشی، کەلەلای لێپرسراوەکە خوولی فێربوونیان وەرگرتووە، هەتا تاقی کردنەوەی تایبەت بەدەنگدان بۆ هەڵبژاردن ببەن بەڕێوە، خەریکە لەتەقینەوەیەکدا لەناوبچن .

4-کەسایەتی سەرەکی، لەدوای هەوڵدان بۆ تۆمارکردنی ناوی دەنگدەران، ڕووبەڕووی هێرشی کۆمەڵێك سپی پێست دەبێتەوە، قۆڵبەست دەکرێت و بەتاوانی فێڵ وگری دەخرێتە زیندان .

5-کەسایەتی سەرەکی، لەدوای ئازادبوونی لەزیندان، جارێکی تریش تووشی هێرش ولێدانی کۆمەڵێك سپی پێست دەبێتەوە .

6-دایکی، کەسایەتی سەرەکی لەحاڵەتێکدا دەدۆزێتەوە، کەبەدارێکەوە هەڵواسراوە .

7-دووسپی پێست، لەکاتێکدا کەلەپشت هۆڵی کلێسای ڕەش پێستەکانەوە وەستاون، کە مەراسیمی ناشتنی تەرمی کەسایەتی سەرەکی بەڕێوەدەچێت، بەاڵم ڕەش پێستەکان ئازایەتی نیشاندەدەن و بەرگری لەخۆیان دەکەن .

لەوانەیە ئەم ڕووداوانە لەساڵی 1948 داڕوویان دابێ، بەاڵم لەفیلمێکی 32خولەکیدا جێگەی قبوڵکردن نییە. کورتە فیلمی (میوەی نامۆ)، بەئەندازەی فیلمێکی سینەمایی پڕ کێشە وتوندوتیژ دەردەکەوێ، ئەگەرچی ڕۆڵەکان ، وێنەگرتن ، مۆنتاژ باشە و هەندێ جارپڕ جوولەیە ، بەاڵم کاریگەرنییە، لەبەرئەوەی قۆناغێکی لەڕادەبەدەر خراوەتە سەرتەلێکی باریك. نمایشی لەڕادەبەدەر زۆر زوو دەبێت بە فیلمێکی زۆر ڕێژەیی و ، کەم و زۆر نائومێد و بێزارکەرە.

سوود لەئەزموونی زۆر نوێ، یان زۆربێزارکەرەکان وەرمەگرن، چونکە زانیارییەکی باشتان لەسەرئەوانە نییە. نووسەر و دەرهێنەرێك بەناوی (دیویدسلتزر) وتویەتی :((من گرنگی بەیادەوەری ئەدەم...بەاڵم حەز ئەکەم بەئەندازەی پێویست لێی دوورکەومەوە، هەتا بتوانم ئەوە وەك چیرۆکێك تاقی بکەمەوە، نەوەکو ژیانی ڕاستەقینە. لەم حاڵەتەدا ئەتوانم یەر لەو کەسایەتییانە و ئەو ڕووداوانە بکەمەوە، کەبەسەریاندا دێت)) بۆنموونە مردنی

خۆشەویستێك، یان جیابوونەوە لێی بابەتێکی زۆرچاکە، بەمەرجێك کاتێکی تەواو تێپەڕێت، هەتا بتوانیت تاقیکردنەوەیەکی بێ لایەنانە ببینی .

ئەگەر دەربارەی ئەزموونێکی تازەی ناخۆش دەنووسیت، لەهەڵبژاردنی ڕووداوەگرنگەکان و ناگرنگەکاندا، دۆش دادەمێنی. یان کاتێك خوێنەر یان بینەر، کاردانەوەی خۆی بەرامبەر بەکەساییەتیەکان بەتۆ بڵێت، ئەوە بەشەخسی ناودەبەی. بەهەمان شێوە کە مارشا نۆرمان ڕێنمایی دەکات:[5] (دەربارەی ژیانی ڕاستەقینەی خۆت نەنوسیت، چونکە هێشتا بەتەواوی نازانیت دەربارەی چییە . دەربارەی ڕابردووی دوور بنوسیت ؟ دەربارەی شتێك بنوسیت کەتۆ دەترسێنێت؟ یان شتێك کەهێشتا واخەیاڵ دەکەیتەوە کەمێ وێژدانانەبووە، یان شتێك کەنەتوانیوە لەوماوەیەدا فەرامۆشی بکەیت؟))

هەروەها خۆت دوورخەرەوە لەو ئەزموونەترسناکانەی، کەهەنگاوت بۆناوە. ڕاوودوونان و سەرکێشی ئوتۆمبێل، تەقینەوە، کەوتنەخوارەوە، تەقەکردن، چالاکی خۆهەڵواسین بەسەرشەمەندە فەر و،لێکدان و پیاهەڵپژان بۆ فیلم، بەتاقیکردنەوەیەکی ترسناك دادەنرێت، بۆ ئەو فیلمسازانەی کەپرۆفیشنالێ نین، بەدیهێنانی ئەو ڕووداوانە دەبێتە کێشەو، لەڕاستیدا دەبنەجێگەی پێکەنین .ئەم کردارانە بۆ کەسانی پرۆفیشنالێ بەجێبهێڵە. بەڵگەیەکی تری خۆ دوورخستنەوە لەم جۆرە کارانە،کەبەگشتی لەفیلمە پڕجوولەکاندا باوە، ئەوەیە کەدەیێت لەسەرەتاوە سیناریۆ لەسەربنەمای ئەزموونی کەسێتی و ژیان بێت .

ئەزموونێکی تریش کەوەك بابەت بۆ چیرۆکەکەت گونجاونییە، بەسەرهاتی باوەڕپێنەکراوە، چی ئەیێت ئەگەرلەفیلمێکی کورتدا، ژێێك پێشان بدرێت کەلەکاتی دزینی چەکدارانەدا،گوللەی بەردەکەوێت .کاتێك پزیشکەکان بۆ نەشتەرگەریی ئامادەیی دەکەن . ئەو گوللەیەی کەپاڵتۆخز و کراسەچەرمییەسێقەوەکەی بڕیوە دەکەوێتە خوارەوە ! دایکی ئەو ژنە

[5] - Marshanorman

کەبەشــەمەندەفەر بەرەومالّــەوە دەڕوات، دەنگــی میّردمنــدالێکی چواردســالّە دێتــەگوێی هــاوار دەکــات: ((هەرئێــستا بەفیــشەك تەقــەیان لــەژێك کــرد)) دایکــی ژنەکــە لەوێــستگەی شــەمەندەفەرەوە هــەتا ڕێــستۆران چــاو دەگێڕێــت، دوایــی دایکــی ژنەکــە لەشــەقامەکە، لاوەکــە بــەوێڵی دەبینێــت ،پۆلیــسەکان میّردمندالّــەکان دەگــرن. بەڕێکــەوت ئەوپۆلیــسەی کەمیّردمندالّەکــە دەســتگیردەکات، دراوســێ ی کــچەگوللەلێدراوەکەیە، وای دابنــێ ئــەم ڕوودارەت لــەفیلمێکی کورتدا بینیوە. بینەر باوێشك ئەدا و بێزار ئەبێت وانییە ؟بەجۆرە وەك واقیع وایە.

ئەم ڕووداوانە ڕووئەدەن، هەمووماڵان ئەو ئەزموونانەمان هەیە، کە قبوڵکردنیشیان زەحمەتە، هەروەها ئاگاداری کەسانی ترین لەوجۆرە ئەزموونانە. سودوەرگرتن لەوانەلەچیرۆکدا دڵەڕاوکێ ئامێزن، چونکە سەرنج ڕاکێشن بەڵاّم ئەگەرلەچوارچێوەی چیرۆکداپێشان بدرێن، گوماناوی دەبن. بەهەمان شێوە ئەو ڕاپۆرتەی سەرەوە پێشانی ئەدات، ڕوداوی ڕاستەقینە لەزۆربەی حاڵەتەکاندا، سەرسوڕهێنترە لەچیرۆك و باوەڕپێکردنیشی قورس ترە. ئێوە دەبێت چیرۆکێك بگێڕنەوە کەبینەر باوەڕبکات، چیرۆکێك کەپرسیارەکانی دەربارەی لێکچونەکانیشی لەگەڵ واقیعیەت، سەرلێشوێنەر نەبێت. بێسودە کەلەچیرۆکێکی مەحاڵدا بە ڕستەی ((بەڵاّم ئەمەسەرچاوەکەی لەواقیعەوەیە)). بەرگری بکەیت. گرنگ نییە ئەم بەسەرهاتە ڕووی داوە یان نا، گرنگ ئەوەیە کەئایا ئەمەشایەنی باوەڕپێکردنە یان نا ؟

بەکورتی، کورتەفیلم دەبێت لەیەکێ لەئەزمونەباوەڕپێکراوەکانی تۆوە سەرچاوەی گرتبێ، کەلەڕادەبەدەر توند یان نوێ نییە . هەرەوها دەبێت لەقسەی ناشرین و بەسەرهاتی پڕ ترس و توندوتیژانەو بێ سەرەوبەرەیی دوور بێت. ئەگەرچی سیناریۆکانت دەبێت بەئەزمونێك دەست پێبکەیت، کەبەباشی شارەزای بیت. بەڵاّم کارەکە تەنیا لێرەدا کۆتایی نایەت، ئەم تاقی کردنەوەیەت دەبێت بگۆڕێ بە(بابەتی) سیناریۆیەکی چیرۆك ئامێز.

زۆربەی کاتەکان، خوێندکارەکان لەیەک دوولاپەڕەدا ئەزموونی خۆیان دەنووسن و، پێشانی منی ئەدەن، بەڵام نازانن بەچ شێوەیەک بیکەن بەچیرۆکێکی تەواو و پێ کەموکوڕی. یەکێ لەخوێندکارەکان نووسینێکی پێشاندام کەناوەڕۆکی بابەتەکەی باش دەناسێت : پیاوێك کەلەهاوسەرەکەی جیابۆتەوە، لەدوای بینینی ژنەکەی و منالەکانی مالەکە بەجێ دەهێڵێ، لەدوای ڕۆیشتنی باوك، یەکێك لەکچەکان بەڕێکەوت پەردەیەك ئەسوتێنێ و حاشا لەکارەکەی دەکات. دایکەکە بەجیا یەکە یەکە لەمنالەکانی ئەپرسێتەوە، کچەکە دان ئەنێ بەکارەکەیدا. ڕووداوەکان بەرجەستەیی پێشان درابوون، بەڵام تەنیا گێڕانەوەیەکی ڕووت بوو کاریگەری پێویستی نەبوو. پێشنیازم بۆ ئەوخوێندکارە کرد کەناوی کەسایەتییەکان بگۆڕێت، یەکێك لەم حاڵەتانەی خوارەوە لەبەرچاوبگرێت : کچەکە لەبەرئەوەی پەردەکەی سوتاندووە، کەوتۆتە ژێرکاریگەری باوکی و لاساریی کردووە ! لەجیابوونەوەی دایك و باوکی تووڕەو بێتاقەت بووە و، کەمێك خۆی بەکەمتەرخەم زانیوە، لەبەرئەوە بووە کەپەردەکەی سوتاندوە! لەدوای دانپیانانی کچەکە، باوکەکە دەگەڕێتەوە و گوێ بەم ڕووداوە نادات؟ کچەکە بۆ ناڕەزایی دەربڕین بەهەڵس و کەوتی باوکی و بۆپشتگیری لەدایکی ئەم کارەی کردووە! منالەکانی تر لەکچەکە تووڕە دەبن ،چونکە ئەو بۆتەهۆی ئەوەی کەدایکیان لێپرسینەوەیان لەگەڵ بکات و قسەی لەگەڵ ناکەن، چونکە پەردەکەی سوتاندووە ! دایك بەبێزاربیەوە دەڕوات چونکە تووڕەیە، (بوونی باوکیان ئەوی تووڕەکردووە، لەوانەیە لێپرسراوێتی خێزان مێشکی هیلاك کردبێ و،لەوانەیە تائێستاش هاوسەرەکەی خۆشبوێت و حەزبکات بگەڕێتەوە لایان؟))دایکەکە لەکچەکەی خۆش ببێت، بەڵام هەڵس و کەوتی ئەوپێشان ئەدا کە هێشتا تووڕەیە- یان مێشکی لای باوکیانە-!

هەروەها پێشنیازی ئەوەم بۆ کرد، کەهەندێ کێشمەکێشی لەبار بۆ سەرەتایی چیرۆکەکە زیاد بکات و، هۆکارو ئەنجامی سووتاندنی پەردەکەی پێشان بدات. گفتوگۆکانی تر و هەڵس وکەوتە دیارەکانی خێزانەکە، زانیاریی زیاتری لەوانە ئەدا بەدەستەوە، کە مۆڵەت

بەئێمەئەدات هەندێ لەگرێ و کێشەکانیان بگەین. نووسەر پێویستە بپرسێت :چی ئەێت ئەگەر ... دوایی ببینێت ،چ زانیارییەك لەکەسایەتییەکان ئاشکرا دەبێت .

دۆزینەوەی ئاسۆی ئەزموون، گۆڕینی ناوی کەسەکان و دانانی گۆڕانکاری تری وەك، لابردنی کەسایەتییەك یان زیادکردنی ڕووداوێکی خەیاڵی بەسوودە. لەم حاڵەتەدا، نووسەر چیرۆك دەخوڵقێنێ، نەوەك ڕاستەوخۆ گۆشەیەك لەژیان پێشان بدات. کەم ڕێك دەکەوێت هەندێ لەبەشەکانی ژیانی کەسایەتی، بەئاسانی سیناریۆی باشی لێدەربێت، واقیعەت زۆر ناجێگیرە ڕووی دیاریکراوی شاراوەیە، تاقیکردنەوەی سات بەساتی ئەوە بۆ بینەران بێزارکەرە. بەوتەی ئەلفرێد هیچکۆك: فیلم ژیانە،بەبێ بەشە ماندووهێنەرەکانی. نووسەرە سەرکەووتوەکان دەزانن چۆن کلك و گوێ ی ڕووداوەکان بکەن، بیگۆڕن، جارێکی تر ڕێکی بخەنەوە وکەسایەتی تازە دروست بکەن، یان بیگۆڕن. سەیر نییە کە فیلم ئەوەندە تایبەتە، فیلم شتی زیاترپێشانی ئێمە ئەدات، فیلم بەجێگیرییەکی زیاتر و زۆرخێراتر لەژیان، شتەکانمان نیشان دەدات. نووسەر بەچ شێوەیەك چیرۆك دەخوڵقێنێ ؟

سەیری نموونەی (1) بکە.

چیرۆک ـــــــ ئەندێشە + ئەزموون

کاروکرداری هەڵبژێردراو زیادکردن بێ وەستان وبەدوای یەکدا

ڕێکخراو ، لابردن ، بە ڕێکخراویی زەمەنی،

بەپێی پێویست بە ڕێکخستنی زەمەنی، گۆڕین وگۆڕکاری ، بڕ لەوردەکاری دەرەکی

بە ئاسایی بەبێ بەردەوامی ، سەرلەنوێ ڕێکخستنەوەی ناگرنگ و گرنگ.

زۆربەی وردەکارییە ناگرنگەکان لابراوە،

بەشێوەیەک کە وردەکارییە گرنگ و نموونەکان بەرجەستە بنوێنێ .

نموونەی (1) خولقاندنی چـــیرۆک

دیقید هادل دەنووسێت: ((کاتێ مرۆڤ شتێك دەنووسێت، ئەوە ئەدۆزێتەوە کەشتێك بەشتێکی تر کۆتایی دێت. هەروەها سەرنجی ئەوەدات کەلەکاری نووسیندا، ئەتوانێت زۆر لەبەشەکانی ژیانی خۆی، کەلەبیریدانەماوە دابڕێژێتەوە! ئەتوانێت هەموو پێکەنینەکانی ژیانی خۆی بدۆزێتەوە. یەکێك لەهاوڕێکانم دەیگووت : ((هەموشتێك ئەگەڕێتەوە بۆجێگەی خۆی.)) دەستی خستەسەرپشتی سەری، ئەگەر تۆ بیر لەپەردەی ژووری خەوتنی منالێت بکەیتەوە، لەسەداسەد دێتەوە یادت کەسەوز بووە و، بۆنێکی شێداری تایبەتی هەبووە ... دایکتان ئەوپەردەی دووری بوو بۆتۆ وبراکەت، لێفەیەکی وەکو یەکی دووری بوو، کاتێك لەپشت مەکینەی دروومانەکەوە دادەنیشت و، کاری دەکرد لەگەڵیا قسەت دەکرد و ... و،و،و...)) .

پێش نووسین دەبێ دیاری بکەیت، کەچ کاتێك بنووسیت، کاتێك ئارامیت بنوسە. ((خۆبەدەستەوەدان تارادەی خەوی شەوانە لەگەڵ گێڕانەوەی تواناکانی هزری، جۆشدانەوەی هزرتان ئەوەندە بەهێزئەکات، کە مرۆڤ والێ دەکات دیدگای خۆی بگۆڕێ و، نموونە باوەکانی بیرکردنەوە بشکێنێ.)) لەبەر ئەوە کاتێك هەست بەئارامی دەکەیت بنوسە، نووسینی باش باشترین بارودۆخی جەستەیی و ڕۆحی تۆ دەخوازرێت. تۆ دەبێ کاتێك بنوسیت کەهزرێکی خوڵقێنەر وباشت هەبێت ! بەیانی (ئەگەر بەیانیان کاردەکەیت)، یان شەو،(ئەگەرشەوان سەرچاوەی خوڵقاندن دەجوولێت). ئەگەر کازیوە هەڵبستیت بەلایەنی کەمەوە نیو کاتژمێر زووتر لەخەوهەڵسیت و، لەپێش گفتوگۆکردن لەگەڵ کەسانی تر ، یان خوێندنەوەی پەرتووك، یان گوێگرتن لەڕادیۆ، یاسەیرکردنی تەلەفزیۆن دەست بکەیت بەنووسین. ئەگەر شەوانە کار دەکەیت، هەموشەوێك نیو کاتژمێر بە بەردەوامی بنووسە .

نووسین لەدوای وەزش زۆر بەسوودە . هنری دەیڤد تۆریۆ[6] لەم بارەوە لەگۆڤاری 19ی ئابی 1851 دەنوسێت : ((نووسین چەند بێهودەیە، لەکاتێکدا کەهێشتا بۆ ژیان نەکەوتوویتە سەرپێ ! بەبڕوای من ئەو کاتەپێکانم دەست بەجولّە دەکات، کەبیرکردنەوەشم لەجولّەدابێت. دەڵێ ی سەرم ناوە بەدامێنی فوارەکەوەو بەتوندی فووی پیا ئەکەم، لەئەنجامدا سەرچاوەی ئاو لە سەرەوەی فوارەکە دێتەخۆش! نووسین کەلەڕاهاتنەوە دروست دەبێت، میکانیکییە و وەکو داربێك وایە کەتوانایت سەرئەخا)).

لەوبارەوەی کەوەرزش خوڵقاندن دەبزوێنێت ،پێش ماندووبونی کاری ڕۆژانە پەیڕەوی بکە . ڕابکە ، مەلەبکە ، یاری هەڵگرتنی کێش بکە ، یان هەر وەرزشێکی تر ئەنجام بدە . چاك لۆچ[7] کەدەربارەی دەروونناسی لێکۆڵینەوەی نووسیوە دەڵێت : ((هەرکارێکی دووبارە

[6] - Henry David
[7] Chack Loch

بۆوە لەڕووی جەستەیی، دەبێتە هۆی لادان، یان نەمانی ئارامی و بێزارکردن)) . لەکاتێکدا کەوەرزش دەکەیت، ئەتوانیت زنجیرەیەك وێنەببینیت و چەندین بیرۆکەو وزەی تایبەتی بەدەست بێنی: لەوانە ئەو هەست و یادەوەرییانەی کەلەبەرچاوی تۆ ونبوون بێتەوە هۆشت ،ئەگەرلەکاتی وەرزش کردندا بیرۆکەیەك هات بەخەیالّتا، یان هەولّبدەیت ئەوەی کەئەتەوێ بینوسیت بێتەوە یادت، یان ڕیکۆردەرێکی دەنگیت کردۆتەوە دەنگی خۆت تۆماربکەیت، یان وەرزشەکە وازلێبێنە و بنوسە. ئەگەرچی هەلّبژاردنێکی سەختە، بەلاّم لەونکردنی شتێك باشترە، کەئەتەوێ بینوسیت.

باشترین تاقیکردنەوە لەشێوازی لەبەرکردن، لەنووسینەوەی وشەکان یادەوەرییەکانی ڕۆژانەیە. ئەگەرپەڕاوی یادەوەرییەکان لەناومحفەزەیەکدابێت، ئەتوانیت زۆر بەباشی هەربابەتێك بتەوێ تیابنوسی و بگەڕێتەوە سەری و، بەشێوەیەکی تر ڕێکی بخەیتەوە، ئەگەر بە کۆمپیتەر دەنووسیت، نوسخەیەك لەنووسراوەکان ئامادە دەکەیت و لەناو مەحفەزەکەدا هەلّیدەگریت، پەڕاوی یادەوەری و پرۆسەی ڕاهێنانەکانی نووسین، کەدەبێتە دارشتنێك هێلّێکی لەنێواندا بکێشە، هەتا شوێنێکی هەبێت بۆپیاچوونەوە. هەندێ لەنووسەرەکان بەتێکەلاّوی و قەرەبالّغی و بەبێ میانە دەنووسن و، شوێنێك بۆپیاچونەوە ناهێلّنەوە، لەبەرئەوە پیاچوونەوە ناکەن چونکە لاپەڕەکە جێگەی تیانەماوە ! ئەم بیانووە بخەرەلاوە، لێرەدا نموونەی یادەوەرییەك دەهێنمەوە بەناوی ((ئەو ڕۆژەی کە باوك ڕۆیشت))، نووسینی یەکێك لەخوێندکارەکانم بەناوی میلیندا کورن وێلّ[8] : ئێمە لەگەلّ دراوسێیەکی بیانی کەهەموو ڕۆژێك سەری ماسی چاك دەکرد، لەماڵێکی دوو ئامێری دیوارەکانی سەوزێکی کالّ و تاقمی دانیشتنی سپی، بەهاوبەشی دەژیاین. ئەمە دایکم دەیووت تائێستاش دەنگی لەگوێمدا دەزرنگێتەوە کە: ((من بیستم بیل، بەلاّم ئیتر ناتوانم بڕوا بەقسەکانی تۆبکەم.))

[8] Melinde Cornwell

ئوتۆمبێلە دوو دەرگا سپی و پیسەکەی پڕ کرد لەکەل و پەل جانتایەکی بەرگ شەترەنجی کەهەموو شتێکی پیاوانەی تیادانا بوو، گوێزانی ڕیش تاشین، چەقۆی بچوکی گیرفانی، پاکەتەجگەرە بێ فلتەرەکانی دەستی بەسەرقژە کورتەسەربازییەکەیدا دەهێنا، بۆنی جگەرە و سابون و بیرە دەهات ئەو وتی : ((ئێستا باپیرەت ماچ بکە.)) یەکێك ئەوی ماچ کرد هەستم دەکرد کەمن نیم، دەیبینیت هەموشتێك دەرکەوتبوو، کارێك لەدەستم بەرهەم نەهات و نەشم توانی شتێك بڵێم، هەتا ڕێ لەڕۆیشتنی بگرێت، هەتا لەوانەبوو سەرم بێتە ئازار، لەبەرئەوە چەند ساتێك بەوشێوەیە ترساو وتۆقێنەر لەجێ ی خۆم مامەوە! ((کەگەیشتم چاکەتێکی نوێت بۆدەنێرم))، ئێسقانی مەچەکی یازدە سالّەم لەقۆڵی چاکەتم دەرپەڕیوو، پانتۆلّە شڕە سەوزە ئاوریشمیەکەم پاك کرابۆوە.

دیارە ئەو هەرگیز چاکەتی بۆ نەناردووم، هەرچەندە دلّم بۆگلەیی و گازندە نەبوو، بەلاّم هێشتا واهەست ئەکەم کە بەشێك لەبوونم لەوجانتا شەترەنجییەدا بەماندوێتی ماوەتەوە و، بەو ئوتۆمبێلە سپیەپیسەبراوە.

هەوڵ بدە لەیادداشتەکانتا، سێ بابەت نیشانەبکەیت: یەکەم وای پێشانبدە کەخەڵك قسەدەکات و کاردانەوەی بەرامبەریان هەیە، ئەوە بنووسە کەمرۆڤەکان چی ئەڵێن و چی ئەکەن، بابەت ژیانە و دایك هەمان چیرۆکە بۆ ئەوەی کەیادداشتەکانی ڕۆژانەی خۆت بەزیندوێتی بپارێزیت، کات و شوێنی بەتەواوی دیاری بکە، سەرنجی بدە کە یادداشتی سەرەوە بێجگە لەپەرەگرافی کۆتایی چەند تاقیکردنەوەیەك بکە، کەتەنیا کاتژمێرێك یان لەو سنورەدا ڕووی داوە، بەسەرهاتەکە لەتەلارێکی دوو قاتی یانزیکی ئەو تێ ئەپەڕێت .

دووەم پێشانی بدەیت نەیەڵێت بۆنموونە نەنوسیت ئەوەی کەئەتەوێ بینوسی تراژیدییە یان کۆمیدییە، بەڵکو بەجۆرێك بینوسیت کەخودی چیرۆکەکە تراژیدییە ، یان کۆمیدییە .

خوێندکارێك یادەوەرییەکی نووسی، کەگۆڕستانێکی دەر ئەخست کەلەوێدا بەتەمەنەکان بەجیا ڕاوەستابوون و، خراپەکانی یەکترییان دەرهێنابوو. لەکاتێکدا منالّەکان ڕایان دەکرد و گولّەکانیان بەسەرئەو گۆڕانەدا دادەنا کەبەتەمەنەکان بەتێکشکاوی و دلّتەنگی لەدووری ئەوانەوە ڕاوەستابوون! بەدبەختانە نووسەر شتێکی ڕوون کردبۆوە کەدیمەنەکە خۆی پێشانی دابوو، لەوەی کەمندالّەکان نوێنەری ژیان بوون بەجۆرە ڕوونکردنەوەیەکی ناخۆش بۆ خوێنەر دادەنرێت.

لەنووسینی یادەوەریدا، سوود لە وشەی ئاشکرا وەربگرە، نموونەی وشەی نارێك یان ئالّۆز وشاراوە وەك : جوان،بەرز،بەزۆری،ئازا. بۆنموونە بەگفتوگۆ یان ڕوونکردنەوە دیمەن پێشان بدە، کە شتێك یان کەسێکی جوانە. لەدەقی خۆتدا باسی ئەوە نەکەیت کەفلاّن کەسایەتی، گۆرانی بێژ دەخاتە ژێرکارییگەریەوە. سوود لە وشەی تایبەتی وەربگرە کەچۆنیەتی ئەزموونەکەت پێشان ئەدەن و، ئەوە چۆن دێنە بەرچاو، خوێنەر دەبێت لەدە قەکەی تۆ دا چیت لەمێشکدایە، ببینێت و ببیستێت .

ئەوجۆرە نووسینانەی کەدەبێت لەپەڕاوی یادەوەریدا بینووسیت، بریتین لەمانە:

1- لە گفتوگۆکاندا دیاری بکرێن، کەکەسایەتیەکان چ جۆرێکن .

2-ئەو ڕووداوەی کەتۆی خستۆتە ژێرکاریگەرییەوە، بۆنموونە سکالاّیەك کەتۆ شایەدی بوویت، هەڵوێستێ کە خەڵك بەرامبەر بەوە هەیانە و، ئەو گفتوگۆیانەی کەتۆ لەپێش هەموویانەوە بیستوتە .

3-کورتەی ئەوچیرۆکانەی کەچۆنیتی هەڵس و کەوتی خەڵکی پێشان نەدەن .

4-ئەو تاقیکردنەوانەی کەبۆ یەکەمین جار،شتێکیان فێری تۆ کردووە دەربارەی خەڵك،(خیانەتی باشترین هاوڕێ) .

5-ئەو نووسینانەی کە لەسەرهەڵس و کەوت داڕێژراوە، بەرامبەر بەڕاهێنانەکانی نووسین، کەلەبەشی دوایداپێناسە کراوە.

بەبڕوای هەندێ لەنووسەران گرنگ ئەوەیە دەبێت ئەوانە بڵێیت بـەخێرایی لەسەرکاغەز بینووسی. هەند یەکی تر وەك ، ۆدی ئالن[9] دەڵێن کە: مرۆڤ شتە باشەکانیان دێتەوە یاد، هەندێکی تریش سوودلە ڕیکۆردەری دەنگی بچوك وەردەگرن هەتابەلایەنی کەمەوە، بەشێك لەیادەوەری ڕۆژانە تۆماربکەن. بەڵام بەم ئامێرە مرۆڤ هەڵدەبژێرێت و تۆماردەکات، ناینووسێت ئەوە لەبیرمەکە، ئەگەرحەزت کرد پەڕاوێ یادەوەرییەکانت بێجگە لەخۆت هیچ کەسێکی تر نەبخوێنێتەوە، بەردەوام بنووسە، لەوانەیە لەئەنجامدا بەشێك یان چەند بەشێکی بەسوودلەیادەوەرییەکانت بۆسیناریۆی داهاتووت دیاری بکەیت. یان لەوانەیە چەند بەشێکی جیاجیای پێکەوە ببەستێت و دیمەنێك یان چیرۆکێکی لێ دروست بکەیت، هەتا بەجیا لەم شێوەیە دەیبینیت و دەییبستیت و دەنووسیت و، خۆت دروست دەکەیت.

ڕاهێنانەکانی نووسین

ڕاهێنانەکانی نووسین کەبونیادانەتر لەیادەوەری ڕۆژانە،نەوەك تەنیا توانایی تۆ زیاتر دەکات، بەڵکو یارمەتیدەرە بۆ بەدەستهێنانی دەستمایەیەك بۆ سیناریۆ. ئەم دە ڕاهێنانەی خوارەوە، پێویستە لەدەفتەری یادەوەریەکانتا بپاریزرێن و جارێك بخوێنرێنەوە :

1-خۆبەخۆ نووسینی چڕوپڕ دەربارەی تاقیکردنەوەیەکی خۆت، یان تاقیکردنەوەیەك کەباش شارەزایت خێرا بنووسیت، هەرچییەك دێتەخەیاڵتان بنووسیت، بێ ئەوەی کەنیگەرانی دروستکردنی ڕستە، ڕێزمانی زمان، یان ڕێنووسی وشەکان بیت، نیگەرانی نووسین نەبیت

[9] Woody Allen

کەلەئایندەدا بۆ تۆ بەسودە یان نا؟ نووسینی خۆت نەنرخێنرێت لەکاتی نووسیندا، پیاچوونەوە نەکەیت تەنیا بنووسیت، کاتێ سەلیقەت کەم بۆوە چەندساتێك پشویەك بدەو، دوایی سەرلەنوێ بنووسە .

ئەگەر بەکۆمپیوتەر دەنووسیت ئەم ڕاهێنانە لەکاتێکدا ئەنجام بدە ،کە مۆنیتەرەکەت خامۆش کردووە، یان ڕووناکییەکەی ئەوەندە کزبکەیت، کەلەکاتی نووسیندا هیچ شتێك لەسەر ڕووی شاشەکە نەبینیت. بەم ڕێگەیە هۆش و هەستتان کەمتر دەڕوات، کەمتر گرفتاری بیرکردنەوەی خراپ دەبیت، کەمتر لەبیری پیاچوونەوەدا دەیت، بیرۆکەی خراپ یان پیاچوونەوە، سەرچاوەی خولقاندن لەکاتی نووسین وشك دەکات .

کە کارەکانتان تەواوبوو نووسینەکەت چەند ڕۆژێك هەلبگرە و، لەدوای چەند ڕۆژێك نووسینەکە بخوێنیتەوە، بە ئەگەرێکی زۆر هەندێ لەبەشەکانیان کاریگەر دەیت، لەوانەیە بەو جۆرەش نەبێت یان بەلانی کەمەوە لەئێستادا بۆچوونی تۆ وایە، ئەم ڕاهێنانە یارمەتیتان ئەدات کەناخود ئاگا واتە بەقوولی زۆربەی دەقەخەیالییە کاریگەرەکان چالاك بکەیت، ناتوانرێ پێشبینی ئەوە بکرێت کەڕاهێنانی خۆبەخۆ نووسینی چڕوپڕ، هەتاچ ڕادەیەك بەرهەم هێنەردەبێت. لەوانەیە ئەم ڕاهێنانانە هەریەکەیان دوو هەفتە ئەنجام بدەیت و، ڕازی بیت بەوەی کەبەفیڕۆدانی کاتە، بەڵام زۆربەی نووسەران لەگەڵ ئەم ڕاهێنانە نووسینێکی کاریگەریان بەدەست هێناوە. هەندێ لەنووسەران کەلەگەڵ دەستپێکردنی نووسین یان نووسینی تازە کێشەیان هەیە، سوود لەم ڕاهێنانە وەردەگرن .

2-ئەوتاقیکردنەوە تایبەتییەی، کەوای لەتۆ کردووە کاردانەوەیەکی عاتفی بەرجەستەبکەیت ، تووندوتیژ ، حەسودی ، خەم ، لەخۆبایی بوون ، یان هەرشتێکی تر بنووسیت . شوێن و دەنگەکان و ڕووداوەکان ڕوون بکەیتەوە، چ بەسەرهاتێك ڕووی دا؟

وردەکارییەکانی بەبێ ڕێکخستنی تایبەتی بنووسیت، لەدوای تەواوبوونی ڕاهێنانەکانی ڕۆژێك وازی لێ بێنە، ڕۆژێی دوایی دووبارە بیخوێنەرەوە و، بەشەکانی تری کە دێتەوە یادتان زیادی بکە، دوایی دەستمایەیەك لەسەربنەمای پێکهاتنی زەمەنی ڕێك بخەیت .

3-ئەگەر ئەلبومی وێنەی خێزانی، یان هەندێك سلایدی خێزانیت هەیە سەیریان بکە، وێنەکان هەستی تۆ دەجوڵێنێت هەڵیان بژێرەو لەسەریان بنووسە، چ بەسەرهاتێك ڕووی داوە؟ چ جۆرێك بووە؟ چۆن دێتە بەرچاوت؟ بەسەیرکرنی وێنەکان ئەو یادەوەرییانەی لەهۆشدا فەرامۆشت کردووە، دێتەوە یادت و ڕابردوو زیندوو ئەبێتەوە. هەموو یادەوەرییەکانت بنووسە و دوایی سەیری بکە، ئایا بەشێك لەو چیرۆکە بەسودەیان نا؟ ئەگەر لەئێستادا بەباش نایەتە بەر چاوت، هەڵی بگرەو ڕۆژێکی تر بیخوێنەرەوە .

4-کەبوومە دوانزەساڵ لەتەنیشت بەندەری ((کور بوکریستی)) تەکساس، سواری پاسکیل دەبووم لەکەنارەدریا، لەخواروی سێ پێ لەکەنار دووکەس لەهاوڕێکانم دانیشتبون، بەخێراییەکی زۆر بەرەولای ئەوان ڕۆیشتم، کاتێ کە گەیشتمە ئەو شوێنەی کەهاوڕێکانم دانیشتبوون، بەسەریانا هاوارم کردو ئیستۆپم کرد و بەتەواوەتی لەسەروو ئەوانەوە، بەرەو ئاوێکی تاڕادەیەك قوول بازم دا، پاسکیلەکەم خواربوو زنجیرەی ئەو کاتژمێرەی کەباوکم پێی دابووم شکاو ون بوو. منیش بەتەڕبوونی ئاوەکە گێژو بێ تاقەت بووم، لەم تاقیکردنەوەیە تێگەیشتنی تایبەتی و قوولّم لێوەرگرت : بەیاسای سروشت میوانداریە لەناکاوەکان، بچووکردنەوەو لاوازکردن، برین و هەتا مەرگ ڕووبەڕووی بوومەوە. بەتایبەتی کاتێك بێ پەروا کارم دەکرد لەدوای ئەوە ژیانی من فریوودانی زیاتری نەبووە.

تاقیکردنەوەیەکیان هەڵبژێرە کەدەربارەی تۆ، یان دەربارەی کەسێك کەباش دەیناسیت، شتێك فێری تۆ بکات یان بەشێك بەسەرهاتی پێکەوە بەستراو هەڵبژێریت کەتۆ بیگۆڕێت.

(بابەتی کۆمەلآیەتی، بۆنمونە ئەوکاتەی کەسەرنجت لەوەداوە چ خەیالێك ئەکەیتەوە، تونلتر یان بێ ئارامتر یان پتەوتریت ،یان بەپێچەوانەوە کاتێ کە لەکەسێك دڵ سارد و بێتاقەت بوویت). ئەم تاقیکردنەوەیە شی نەکەیتەوە، بەڵکو ئەوە لەچوارچێوەی وشـەی تـازەدا دایبڕێژەرەوە، وردەکارییەکان بنووسە، لە کوێ ڕووی داوە؟ چۆنی ڕووی داوە؟ یـان چ ئەنجامێکە؟ پێشانی بدەیت نەیڵێیت لەدوای نووسینی دەستنووسی یەکەم، بەڵامی کەمەوە دووجار ئەوە بەدەنگی بەرزبخوێنیتەوە و پیایا بچۆرەوە .

5 -تاقیکردنەوەیەك هەڵبژێرە، کەتیایدا هەستی جیاجیای وەك عیشق و جودایی، (یان عیشق و بێ مەیلی) چێژوخەم ترس و جۆش و خرۆش ، حەزو نەبوونی حەز، تونلوتیژی و بەخشش، یان شادمانی و ناخۆشیت بەسەرداهاتووە، ناوی کەسانی ڕووداوەکە بگۆڕە، سەرلەنوێ لەیەك یان چەند دیمەنێك تیایدا هەڵس و کەوت و گفتوگۆیان بخولقێنە، لەکاتی پیاچوونەوەدا ئەم ڕاهێنانە فەرامۆش نەکەیت، کە هەر دیمەنێك بەشێوەیەکی ئاسایی بەشێك لەڕووداوەکان، یان کاروکردەوەی گەورەترە، دیمەنی تەنیایی هاوسەرێك نابێت پڕاوپڕی هەموو گفتوگۆکانی کۆتاییان بێت، بەڵکو تەنیا بەڕادەیەك بێت کەیسملێنێت چ ڕێکەوتێك لەحاڵەتی ڕووداندایە، ئەوەندە بەسە لەدوای نووسینی دیمەن، ئاگات لەوە بێت کەدەستپێکردن و کۆتایی پێویستی بەدەستکاری و لابردن هەیە .

6 -دووکەسایەتی تووڕە لەحاڵەتی گفتوگۆدا وێنەبگرە . کۆنترۆڵی گرێدانی دیمەنەکە لەڕێگەی گفتوگۆ و هەڵس و کەوت پڕ بکەرەوە، بەڵام مەهێڵە کەیەکتری تووڕەبکەن یان بەیەکتریدا بکێشن .

لەدوای نووسینی دەستنووسی یەکەم بەگفتوگۆکانیا بچۆرەوە :

وشە ، یان ڕستەی ناپێویست لابەرەو،هەندێ پێناسە سەرلەنوێ ڕێکبخەرەوە. دوایی ، ڕوونکردنەوەی دیمەن و جوولەکان و ئاوازی دەنگەکان بەشێوەی پێویست بۆ دەقەکە زیاد بکە، ئاوازی دەنگەکان دەبێت دیاری بکرێت. زۆربەی نووسەرە تازەکان ئەوە ڕوون دەکەنەوە، کەئەکتەرەکان دەبێت بەچ شێوەیەک گفتوگۆکان دەربڕن، لەکاتێکدا کەشێوەی دەرڕینی گفتوگۆی باش پێشنیاز دەکەن، گفتوگۆی تۆ دەبێت بەسروشتی بێتەبەرچاو، بەڵام کورت ترو سەرنج ڕاکێشتر و ئاشکراتر لەقسەی واقیعی بێت، لەهەمووی گرنگتر دەبێت ئەوە ڕوون بکرێتەوە، کەکەسایەتی چ جۆرە کەسایەتییەکە، لەدوای جارێك یان دووجار نووسینی گفتوگۆ بەدووکەس بڵێیت کەگفتوگۆکە بەدەنگی بەرز بخوێنێتەوە، لەکاتی گوێگرتن بەگفتوگۆکانی: یادداشت کۆبکەیتەوە و دوایی پیایا بچیتەوە .

7-بەئامادەبوونی سێ کەس کەباش دەیناسیت و، دژی یەکترین و لەژێر گوشاردان دیمەنێك بنووسە. ئەوکارەی کە دەیکەیت پێشانی بدەو ئەوشتەی کەدەیڵێن ئاشکرای بکە، بەڵام هەستی خۆت دەربارەی ئەوە نەنووسیت،

ناوی کەسەکان بگۆڕە، ڕێکخستنی ڕووداوەکان جێگۆڕکێ بکە، ووردەکاریی ناپێویست لابەرە، بەرهەمی کارەکە دەبێت دیمەنێکی بەهەڵس و کەوت و گفتوگۆی باوەڕپێکراوبێت، بەدیمەنەکەدا بچۆرەوە و دوایی هەڵیبگرە .

8-مۆڵەت لەدووسێ کەس وەربگرە، کەگفتوگۆکانیان لەنیو کاتژمێر یان کاتژمێرێك تۆمار بکە. دوایی پێنج تادە خوولەك لەو گفتوگۆیانەی کەبەڵچوونی تۆ سەرنج ڕاکێشە جێ بەجێ بکە، لەو دەقە یەك دوولاپەڕە کەجۆری کەسایەتی ئەوانەباشتر بەرجەستەدەکات هەڵبژێرە، ئەوانە پاکنووس و پوخت بکەو گفتوگۆکان بەجۆرێك چڕ بکەرەوە، کەبەڵانی کەمەوە ووشەکان هەمان ئەو داواکارییانە دەربڕێت و،لەهەمان کاتدا سروشتی بێتەبەرچاو.

هەندێ لەنووسەران بەدزییەوە گوێ دەگرن و دوایی گفتوگۆکانی خۆیان دەنووسن، هەندێکی تریان ئەم کارە بەسنوور بەزاندنی مافی کەسانی تر دەزانن، تۆ بەپێی ئەم ڕاهێنانە کاربکە.

9-لەفیلمەکاندا زۆر دیمەن هەیە بێ گفتوگۆن، ڕووداوی دیمەن و دیکۆر کەسایەتی و شوێنەکان پێشانی ئێمە ئەدەن .

دوو سیناریۆ لەسەرفیلمی بەرهەم هێنراوی (لۆبیای سەوز و ئەودیوی پارەکە)بخوێنیتەوە. دوایی شانۆییەک بەبێ گفتوگۆ بنووسە، کەشتێک دەربارەی کەسێک پێشان بدات، سوود لە شێوازی سیناریۆی لۆبیای سەوز وەربگرە، ڕوونکردنەوەیەکی کورتەی دیمەنەکان، دەربارەی کات و شوێن و هەڵس و کەوتەکان بنووسە.

10-چیرۆکێکی کورت بگۆڕە بە سیناریۆو، بەرامبەر بە کەساییەتیەکان، پێکهاتە و هەوێنی بابەت و،چیرۆك پابەند بە.

چیرۆکێك هەڵبژێرە کەلەدە هەزار وشە زیاتر نەبێت، چیرۆکەکە چەند کورتتربێت باشترە، چیرۆکی زانستی خەیاڵی یان چیرۆکێك هەڵمەبژێرە، لەگۆڕینی بۆ سیناریۆیەکی کورتکراوە بۆ فیلم، (یان ڤیدیۆیی) بەشێوەی ناوخۆیی و هەرزان، تۆبخاتە ناو کێشەوە. لەو چیرۆکە دانەیەك بەفۆتۆکۆپی کراوی ئامادە بکە، ئەوە سێ چوارجاربخوێنەرەوە و، هەرجارەی لەژێر ٚگفتوگۆکاندا هەڵس و کەوتەکان و ئەو بابەتانەی کە مەبەستتەکە، لەسیناریۆکەدا بەکاربهێنی هێڵێك بکێشە .

لەدوای گفتوگۆ، ڕوونکردنەوەی نمایش، هەڵس و کەوت، یان ئەگەر هەموو ئەو دیمەنانەی کەناتەوێ سوودیان لێوەربگری جیای بکەرەوە. (ئەگەرسوود لە لاستیکی کوژاندنەوە بکەیت، ئەتوانیت پیایا بچیتەوە و ماندووت نەکات.) ئەوبەشەی کەلەدەرەوەی کەوانەیە بەدەنگی بەرزبخوێنەرەوە و، بەگفتوگۆکاندا بچۆرەوە و پاکنووسی بکە، ژمارە بۆ

دیمەنەکان دابنێ و، شوێنی هەر دیمەنێك دیاری بکە. ئێستا بەشەکانی دەرەوەی کەوانە پاکنووسی بکەو،لەهەمان کاتدا ژمارە بۆدیمەنەکان دابنێ . چەند جارێك بەدەنگی بەرز سیناریۆ وەرگێراوەکە بخوێنەرەوە و پیایابچۆرەوە، کاتێك دەستنووسەکەت لەڕادەبەدەر قەرەبالّغ بوو، جارێکی تر ئەوانە پاکنووس بکە.

سیناریۆی وەرگیراوی تۆ دەبێت شیاوی گۆڕین بێ بۆ فیلم و، ناوەڕۆکی کەسایەتییەکان، پێکهاتە وهەوێنی بابەتی چیرۆك، شیاوی وەرگرتن بێت . ئەگەر مافی ئەو چیرۆکە پارێزراوە، پێش ئەوەی کەسیناریۆکە چاپ بکەیت، یان بیگۆڕی بەفیلم، (یان ڤیدیۆ) ،دەبێت مۆڵەت لەخاوەنەکەی وەربگریت .

بەشـــی دووەم

لێکۆڵینەوەی سیناریۆ و سیناریۆیی کۆتایی

لەسیناریۆی باش دەتوانرێت فیلمی خراپ دروست بکرێت، بەڵام باوەڕناکەم بتوانرێت فیـــلمی باش، لەسیناریۆی خراپ دروست بکرێ .

دەیڤیدلین[10]، دەرهێنەر، لەکاسێتی ڤیدیۆیی
((سیـــناریۆنووسانی هۆلیود و پیشەکانیان))

[10] - David Lean

بۆ سیناریۆ نووس لێکۆڵینەوەی فیلم و سیناریۆ پێویستە،بۆ بەدبەختی لەزمانی ئینگلیزیدا سیناریۆکان کەمیان چاپکراوە و، سیناریۆی کورت حاڵەتی خراپترە. هەندێ جار ئەوسیناریۆ کورتانەی کەلەچیرۆکە کورتە ناسراوەکانەوە وەرگیراون چاپ دەکرێن، کەماوەیەکی کەم لەبەر دەستدان بۆ ئەو نووسەرانەی، کە دەیانەوێت سیناریۆکورتەکان بخوێننەوە و لێی بکۆڵنەوە، حاڵەتەکە نائومێد بەخشە، بەاڵم حاڵەتی فیلمی کورت لەسیناریۆی کورت باشترە،گەرچی لەهەندێ لەئەرشیفەکانی کاسێت و ڤیدیۆیی فیلمەسینەمایەکان، جێگەی ئەوانە دەگرێتەوە.

لەم بەشەدا، سێ سیناریۆ چاپکراوە . یەکێك لەوانە چاپی یەکەمەو، دوو سیناریۆکەی ترلە سەرفیلم ئامادەکراون، سیناریۆکان بێجگە -لەئەودیوی پارەکە- لەسەربنەمای تاقیکردنەوە باوەڕپێکراوە مرۆڤاییەتیەکانن، کەنووسەران بەباشی دەیانناسن، ئەو فیلمانەی کەلەو سێ سیناریۆیە بەرهەم هێنراون، شوێنەکانیان نەشیاوە بۆ بەدەست گەیشتن، یان دیکۆری پێویستیان نییە، کەل و پەلی نەشیاوی کار ئەکتەری و تەکنیکی تایبەتیشی ناوێ. بۆ ئەم جۆرە فیلمانە، نمونەیەکی گونجاوە بۆ سیناریۆ نووسانی گەنج. لەحاڵەتی خوێندنەوە و، سەرلەنوێ خوێندنەوەی ئەوسیناریۆیانەی باسکران. ئەوتێبینیانەی کەلەپێشەکی دا دەربارەی ڕەگەزی سیناریۆ کورتە کاریگەرەکان باسکرا، بیهێنەرەوە یادت : کەسایەتییەکی سەرەکی و بەشێوەیەکی ئاسایی، بەبێ گۆڕین کەلەماوەی کورتی چیرۆکەکە (بەگشتی چەند ڕۆژێك یان کەمتر) دەبینرێت، یەك ئامانجی (نەوتراو)، چەند ڕێگرێك .

لەم بەشەدا — لەدوای سیناریۆ — دیکۆرکێشی ، کەساییەتیەکان ، پێکهاتەو ناوەڕۆکی چیرۆك ، بەش بەش دەکرێن و شیدەکرێتەوە . ئەم سیناریۆیانە بەشێوەی دیمەنی دایك دەنووسرێتەوە، بەو مانایەی هەموو دیمەنێکی ژمارەدار نواندنی بەردەوامی، لەشوێنێکدا باس دەکات .

سیـــــناریـۆ

((فایلی لیۆن))

ڕیمۆند هارتونگ[11] لەزانکۆی کالگیت خوێندنی تەواو کردووە، لەدەزگای تۆماس . جی . واتسۆن[12] بۆرسی وەرگرت، کەئەوە تێچوی یەکەمین فیلمی دیکـۆمێنتی ئـەو بـوو لەئەوروپا، لەفیلادلفیا بۆکۆمپانیای ((بەرهەمی فیلمە پیشەسازیەکان))سەرقاڵی کارکردن بـوو، دوایـی چـووە لـۆس ئـەنجلۆس هـەتا لـە((ئامۆژگـای فیلمـی ئـەمریکا))لـە 1980و1981بەشداری بکات. سیناریۆی ئەو واتە (فایلی لیۆن) کەدانیاڵ ئاتیاس[13] دەرهێنەری بوو، چەند خەلاتێکی بردەوە و یارمەتی ئەوەی دا هەتا یەکەمین تێـچوی پیشەیشی بووە نسیب. لەوکاتەوە هەتائێستا بۆستۆدیۆ جیاجیاکان: لەوانە میترۆگولدان، مایروکۆلۆمبیا سیناریۆی نووسیوە.

ئەوبەشانەی لەم سیناریۆیەدا، لەکاتی وێنەگرتن و ئامادەکردن لەسیناریۆی سەرەکی لابراوە، کەبەکەوانەی تیژ :< > دیاری کراون، پێـشنیاز ئەکـەم کـە یەکـەم جـار، بەشەلابراوەکان نەخوێنیتەوە، بەڵام دوایی هەموو سیناریۆکە بێ کەم و کوڕی بخوێنەرەوە .

[11] Raymond Hartung
[12] Tomas J.Watson
[13] Daniel Attias

فایلی لیۆن
ڕیمۆندهارتونگ

دەرکەوتنی وێنە

1 -ناوەوە . شوقەی لیۆن — ڕۆژ

لیۆن بیرنیستاین[14] ی نەخشەکێشە لەکاتێکدا سەیری ئاوێنە دەکات ،کەسێلێکی چڕ و بابڕی لەژێر لوتیا هێشتووەتەوە. بالاّ بەرز ،لاوازەو سی سالّەیە، قژە درێژەکانیشی کەهەندێکیان کەوتۆتە سەرناوچەوانی، ئەویتری وەکوکلکی ئەسپ بە بەستراوی شۆڕی کردۆتەوە، جل و بەرگی قەشەیەکی کاتولیکی لەبەردایە، دەنگی ئاوازی پۆپ دیلۆن[15] ((ڕەنگ زەردییەکانی غەمی غوربەتی ژێر زەمینی))لەباکگراوندی دەنگی ڕیکۆردەرەوە پەخش دەکرێت.

لیۆن لەبەردەم ئاوێنەی خۆی چاك ئەکات و دەچێتە دواوە، سێلّی ڕێك دەخات کەمێك خوارەو، دەستی پیادێنێ ڕێکی دەکات و دوایی کلاۆێکی گونجاو لەجێ کلاۆەکان، کەهەموو جۆرێك و قەبارەیەکی کلاۆەکان و کلاۆی خودەی تیایە دادەگیرێت، سەرمێژی ئارایشتەکە پڕە لەسەری پەیکەری پێشانگەی جل و بەرگ، ڕیشی دەستکرد، کلاۆی قژی ژنانە و، چەندین جۆر کەل و پەلی گۆڕینی ڕووخسار.

لیۆن بەجۆرێك کلاۆەکە دەکاتەسەری، کە قژە بەستراوەکەی جێگەی بێتەوە و لەبەرچاو ون بێت. دوایی چاویلکەیەکی بەرخۆر دەکاتەچاو، لەبەرئاوێنەکە تەماشای خۆی

---

14 - Leon Bernstein
15 - Bod Dylan

دەکات و زەردەخەنە دەیگری، بەدەستی وەکو ئەوەی وێنەی خۆی لەئاوێنەکەدا پیرۆز دەکات و، خاچێك دەکێشێ ، سمێڵە دەستکردییەکەی دیهێنێتەوە پژمین، سمێڵی بەسەرلێویەوە هەڵدەواسرێت .

لیۆن : ئاخ،ئەی عیسای مەسیح !

بەوجۆرەی کەخێرا خۆی ڕێکدەخات، دەچێتە سەرمێزی نووسین، بینا ژێر زەمینیە تەنگ و بچکۆلەکەی، شتێکە لە زیارەتگای بابەتە کۆمەلاێتیەکانی دەیەی شەست ئەچێت. ڕووی دیوارەکانی چەندپۆستەرێکی دەربارەی ((مەرگ و نابودکردن))،((سکالاێ خەڵکی بێچارە))و بەسەرهاتی تر بەرچاودەکەوێت. چەند وێنەیەك لە(چێ گیڤارا)،(مالکو ئیکس) (لوتەرکینگ) و ،هەردوو کەنەدی کۆچکردوو بەشێوەیەکی لەبەرچاودەبینرێن.

یەك ((پارچەی دیاریکراو))بەوێنەی ڕیچارد نیکسون ،لەگەڵ دروشمی ((تەنیا نیکسون مردووە))لەسەر دیواری حەمامەکە هەڵواسراوە، جێگەی تیدارت لەسەرلوت و دامێنی وێنەکە دەبینرێت. دیارە کەچەند دانەمۆبلیات لەناو بیناکەدایە، کە لەخۆڵ و خاشاکی شەقامەکە دۆزراونەتەوە. لیۆن دەست ئەکات بەکۆکردنەوە و چاکردنی دەستەیەك کاغەزی گەورە، کەلەسەر مێزە تەختە سێ لاو تاڕادەیەك کەمو زۆر سووتاوەکە هەڵڕژاوە، سەدەها لاپەڕە لەچەندین جۆر و قەبارەی جیاواز کە هەریەکەیان بەجۆرێ تایپ کراوە ،لیۆن کاغەزەکان لەزەمبیلێدا دائەنێت، ئەیخاتە ژێر باخەڵی و، ڕیکۆردەرەکە خامۆشدەکات.

2-دەرەوە . ئاپارتمانەکەی لیۆن – ڕۆژ

لیۆن نووسینەکانی بەهەردووەدەستی گرتووە و، بەهێواشی بەپلیکانەی پێشەوەی تەلارەکەی دێتەسەرەوە. هێشتا بەتەواوی نەگەیشتۆتە سەرپانتایی شەقامەکە، خۆی دوائەخات و دەوروبەرەکەی بەدوای کەسێك یان شتێکی گومانلێکراود ا دەگەڕێن، ئەم

ناوچه نیوه بازرگانیه تاڕادەیەك هێمن و بێ مەترسی دەنوێنێ، هاتوچۆی بەیانیانی شتێکی هەڕەشە ئامێزی بێجگە لە گروپێکی سێ کەسی، لەو منالانەی کەدەچن بۆ قوتابخانە، کەسی لێ بەدی ناکرێ.

لیۆن بەپلیکانەدا سەردەکەوێ و، ڕوو وەردەگرێت هەتاکو بەرەوخاروی شەقامەکە بچێت، لەتەنیشت منالەکانەوە تێدەپەڕێت :کوڕێك و کچێك و منالێك کە وەك دارت قیدەر[16] بەرگی لەبەردایە .

کوڕ:هێ ی ، لیۆن.

کچ: سلاۆ ، لیۆن.

دارت ڤێدەر: (بەدەنگێك کەدەڵێ ی لەناوچالەوە دێتەدەرێ) ،سلاۆت لێبێت لیۆن .

لیۆن دەوەستێت و لەپشتەوە چاودێری دوورکەوتنەوەی ئەوان دەکات، دەستی بەسمێڵێدا دەهێنێ هەتا لەوە دڵنیا بێت کە هێشتا لەسەرشوێنەکەیەتی، دوایی دەڕوات .

3-دەرەوە . شەقامی شار – ڕۆژ

پاسێك لەلای شەقامەکەوە دەوەستێت، یەك دوو کەس دادەبەزن و سواردەبن.

لیۆن لەکۆتایی شوقەکانەوە پاسەکە دەبینێت و بەرەوپاسەکە ڕادەکات، لەناوڕاستی ڕێگەکە ڕووبەڕووی پۆلیسێك ئەبێتەوە، کەلەپێشەوە لێ ی نزیك ئەبێتەوە، لیۆن ئەوەندە بەخێرایی دەوەستێت سەری گێژ دەبێت، بەخێرایی چاودێری دەوروبەری خۆی ئەکات، هەتا شوێنێك بۆ خۆشاردنەوە پەیدابکات، هەوڵ ئەدات بچێتە دووکانێکەوە، بەڵام هێشتا دوکانەکان نەکراونەتەوە، پۆلیسەکە نزیك دەبێتەوە.

لیۆن سەرنجی گوزەری ئامێرەکانی ئۆتۆماتیکی ڕۆژنامە فرۆشی ئەدات، کەلەنزیکیەوەیەتی. یەکێك بەرەو ئەوێ دەڕوات پارەیەکی بیست و پێنج سەنتی ئەخاتەناوی

[16] - Darth Vader

و ڕۆژنامەیەك هەڵدەگرێ، ڕۆژنامەکە ئەکاتەوە هەتا ڕووخساری لەبەرچاوی پۆلیسەکە بشارێتەوە. لەمانشێتی ڕۆژنامەکەدا : (ڕیگان بودجەی سەربازیی زیاد دەکات.) دەبینرێت لەژێر مانشێتەوە وێنەی فڕۆکەیەکی جەنگی B-1 چاپکراوە.

لیۆن بەشڵەژاوی لەپشت ڕۆژنامەکەوە خۆی حەشاردەدات ،پۆلیسەکە کە ئزیك دەبێتەوە و لەکاتی تێپەڕبوونی لەتەنیشت لیۆنەوە، لەلایەڕەی یەکەمی ڕۆژنامەکە بابەتێك سەرنجی ڕادەکێشێتو دەوەستێت، هەتا سەیری ڕۆژنامەکە بکات، لەژێر وێنەی فڕۆکەی جەنگی B-1، نووسینێکی تیایە بەناونیشانی:((B-1 لەپێشانگەدا، بەنرخێکی داشکاو.))

لەهەمان کاتدا لیۆن سەیری پێلاۆێکی بریقەدار دەکات، کە بەتەواوەتی بەرامبەر پەنجەکانی پێی ماوەتەوە. لیۆن نازانێ مەسەلەچی یە، لەدوایدا بەهێواشی ڕۆژنامەکەی دەهێنێتەخوارەوە کەبزانێت چی بووە ،ئێستا ڕووبەڕووی پۆلیسەکەیە! .

پۆلیس: (بەشەرمەوە) ببورە باوکە...

ملی ڕێدەگرێت و دەڕوات .لیۆن هەست بەئارامی دەکات و، بەپێچەوانەی ڕۆیشتنی پۆلیسەکە بەخێرایی دوور دەکەوێتەوە .

4-دەرەوە . شەقامی رزید نتاڵ – ڕۆژ

لیۆن لەتەنیشت خانویەکی بچووکی گەڕەکێکی مام ناوەندی تێدەپەڕێت، لەکاتی ڕۆیشتندا لەبەرخۆیەوە ورتە ورت ئەکات .

لیۆن : (بەچەند حاڵەتێکی جیاواز)، هەلەو ، لیۆن بیرنستین قسەئەکات ... لیۆن . بیرنستین .باش گوێبگرە لیۆن بیرنستین قسە ئەکات ... لیۆن بیرنستین .

لیۆن دەگاتەبەر دەرگای پارکی ئۆتۆمبێل، دەوەستێت، دەڕوات و دەڕوانێت، دوایی لەماڵەوە نزیك دەبێتەوە .

5-دەرەوە . مالّی کیت و کارن – ڕۆژ

لیۆن بەدزییەوە لەتەنیشت مالّەکەوە تێدەپەڕێت، هەتا ئەگاتە ژیك پەنجەرەی دواوەی بیناکە، پێکانی بەرز ئەکاتەوە و سەیری ناوەوە ئەکات .

6-چێشتخانە – دیدگای ئەو

کیت[17] : پیاوێك نزیکە لەتەمەنی لیۆن، لەپشت مێزی چێشتخانە لەلای کچە بچکۆلەکەی دانیشتووە و، هەوڵ ئەدات شۆربای دانەوێلّە بدات بەمندالّنەخۆشەکەی . کیت، جل و بەرگ و بۆینباخەکەشی بەخاولیەکی قاپ وشکردنەوە داپۆشیوە .

کارن[18] وهاوسەری کیت ، جل و بەرگی لەبەرکردووە هەتا بچێت بۆ سەرکار، جل و بەرگی ڕەسمی کارمەندانی کۆمپانیای ئاسمانی ((ویسترن))ی لەبەردایە .

کارن خەریکی ئامادەکردنی هێلکەو ڕۆن بوو ،بۆ کچە گەورەکەی کەناوی (جینیفێر)ە[19] ، لەسەرمێزەکەدانیشتووە .

گەڕانەوە بۆ:

7 -لیۆن لەپشت پەنجەرە

ئەو بەردەوامە لە ڕۆیشتنی بەرەو حەوشە چۆلّەکەی مالّەکە .

8-ناوەوە . چێشتخانە ، کیت و کارن – ڕۆژ

لەگەڵ بلاّوکردنەوەی هەوالّی بەیانیانی ڕادیۆ. کارن هێلکەو ڕۆنەکە دەخاتە بەردەم جینیفێر . جینیفێر بیانو دەگرێت .

جینیفێر: من نیوە کولاّوم ئەوێت .

کارن لەجێ ی خۆی ئەگەڕێتەوە و، چەتالّێك ئەخاتە ناو خواردنەکەی .

---

[17] Keitth
[18] - Karen
[19] Jennifer

کارن : دیسان هەمان نیوە کولاّو.ئێستا بیخۆ و گەرنا، لەتیمی یاریکرن دوادەکەویت .

کیت : لەوە دەچێت منیش لەگروپی یاریکردنەکە دوابکەوم .

کارن : تۆ دوا کەسی .

کارن دەست دەکات بەشکاندنی هێلکەکان لەناوتاوە تیقالّەکە، دەنگێك لەدواوە دێتەگوێ ی ،لەپێش ئەوەی کە کەسێکی تر بتوانێت هەلّس و کەوتێك پێشان بدات ،جینیفەر ڕادەکات تا وەلاّم بداتەوە. جینیفەر دەرگاکە دەکاتەوە و بەشێوەیەکی غەریزی سێبەری هەنگاوی کەسێك کەلەبەردەم ئەودایە، دەجوولّێت.

لیۆن : سلاّۆ ، جنی .

جینیفەر : لیۆن!

لیۆن جینیفەرلەجێ ی خۆی بەرزدەکاتەوە و، بەرەو ژوورەوە هەنگاو دەنێت . کیت و کارن بەبینینی لیۆن لەجێ ی خۆیان هەلّدەستن .

کارن : لیۆن ؟

لیۆن : بەیانیت باش ، ڕۆلّەکانم .

لیۆن ڕاستەوخۆ بەرەوپشت پەنجەرەکە دەڕوات و، چاو دەبڕێتە شەقامەکە .

کیت : ئەتەوێ چی بکەیت ؟

لیۆن : هاوڕێیەکی بێ ڕەنگ و بێ سیفەت ((جل و بەرگ لەبەر))،لەپاسەکەوە تا ئێرە چاودێری کردم و،وابزانم فیدرالّی بوو .

کیت : هەر کەسێك کە جل و بەرگی پۆلیسی لەبەردابوو بۆ F.B.i کار ناکات .

لیۆن : بەلاتانەوە سەیرە ؟!

کارن و کیت سەرێکی یەکتری دەکەن، بەواتایەی کە بە ڕەفتارە سەیر ونامۆکانی لیۆن ڕاهاتوون .

کارن : لیۆن ئەم هەفتەیە هیچت خواردووە ؟!

لیۆن : ئەرێ ، سوپاستان ئەکەم .

لەتەنیشت کیت لە سەرکورسیەکە دائەنیشێت، جینیفەریش لەتەنیشت ئەو دائەنیشێت، لیۆن نووسینەکانی ئەخاتە سەرمێزەکە.

لیۆن : (بەردەوامە) ئێوە منالّەکان دەبێت ئەمانەم بۆبشارنەوە .

کارن : (وێنەی ڕوخساری لیۆن) جنی ، بڕۆپێلاّو لەپێبکە .

لیۆن : (وێنەی ڕوخساری کارن). بەهەموو تواناوە چاودێری ئەمانە بکەن .

کیت و کارن : مەگەرچی یە ؟

لیۆن : ((ڕۆحی من لەنیشتیمانی ساردا)) ،یادەوەری دوانزە ساڵ ژیانم لەخەباتدا. لەهەمان حاڵەتدا ، کارن بەڕێکەوت سەرنج ئەدات کە بەروانکەی منداڵەکەی پڕبووە لەخواردن .

کارن : (وێنەی ڕوخساری لیۆن) کیت ، ئەو منداڵە هیچی نەخواردووە .

کیت : حەز لەو خواردنە ناکات .

لیۆن لەکاتی گفتوگۆی کیت و کارن ، بەردەوامە لەقسەکانی .

لیۆن : (لەسەر وێنەی ئەوانە) ،ئەمانە یادەوەری جیهانی ژێر زەمینیە . ناوەکان، بڕیارەکانی یەکتربینین ، شوێنەکان .

کارن : (لەسەر وێنەی لیۆن) ئەگەرخواردن نەخوات ،ناتوانم بیبەمە لای خانم گۆڵالس[20] .

کیت : (لەسەر وێنەی لیۆن) زۆرباشە ، تۆ هەوڵ بدە! من دەبێ بڕۆم بۆ سەرکار.

[20] - Gonzales

لیۆن : (لەسەر وێنەی هەردووکیان) ئەم بەرازانە زۆرحەز ئەکەن دەستیان بگاتە ئەمانە .

کارن : (لەسەر وێنەی لیۆن) باشە ، منیش بەهەمان شێوە ! کاری منیش وەک کاری تۆ گرنگە .

کیت : (لەسەر وێنەی لیۆن) من نەم وت گرنگ نییە . (بۆ لیۆن) وتم گرنگ نییە ؟

لیۆن : (لەسەر وێنەی هەردووکیان) بەدڵ حەز ناکەم ئەم شتانەیان دەست کەوێت ،کەخۆم ئەدەم بەدەستەوە .

کارن : (لەسەر وێنەی لیۆن) بەجۆرێك ڕەفتار دەکەیت وا دەڵێی نییە . تۆ...دەڵێی کارن ڕستەی کۆتایی لیۆنی بیستووە .

کارن : (بەردەوامە . لەگەڵ لیۆن) ئەو کاتە چی دەکەیت ؟

لیۆن : خۆم دا بە دەستەوە . بەیانی ئەمەوێ خۆم بە **F.B.I** بناسێنم .

ئەم هەواڵە سەرنجی کیت و کارن ڕادەکێشێ، لیۆن دەست دەکات بەگەڕان، هەتا شوێنێکی دڵنیا بۆشاردنەوەی نووسینەکانی بدۆزێتەوە : کەنتۆرەکان ، چەکمەجەکان ، تەباغی غاز و شوێنی تر .

گەڕانی ئەو بە دریژایی گفتوگۆکانی خوارەوە بەردەوامە .

کارن : بۆچی ؟

لیۆن : (لەکاتی گەڕاندا) بۆ تازەکردنەوەی هێزی خەڵك ! بۆ جولاندنی خەڵك لەخەباتیاندا بۆ ئاشتی و دادپەروەری ئابووری . دەربارەی هەموویان بیرم کردۆتەوە، یەکەم ئەمەوێ بۆ سبەینێ لەفڕۆکەخانە خۆ پێشاندانێکی گەورە ڕێك بخەم، بڕیارە فڕۆکەی جەنگی **B-1** بهێنەئەوێ .((خەڵکی ناڕەزاسەرلەنوێ ڕێکخراو دروست دەکەن.)) زۆربەی ڕۆژنامەکان ئەم

هەواڵە بلاوەدەکەنەوە. (ڕووی دەکاتە کیت) وابزانم تۆش ئەتوانی ئەم هەواڵە بۆ ڕۆژنامەکەی خۆت بنێری .

کیت : لیۆن ، من ستونی قۆرغ کارییەکان دەنووسم .

لیۆن : خۆ بەدەستەوەدانی من ساتێکی گرنگ دەبێت! ئەمانە بەوپارەیەی کەلەبەرنامەی نان خواردنی نیوەڕوانی قوتابخانە ئەیدەن بەمنداڵەکان ، فڕۆکەی جەنگی دروست دەکەن .

کارن : لیۆن تۆ دڵنیایت کە...

لیۆن : من کارمەندەکان ئاگادار ئەکەمەوە ، بەڵام هەتا دەستپێکردنی ڕووداوەکە، خۆم لەناو خەڵکەکەدا ئەشارمەوە، دوایی ئەچمە شوێنی وتار خوێندنەوە، ئەم بەرازانە پێش ئەوەی کارەکەم تەواو بێت دەمگرن، هەر ئەمەیە لەتەلەفیزیۆندا گرنگی پێدەدرێت .

کارن : بیرناکەیتەوە لەدەستگیرکردنت ...

لیۆن : ئەزانی دادگایکردن بەو جۆرە دەبێت کە ئەمەوێ مەبەستمە دادگاییەکە بەرەو گۆڕین بەرم بەباس و لێکۆڵینەوە، دەربارەی کارە گرنگەکانی میللی ئەمە خاڵی بزوتنەوەی خەباتێکی نوێیە .

کیت : خەبات دژی چی ؟

لیۆن : لەبەرامبەر کۆیلایەتی ئابووری چینی کرێکار، دروستبوونی هەلاوسانی لەبودجە بێ سنوورەکانی سەربازیی، لەبەرامبەر سیاسەتی دەرەکی ئیمپریالیستی. ئەزانی ڕیگان لەسلقادۆر دەیەوێ چ هەلەیەك بکات ؟

ئەم گفتوگۆیە کیت و کارنی وەستاند و،هەل بۆ لیۆن نەمایەوە هەتا نووسینەکانی لەفرێزەرەکەدا دابنێ . لەناکاو کیت هەست دەکات هێلکەو ڕۆنەکەی سوتاوە، بەخێرایی تاوەکەی لەسەرتەباغی غازەکە دادەگرێت .

لیۆن : (لەسەر وێنەی کیت) ئەمە شوێنە!

کیت : (لەسەر وێنەی لیۆن) نەفرەتی !!

لیۆن : کاتێ خەڵکی گوێ بیستی ئەم هەواڵە دەبن، ڕاستەوخۆ دەڕۆن بەدوای دروستکردنی سەنگەرەکانی سەرشەقام .

کیت : ئەی عیسای مەسیح ، لیۆن ، ئێستا ساڵی 1968 نییە !بەڵام لیۆن بەرەو دەرگای دەرەوە دەڕوات.

لیۆن : زۆرباشە ، من کارم زۆرە ئەمڕۆ هەواڵێکی گەرمم بۆ ڕۆژنامەکەتان پێیە .

کارن هەوڵ ئەدات بەردەوام بێت لەسەرقسەکانی .

کارن : لیۆن ، ئەو کارانەی تۆ لە نیۆیۆرك کردت، بەسەرچوون .

لیۆن ڕوو وەرئەگێڕێ و وەڵام ئەداتەوە .

لیۆن : ڕێکخستنەکان هیچ کات ئەوە لەبیرناکەن .

کیت و کارن سەیری یەکتری دەکەن، کارن نیگەرانە و، کیت تووڕەیە .

9-ناوەوە . دوکانی فۆتۆکۆپی – ڕۆژ

شاشە بەلەقتەی گەورە، بەڕستەی گەورەی ڕووپاگەندە پڕ دەکرێت. لەسەرووی ڕووپاگەندەوە نووسراوە : ((خۆپێشاندان لەدژی جەنگ وهەژاری)) هەروەها لەژێر ئەودا : ((گوێ لەلیۆن بیرنستین بگرن)) دەبینرێت، زانیاری پەیوەست بەکات و شوێنی خۆپێشاندان لەخوارتر نووسراوە .

لێپرسراو (لەدەرەوەی وێنەگرتن)،(دەیخوێنێتەوە) .

((خۆپێشاندان لەدژی جەنگ)) ئەوپیاوە ئەم یادەوەرییانە زیندوو دەکاتەوە .

دەنگی مارتین: (لەتەلەفۆنەوە)کەمێك چاوەڕێ بکە .

(لەبەرخۆیەوە ورتەورت ئەکات) بیرنستین ، بیرنستین ... (بێدەنگی)، بەڵگەکانی ئێمە ئەوەپێشان نادا، فایلەکەی پێشوو پەیوەست بەکەسی ئامادەبوو بێت، لیۆن گێژدەبێت .

لیۆن : (بەتەلەفۆن)، بێگومان دەبێت فایلی هەبێت . لیۆن بیرنستین .

دەنگی مارتین : (لەتەلەفۆنەوە)،بەم ناوە هیچمان نییە .

لیۆن : (بەتەلەفۆن) لیۆن بیرنستین .(قیلیج8).

دەنگی مارتن : (لەتەلەفۆنەوە) هیچیان .

لیۆن تووڕە دەبێت .

لیۆن : (بەتەلەفۆن) ئەی پێغەمبەر!مەڵبەندی ناردنی هێزەکانم لەمانهاتن وێران کرد،سامانی دەوڵەتم لەناوبرد، نووسینگەی فیدراڵیم خاپور کرد، لەسەربازی هەڵاتم ...

دەنگی مارتین : (لەتەلەفۆنەوە) ئەها تێگەیشتم .

لیۆن : (بەتەلەفۆن) چی تێگەیشتی ؟

دەنگی مارتین : (لەتەلەفۆنەوە) نەیارانی جەنگی ڤێتنام، بەپێی دەستووری سەرکۆماری ئەو کاتە (کارتەر) لێیان خۆش بوون .

لیۆن : (بەتەلەفۆن ، بەسەرسووڕمانێکەوە) لێیان خۆش بووین ؟

دەنگی مارتین : (لەتەلەفۆنەوە) تۆ ئازادی . بیرنستین (لیۆن تووڕەیە هاوار دەکات و پێ ئەدا بەزەوی کابینەی تەلەفۆنەکەدا) .

لیۆن : (بەتەلەفۆن) ئێوە مافی ئەوەتان نییە ئەم کارە بەمن بکەن ! مافی ئەوەتان نییە کارێك کە بەویژدانەوە ئەنجام دراوە ببەخشن !

دەنگی مارتین : (لەتەلەفۆنەوە ، بەگاڵتەجارییەوە) باشترە بەختت لەناو جەنگێکی داهاتودا تاقی بکەیتەوە .

لیۆن : (بەتەلەفۆن) ناتوانم بەرگە بگرم ! ناتوانم ...

بەڵام مارتین دەیبڕێت دەنگی زەنگی تەلەفۆن لەگوێی لیۆندا ئەزرنگێتەوە .لیۆن کە بەڕوالەت بەتەواوی دۆڕاوە هەر لەو حاڵەتەدا دەمێنێتەوە.

24-شەقام . دەرەوە ، بینای تەلاری لیۆن — شەو

لیۆن چەند کاتژمێرێك بەپێ ڕۆیشتووە ،لەکاتی نزیکبوونەوەی لەتەلارەکەی مانوو دیارە، کلاۆەکەشی داگرتووە و قژە درێژەکەی بەسەرشانیدا بلاۆبۆتەوە . بەهێواشی بەپلیکانەی ژێرزەمینەی بیناکەیدا دەچێتەخوارێ .

25-ناوەوە .تەلاری لیۆن — شەو

لیۆن دەچێتە تەلارەکەوە، هەموو شوێنێك تاریکە لەگەڵ داگیرسانی چراکەی، دەنگی هاوڕێ لەوانە: کیت و کارن بەرچاو دەکەون، ئەوانە بەیەکەوە هاوار دەکەن .

هاوڕێیان : میوانەکان !

هەموویان بۆ لیۆنی سەرگەردان فیکە و چەپڵەلێ ئەدەن، بەڕوالەت هەموو هاوڕێکانی لەتەمەنی لیۆن دان، بەڵام شێوازی لەبەرکردنی جل و بەرگی ئەوان زۆر ئاسایی تر لەلیۆن. تابلۆی دەستی ئەوەپێشان ئەدات کە : (قیلیج یەك ئازاد بکەن).

کارن دێتەپێشەوە و، خواردنەوەیەك ئەدا بەلیۆن .

کارن : من و کیت وامان دەزانی کەلەوانەیە لەدوا شەوی ئازادیت، لەو جەژنە بچکۆکە خۆشحاڵ بیت .لەبەرئەوە تەلەفۆنم بۆیەك دوو کەس کردووە ئەوانیش تەلەفۆنیان بۆ یەك دووکەسی تر کردووە و ... ئەم خەیاڵەی بەجولاندنی پەرداخەکەی بەرەو لای ژوورە

قەرەبالّغەکە تەواو دەکات، لیۆن زۆر بەگێژی دێتە بەرچاو کە بۆچی هاوڕێکانی کۆبوونەتەوە تاپیرۆزبایی لێ بکەن و، هانیشی بدەن؟

هاوڕێیانی : وتاربێژی ! وتاربێژی !

دەگۆڕێت بۆ دورشم . کیت ڕێنمایی لیۆن ئەکات هەتا لەسەر سندووقی شیرەکەبوەستێت.

کیت : (بۆ گرووپەکە) هاوڕێیان، هاوکاران و هاوڕۆلەکان .

(وتنی دروشم نزم دەبێتەوە) ،ئێمە لەم شوێنەدا کۆبووینەتەوە بۆ ستایشکردنی پیرنستین، نەوەکو وازلێهێنانی .

دەنگی پیاوێك : ڕاستە !

کیت : پیاوێك کە ئازایانە باوەڕی خۆی پاراستووە ...

دەنگی دووەم : ڕاستە !

کیت : (بەردەوامە) هەروەها بەپێچەوانەی هەڵکردنی بای بێ خەیاڵی، ڕێنمایی کەشتی ژیانی کردووە : ویژدانی کۆمەڵگەی چینی دەیەی حەفتا ، لیۆن بیرنستینە !

هەموویان هاواردەکەن و هانی ئەدەن و چەپڵەلێ ئەدەن .

هاوڕێیان : -وتاردان ، وتاردان !

- بڵێ لیۆن !

- وەزع چۆنە ، بڵێ !

- بەچ شێوەیەکە ؟

دەنگی لیۆن : ئەی چۆنی بوو !

هەموویان پێدەکەنن ، ئەو پێکەنینەی کە بتەوێت و نەتەوێت گاڵتەجاڕی لەخۆیدایە ، کارن سەیر دە کات . لیۆن نازانێت بەچ جۆرێك لەگەڵ ئەم حاڵەتە هەڵس و کەوت بکات .

نائومێدی و سوپاس کردن لەیەك شوێندا کۆبۆتەوە . بێدەنگی زاڵ دەبێت . لیۆن هەوڵ ئەدات شتێك بڵێ .

لیۆن : من ، ئا ... من نا ... زا ...

دەنگی پیاوێك : زمانی بەستراوە ! زمانی برنستین ببەسترێت؟!

دەنگی ژنێك : شتی وانابێت .

پێکەنینی زیاتر . هەموو چاوەڕوانن بەڵام لیۆن نازانێت چی بڵێت، کارن وا هەست ئەکات کە کێشەیەك دروست بووە هەنگاوێك دێتەپێشەوە .

کارن : وتاربێژی هەڵگرە بۆ دادوەری داداگا ، لیۆن .

کارن دەستی لیۆن دەگرێت و لەسەر سندووقەکە ئەیهێنێتە خوارەوە . هەموویان چەپڵە لێ ئەدەن . کارن بەهێواشی لەبەرخۆیەوە ورتە ورت ئەکات .

کارن : چی بووە .

لیۆن لەگەڵ کارن واق دەمێنێ! ئەوەندەی پێناچێت دەنگی ئارەزوومەندان ، ئەو واق وڕمانە دەبڕێت .

هاوڕێیان : سەرکەوتووبیت لیۆن .

بەڵێ بچن بۆ دۆزەخ ...

بانکدارێکی گەنج دێتەپێشەوە، تا تەوقە لەگەڵ لیۆن بکات .

بانکداری گەنج : هێ ی لیۆن ، (بیت) زۆرحەزی دەکرد بێیتە ئێرە ، بەڵام نەمان توانی سەرپەرشتیارێك بۆ منالەکان پەیدا بکەین .

لیۆن خەریکە پێبکەنێ، چارلی دێتە پێشەوە هەردوولای شانی لیۆن دەگرێت و، ڕاستەوخۆ دەڕوانێتە چاوەکانی .

چارلی : لیۆن(توند تر مشت بەشانی ئەو دادەکێشێ) لیۆن...

لیۆن : چارلی . (کارگوزارێك لەپشتەوە جگەرەکانی پێشانی دەروبەریان ئەدات) .

کارگوزار : کێ ئاگری پێیە .

ژنی گەنج : ئۆو عەلەف ! لەکاتێکدا دووگیان بووم ، جگەرەم نەدەکێشا .

(چارلی هێشتا لیۆنی گرتووە) .

چارلی : تۆ زۆر بوێر و ئازایت، لەمن باشتری هەندێ جار بیرم دەکردەوە تۆ کەسێکی نائاسایت، بەلآم..ئیرەیی پێدەبردیت (چارلی باوەشی بۆ لیۆن ئەکاتەوە، دەنگی پیاوێك لەگۆشەیەکی تری ژوورەکەوە دێت هاوار دەکات).

دەنگی پیاو : هێ ی تەماشای ئەو یاریە بکەن !

هەموویان سەیری گۆشەیەکی تری ژوورەکە دەکەن : یەکێك لەمیوانەکان شێوەی خۆی وەك لیۆن لێکردووە، جل و بەرگی قەشەی لەبەرکردووە.

قەشە : باوکە گوێدۆ ساردوچی ! [33]

26-ناوەوە . گەرماوی لیۆن – شەو

کارن و لیۆن لەتەنیشت یەکەوە دانیشتوون، دەرگاکە دادەخرێت بەپێچەوانەی دەنگەکانی جەژنی دەرەوە کەش و هەوای ئەم شوێنەخەم ئامێزە. کارن کەمێك سەیری لیۆن دەکات و دوایی دێتە قسە .

<کارن : ئێستا ئەتەوێ چ کارێك بکەی ؟

لیۆن : نازانم (کارن هەولّ ئەدات دلّی شادبکات).

کارن : سەیرە تۆدەبێ خۆشحالّ بیت، مەبەستم ئەوە یە کە کێ حەزدەکات بچێتە زیندان ؟!

(لیۆن وەلآم ناداتەوە ماوەیەك هەردووکیان بێ دەنگ دەبن .)

[33] Guido Sarducci .

لیۆن : ئەمڕۆ تەلەفۆنم بۆ باوکم کرد.

کارن : تەلەفۆنت کرد ؟

لیۆن : ئەزانی چی ووت ؟ وتی: (هەمیشە ناتوانی دەست پێبکەی لیۆن، ئەم ولاتە هێشتا هەر نیشتمانێکی خۆشبەختیە). باوەڕ بکە ؟(نیشتیمانی خۆش بەخت). هەروەك ئەو دوکانی ئازووقە فرۆشیەی، نزیکەی 35ساڵە هەڵیدەسوڕێنێ دراوسێکان سێ جار ڕەنگیان گۆڕیوە، بەڵام دز دوکانەکەی بڕی لێدانی خوارد تەقەیان لێکرد هێشتا دەڵێت : ژیان لەم ولاتە دەسکەوتێکی گەورەیە تایبەتمەندە. بەڵام دەبێ خەبات بکەین هەتاکو پارێزگاری بکەین ،لەماوەی ئەم هەموو ساڵانەدا بیرم کردەوە هەمان ئەو کارانە بکەم، ئازادی وەك گەنمەیەك وابوو بۆ گەردنی دەوڵەت کەگرنگی بەخەڵك نەدا. ئەگەر ئێمە بۆ ئەو بەهانەیە خەبات نەکەین کەباوەڕمان پێیەتی ئەوباوەڕانە لەناودەچن !> تێناگەم ئیتر خەڵك چۆن ئەتوانن گوێ بەم مەسەلەیە نەدەن .

کارن : لیۆن خەڵك گرنگی پێئەدەن؟ ئەوان گرنگی پێ ئەدەن مەسەلەکە ئەوەیە کەئەوانە گرنگی بەشتە تازەکان ئەدەن بەلێپرسراوێتی یە تازەکان .

(هەر لەدوای ئەو ڕستەیە خاوەن بانك بەلارەلار دێتە ژوورەوە، لەگەڵ ئەوەی کە کەمێك خوارو خێچە، خێرا هەست بەهەڵەی خۆی دەکات .

بانکدار : شانم خەریکە ئاخ ...

لیۆن گوێ ناداتە ئەو و بەردەوامە لەقسەکردن .

لیۆن : ئەگەر تۆ گرنگی بەشتێك بدەی ڕاستەوخۆ هەنگاو دەنێ ی .

بانکدار : مسەلە چی یە ؟

کارن : لیۆن یان بەخشیوە !

بانکدار : ئۆو ، زۆر خراپ بوو !

لیۆن : چۆن ئەو کارەی کەدەیکەیت ، شتێك بەرەو گۆڕان دەبات. ئەگەر ئێمە نەین باشە کێ دەبێ سەرقاڵی کێشەکانی دنیا بێت ؟ ئێمە هەست بەم کێشەیە دەکەین .

پاریژەر دێتە ناو گەرماوەکەوە .

پاریژەر : چی بوو؟

بانکدار : لیۆن یان بەخشیوە .

ئەم باسەخێرا لەم دەمەوە بۆ ئەو دەم دەگوێزرێتەوە و،هاوڕێکانی یەکە یەکە دێنە گەرماوەکەوە.

لیۆن : ئێمە بڕوامان بەچەند شتێك هەبوو : گرنگیمان بەهەژاری و بەدبەختی و ڕەگەزپەرستی و جەنگ ئەدا، ئەم مەسەلانە نەگۆڕاون ، ئێوە گۆڕاون .

پاریژەر : لیۆن ئارام بگرە .

لیۆن : دوانزە ساڵ ئارامم گرت .

بێدەنگییەکی درێژخایەن ... هیچ کەسێك بەتەواوی نازانێت دەیێت چ هەڵس و کەوتێك ئەنجام بدات. لەئەنجامدا کیت لەدواوەی ئەو میوانانەی کەلەبەردەم دەرگاکەدا وەستاون دێتە قسە .

کیت : تۆ لێرەدا تەنیا کەسێك نیت کە باوەڕت بەشتێك هەیە .

لیۆن : خەریکە ئەوە دەبینم .

پاریژەر : لەڕاستیدا تۆ کێیت کەبەمن دەڵێ ی بەچ شێوەیەك بژیم ، ها ؟

هاوسەرەکەی : مایکڵ ...

پاریزەر: خوولەکێك ئارام بە بزانم، مەگەر بڕیارە هەست کردن بەلێپرسراوێتی و لەم جۆرە شتانە، تایبەت بەلیۆن بێت ؟

چارلی : هیچ ی پاریزەر بازمەدە ئەوکاری خۆی ئەنجام داوە و قەرزی داوەتەوە .

پاریزەر : باشە ، منیش بەهەمان شێوە بەهەمان شێوە هەموو ئەو کەسانەی کەلێرەدان. مەگەر تۆ لەماوەی ئەم دوانزە ساڵەی ژیان لەناو ئەو ژێرزەمینە چ کارێکت کردووە ؟

لیۆن : چ کارێکم کردووە ؟

پاریزەر : بەڵێ، ژنێك کەبەڕێوبەرە لەناو دەرگاکە وەستاوە، دەکەوێتە نێوانیانەوە.

بەرێوەبەر : لیۆن ، تۆ ئەو کارەی کەدەبوایە بیکەی کردت، ئێمەش ڕێزی ئەوکارەی تۆ دەگرین بۆ ئەوەش لێرەداین .

هاوڕێیان : ئەرێ ڕاستە .

بەڕێوەبەر : لێپرسراوێتی جۆرەها شێوەی هەیە ..ئێمە زۆربەمان خێزان و کارمان هەیە، ئەوشتانەش گرنگن لیۆن .

کیت : ئەوەی ژیان لەو شتەی لەقۆناغی خوێندکاری بیرمان لێ دەکردەوە، کەمێك ئالۆزتر. هەموو هەڵبژێراوەکان لەنێوان سپی و ڕەشدا نییە، بەو سادەییە نییە .

لیۆن : جەژن تەواوبوو .

27-ناوەوە .تەلارە کەی لیۆن – ڕۆژ

تیشکی دەمەوبەیان لەتەلارەکەی لیۆنی دا، پاشماوەی جەژنی دوێنێ شەو دەرئەخات، دەنگی خوڕەخوڕی ئاوی گەرماوەکە دێتەگوێ ی .

28-ناوەوە . گەرماو – ڕۆژ

لیۆن بەرامبەرئاوێنەی گەرماوەکە وەستاوە، بەوردی قژی خۆی کورت دەکاتەوە .

29-ناوەوە . تەلارەکەی لیۆن – ڕۆژ

لیۆن دەستی بۆناو بۆفیەکە بردووە، قژی سەریشی بەجۆرێك کورت کردۆتەوە کەجێی سەرنجە. لەناو بۆفیەکەدا جل و بەرگێکی نیلی کەوا دەرئەکەوێ مۆدێلی 15ساڵ پێش ئێستا بێت، دەرئەهێنێت و بەئەندازەی خۆی ئەگرێ، سەرنجی ئەدات و چەند جارێك بەتوندی ڕای ئەوەشێنێ هەتا تۆزوخۆڵەکەی لێبێتەوە .

30-دەرەوە . تەلارەکەی لیۆن – ڕۆژ

لیۆن لەسەرخۆلەپلیکانەی تەلارەکەی دێتەسەرێ، وەك خووی هەمیشەیی دووڵ دەێت و هاتووچۆی بەیانیانی بۆ شتەگوماناوییەکانی لێ ێدەکۆڵێتەوە. ئەگەرچی خێرا خۆی دێت و درێژە بەڕۆیشتن دەدات، گرووپێکی سێ کەسی منالاّن لەبەرامبەریەوە لێی نزیك دەێتەوە. لیۆن لەبەرخۆیەوە قسەدەکات کەمندالّەکان بەلایدا تێ ئەپەڕن .

لیۆن : سلاّو منالّەکان .

بەڕوالّەت وا دیارە کەمنالّەکان ناینناسن و لەڕۆیشتنی خۆیان بەردەوامن. ئەم حالّەتە لیۆن ناڕەحەت دەکات، ماوەیەك دەڕوانێتە منالّەکان . دوایی ملی ڕێ دەگرێت .

31-پاسی هاتوچۆی ناوشار – ڕۆژ

لیۆن لەپاسدایە وەك هەموو گەنجە سەرقالّەکان دێتە بەرچاوکە دەچێتە سەرکار .

32-دەرەوە . فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی لۆس ئەنجلۆس – ڕۆژ

لیۆن بەرەو تەرمینالّ دەڕوات .

33-ناوەوە . تەرمینالّی فرۆکەخانە – ڕۆژ

لیۆن دەچێتە ناو تەرمینالّ و سەرنجی دەوروبەری ئەدات، چەند ڕیزێکی کورسی لەناوەڕاستی هۆڵ و دوابەدوای یەکتر بۆ چاوەڕوانی گەشتیاران دانراوە، لیۆن دەچێتەپێشەوە و

لەسەرکورسییەك دائەنیشێ. ژنێك لەسەرکورسی لەدوای لیۆنەوە دانیشتووە، ژنەکە ئەچەمێتەوە جانتاکەی دەستی فڕێ ئەداتە ژێرکورسییەکە! دوایی هەڵدەستێت و دەڕوات لەهەمان کاتدا دەرئەکەوێ کە ئەو ژنە گەنجە خودی (کارنە) .لەگەڵ ئەوەشدا، نە ئەو ئاماژەیەك یا نیشانەیەکی بۆ ناسینەوەی خۆی دەردەخات ، نە لیۆن ،

دوای ساتێك، لیۆن دەروویەری خۆی دەگەڕێ، هەموو شوێنێك ئارام و بێ مەترسی و ئاساییە. لیۆن ئەچەمێتەوە دەست دڕێژ ئەکات بۆ ژێرکورسییەکە، جانتا دەستیە فڕێ دراوەکەی هەڵدەگرێت .

34-ناوەوە . دەست شۆرییەکانی پیاوانەی فڕۆکەخانە – ڕۆژ

لیۆن دەرگای یەکێك لەدەست شۆرەکانی لەسەرخۆی داخستووە، جانتا دەستیە فڕێدراوەکەی دەکاتەوە و، دەستێك جل و بەرگی ڕەسمی فڕۆکەخانە لەبەردەکات، بەتەواوی ئەندازەی ئەوە،شوێن ناوێك لەسەر گیرفانی لای سنگی دیاریکراوە.

جارێکی تر دەست ئەخاتەوە ناو جانتاکە، تەختەیەکی پەنجەیی تیایە ، کە وا دەرئەکەوێ زانیاری زۆری ڕەسمی لەسەربێت دەیهێنێتەدەرەوە .

35-ناوەوە . پاسەوانی فڕۆکەخانە – ڕۆژ

لیۆن لەگەڵ گروپێکی گرنگ لەمیوانەکان دەڕوا، کەلەشوێنی پشکنینی پاسەوانی کۆتایی بەپەتی فڕۆکەخانە تێ ئەپەڕن، دووپاسەوانی سەربازی لەهەردووڵای دەرگای پشکنینی کانزایی وەستاون. میوانەکان یەکە یەکە لەدەرگاکەوە تێ ئەپەڕن، لیۆن دوودڵ ئەبێت دەمێنێتەوە، دوایی بەرەو شوێنی پشکنینی پاسەوانی دەڕوات .

36-ناوەوە . ژووری دانیشتنی کیت و کارن – ڕۆژ

کیت هەوڵ ئەدات گوێ لەهەوالّی ئێوارە بگرێ، جینیفەر لەژووری دانیشتنی پڕ دەنگەدەنگ سەرقالّی یاریپە .

بێژەری هەوالّی تەلەفزیۆن : (لەسەر شاشە) ...ئەم کەسانە لە1974وە بەرەو کەم بوون چوون.

(هەوالّێکی تازە)

ئەمڕۆ لە دیمەنێکدا کە هێنانەوە یادی دەیەی 1960ی پڕ ئاژاوەبوو، یاخی بوویەک خۆی بەبۆری لندینگی فڕۆکەی جەنگی 1 B- بەستبۆوە .

کیت خێرا هەلّدەستێت و، بەوردی سەیری شاشەی تەلەفزیۆن دەکات .

بێژەری هەوالّی تەلەفزیۆن : (بەردەوامە) ئەم فڕۆکە 100ملیۆن دۆلارییەی کە بۆپێشانگەدانراوە، بەناوی بەشێك لەتۆڕی پەیوەندییەکانی گشتی لەسەر ئاستی میللی یە، تا ببێتە یارمەتیدەر و ڕێکلامێك بۆ بەرنامەی تازەی 130ملیۆن دۆلاری بەرگری سەرکۆمار ڕیگان .

کیت : (ڕوخساری بێژەری هەوالّ) کارن ، کارن ، خێرا وەرە ئێرە !

37-ناوەوە . چێشتخانە – شەو

کارن سەرقالّی ئامادەکردنی نانی ئێوارەیە، کاتێك دەنگی هاواری کیت دەبیستێت هیچ سەرسوڕهێنەر نەبوو .

کیت : (خ . ت .) .

کارن : کارن بەرەو ژووری دانیشتن دەڕوات .

38-ناوەوە . ژووری دانیشتن – شەو

کیت ئەبڵەقی سەیرکردنی شاشەی تەلەفزیۆنە! کارن دێتە تەنیشتی و لەهەمان کاتدا جینیفەر دێتەلایان .

39-شاشەی تەلەفزیۆن

هەواڵی تەلەفزیۆنی وێنەیەکی لیۆن پێشان ئەدات، چەند پۆلیسێك کەلەپچەیان کردۆتە دەستی لیۆن و دەیبەن. لیۆن زەردەخەنەیەك دەیگرێ و ئاماژەیەکی ڕێکەوتن ڕووبەڕووی کامێرای تەلەفزیۆن دەنوێنێ.

بێژەری هەواڵی تەلەفزیۆن : (دەنگی پەیامنێر) بەناوی لیۆن بیرنستین ناسێنرا، ئەو ئەندامی گرووپێکی نهێنی تووند ڕەوە، بیرنستین 1970 کەدەوترێ مەڵبەندێکی ناردنی هێزی لەشاری نیۆرك وێران کردووە! لەژێرچاودێری پۆلیس دابووە هەروەها کاربەدەستانی لێپرسراو بەجدی لەدۆزینەوەی ئەو خاڵەدا بوون، کەبیرنستین بەچ شێوەیەك چۆتەناوچەی سەربازیی و ئاسایشی. کەدەستگیرکرا جل و بەرگی کۆمپانیای فڕۆکەوانی وێسترنی لەبەردابوو.

گەڕانەوە بۆ :

40-کیت و کارن : کیت بەبیستنی ئەو هەواڵە خێراسەیری کارن دەکات، دەڵێی شتێکی شاراوەی هەیە چارەسەری بکات . کارن زەردەخەنەیەکی جوان دەیگرێت .

کۆتـــــــایی

لەپێش بە دواداچوونی دروستکردنی کەسایەتیەکان، دیکۆرکێشی ،پێکهاتە و هەوێنی چیرۆك و، دەربارەی تەکنیکەتایبەتییەکانی (ڕێوندهارتونگ) -نووسەری سیناریۆی فایلی لیۆن- قسە دەکەم .

سەرنج بدە کە هارتونگ بەشێوەیەکی کاریگەر، سوود لە گفتوگۆی ڕەمزی و تێکەڵ و پێکەڵ لە دیمەنی ژمارە (8)وەردەگرێت. لەکاتێکدا کەکیت و کارن بەیەکەوە قسەدەکەن، لیۆن لەگەڵیاندا قسەدەکات، بێجگە لەسەرگەرمی گفتوگۆی ڕەمزی و تێکەڵو پێکەڵ، ئەوەپێشان ئەدەن کەکیت و کارن گیرۆدەی مەسەلە خێزانییەکانن و، لەبەرئەوەی لیۆنیش دەربارەی نووسینەکانی ئەدوێ گوێی پێنادەن. ئەگەر سەرنج بدەیت بۆت دەرئەکەوێ کە هارتونگ گاڵتەی ئاشکرا دروست ئەکات. لەکۆتایی دیمەنی ژمارە 16کیت کارن دڵنیا دەکات : (نیگەران مەبە لیۆن کەمێك سەیر و سەمەرەیە، بەڵام ئەتوانێت کۆنترۆڵی خۆی بکات) (کیت ئەم ڕایە دڵنیا بەخشە،لەکاتێکدا دەڵێت کەلەپەنجەرەوە سەیری دەرەوە دەکات ،لیۆن دەبینێت لەپەنجەرەوە دێتەژوورەوە.) ئەم هەڵس و کەوتەی لیۆن بەواتای ئەوەیە کە ئاگای لەخۆی دەبێت. وەڵامێکی باش دەبێت سەرنج بدە بەگاڵتەی ئاشکرای کابرای بێ ئارام لەتەنیشت کابینەی تەلەفۆنەکە، لەکاتێکدا کەلیۆن تەلەفۆن بۆ iFB. دەکات. (دیمەنی ژمارە 23) کابرای نائارام گوێی لە قسەکانی دەبێت و دێتە ئەو بڕوایەی کەلیۆن ڕاکردوویەکی ترسناکە! لەدوایدا ڕادەکات .

نووسەر لە دروستکردنی کەسایەتییە لاوەکییەکانیش بەدیقەت خۆی ماندووئەکات. لەدیمەنی جەژن (دیمەنی ژمارە 25)چارلی (هەردووشانی لیۆن دەگرێت و ڕاستەوخۆ دەڕوانێتە ناوچاوی) ،چارلی لەکاتێکدا کەبەدوای وشەیەکدا دەگەڕێ، هەر بەوشێوەیە لیۆنی گرتووە. لەئەنجامدا چارلی ستایشی ئازایەتی ئەو دەکات و ئیرەیشی پێ دەبات . لەدیمەنی دوایدا کاتێ وەکیلی پاریژەر ڕەخنە لەلیۆن دەگرێت ،چارلی بەرامبەری ئەو دەوەستێت : ((هێ ی وەکیل ، هێرش مەکەرە سەری ئەو فەرمانی جێ بەجێ کردووە، قەرزی خۆی داوەتەوە .)) هارتونگ ئەو کەسایەتییە ئارامە دروست دەکات و بەتەواوی لەچەند دێڕێکدا بەباشی گیان دەبەخشێت .

هارتونگ بەچەند وشەیەکی کەم، چەند دیمەنێکی زیندوو دەخولقێنێت و، وشەکان بۆپێناسە و هەڵس و کەوت و کەسایەتی بەفیرۆنادات . بۆنموونە لەدووکانی زیراکسی (دیمەنی ژمارە 9) دوکاندار فرۆشەکانی بەخێرایی ئاشکرادەکات، داواکردنی پێشینەی ئەو وحاڵەتی ئێستاکەشی. (دیمەنی ژمارە26) نموونەیەکی تری کورتکراوە، بەڕستەیەکی کارن دەست پێ دەکات : (سەیرە تۆ دەبێ خۆشحاڵ بیت، مەبەستم ئەوەیە کە کێ حەز ئەکات بچێتە زیندان؟)) لیۆن دەربارەی لێ خۆش بوونی خۆی پێی وتوە. هارتونگ ئەی توانی دیمنکە لەوێوە دەست پێبکات، بەڵام پێویست ناکات چونکە خوێنەر و بینەر ئەو بابەتە دەزانن. لەبەشەکانی داهاتوودا پێشنیازی ئەوەم بۆ تۆ کرد، کەهەتا ئەو شوێنەی کەدەتوانیت دیمنەکە درەنگتر دەست پێبکەیت. هارتونگ بەتەواوی هەمان ئەوکارانەی کردووە .

هارتونگ لەدیمەنی یەکەمیشدا سەرنجی خوێنەرو بینەر ڕادەکێشێت .(دیمەنی ژمارە17) کاتێ دەست پێ دەکات، کە لیۆن (جل و بەرگی پۆستەچییانی لەبەرکردووە، چاویلکەی دژە خۆری لەچاودایە و، کلاۆی بیسبۆڵی لەسەردایە، لەسەرچوار ڕیانی قەرباڵغی بەشی ناوخۆیی وەستاوەو، بەیاننامەکان پەخش دەکات. دوو سێ خوێندکار خەریکن ڕیکلامی لیۆەربگرن، لێرەدا لیۆن بەشێوە و ڕوخسارێکی ترلەبەژن و بالاێەکی جیاوازدا لەپێش بینینی خۆی دەرهاتووە و! ئێمەبابزانین لەدوای ئەوە چی دەکات.

لەئەنجامدا بەڕای هارتونگ ئامادەبوونی میوانەکان لەماڵی لیۆن نەدەبوایە لەوتنی بەخێرهاتنەوە دەست پێبکات. دەبوایە بهاتنایە سەریان گەرم بکردایە، کاتێك لەو شوێنە بڕۆن، کەخوێنەر وبینەر زیاتر دەیانەوێ لەکۆتایی (دیمەنی ژمارە13) واتا بەرامبەر بینای تەلاری ڕۆژنامەی تایمزلۆس ئەنجلۆس،((لیۆن بە پیادەڕوی لەلای بیناکەوە هەتا دەرگایەکی لاوەکی بلۆزنەوە. شتێکی باشتر پەیدائەکات : گروپی شوشەشتن ئامێرێکی میکانیکی ئامادە ئەکەن

کەلەیناکە بـچنەسەرەوە، لیـۆن سـەیری ئـەو لایـەدەکات)) ئەیـەوێ چـی بکـات ؟ لـە(دیـەنی ژمـارە21) لەپرسـگەی کۆمپانییـەکی یاسـایدایە، لیـۆن لـە ڕازی کردنـی کارمەنـدی پرسـگەکە سـەرنەکەوتوو نایێـت، ناتوانێـت وەکیـل ببینێـت. کۆتـایی دیـەن، (لیـۆن بەمبەسـتی ڕۆیـشتن دەگەڕێتەوەبـەدەر لـە وکـارە سـەرنجی کارگوزارێـك ئـەدات، کەلەپـشت سـەری کارمەنـدی میوانـداریی تێ ئەپەڕی و بەرەوشوێنی نووسینگەکان دەڕوات. لیۆن دەچێتەخەیاڵەوە . چ خەیاڵێك ؟

کۆتایی هەردوو دیمەنەکە، بینەرپرسیاری ڕەهادەکات، دیمەنەکانی دوایی وەلاّمی ئەوپرسیارانە ئەدەنەوە. هارتونگ لەکۆتایی دا چەند دیمەنێکی تامەزرۆ لەبینەردا بەدی دێنێت، کەلەدیمەنی دواییدا بەباشی وەلاّمدەری ئەوانەیە .

فایلی لیۆن ، بیست شوێنی ڕاستەقینەی وێنەگرتنی (لۆکەیشن) هەیە، کەبۆ فیلمی کورت نائاسایی و زیادە. لیۆن لەهەموو ئەوانەدا بێجگە لەیەکێکیان ئامادەیی هەیە، لەگەڵ ئەوەش لیۆن فەرمانی لە سەرە، لەو جۆرە کەسانە نییە کە ماوەیەکی دوورو درێژ لەیەك شوێن بمێنێتەوە. لەماوەی 36 کاتژمێر بەجدی سەرقاڵە لەپەخشکردنی پیرۆباوەڕی خۆی، بۆ گەیشتن بەو ئامانجە ڕووبەڕووی ڕێگریی دەبێتەوە، گوێ نادا بەوانەو بەرەو چەند شوێنێکی زیاتر دەڕوات.

گرنگترین شوێنی وێنەگرتنی ئەم فیلمە لە یەکەمین دیمەندایە، کە ڕێژند هارتونگ بەشێوەیەکی تیژو تەسەل پێناسەی دەکات، ئەو شوێنە زۆر شت دەربارەی ڕابردووی لیۆن و حاڵەتی ئێستاشی بەئێمە دەڵێت .(لەوبارەوە ، لەبەشی چڕوپڕ تر باسی دەکەین). تەلارەکەی واپێشان ئەدرێ کەخاوەنەکەی ناڕێك و پێك هەژار و سیاسی یە : شتە لەبەرچاوەکانی تری دیمەن، بەسەرهات و، کەسایەتییەسیاسییەکانی ڕابردوون. لیۆن بەشێوەیەکی دەروونی لەڕابردوودا دەژی، شووقەکەی ڕابردوویەکی بۆ دروست ئەکات کەلەوێدا بژی .

فایلی لیۆن وەك زۆربەی سیناریۆ کورتەکان، تەنیا یەك کەسایەتی سەرەکی هەیە. لەچەند شوێنێکی جیاجیا لەگەڵ ئەودا هاو ڕادەبین، ڕووبەڕووی چەند کێشەیەك دەبێنەوە و، لەگەڵ چەند کەسێکی زۆر هەڵسوکەوت دەکەین و، لەکۆتایی سیناریۆکەدا ئەوبەباشی دەناسین.

لیۆن نەئازاری کەسێکی داوە و، نەئەتوانێت بیکات، ئەگەرچی واتای ناوەکەشی (شێر) ە. بەڵام پشیلەیەکی بێ ئازارە وەك زۆربەی خەڵك گیرۆدەی شکۆ و گەورەیی ڕابردووە و ڕەوان بێژی پڕ جۆش و خرۆشاوییە. تەنیا ئەندامێکی چالاکی سیاسی دەیەی شەستە، کەلەدەیەی هەشتا لەسەردەمی ڕۆنالد ڕیگان دەژی. لیۆن لەوکاتەدا جێگەیەکی نەبووە و زیاتر گێل و خڵەفاو دێتەبەرچاو.

ئەگەرچی لەوانەیە بکەومە بەر ڕەخنە، بەڵام من لیۆنم خۆش ئەوێ زەرەری لەهیچ کەسێك نەداوە، (هەروەها باشیشی لەگەڵ کەس نەکردووە) . دڵێشی بەشوێن شتەباشەکانەوەیە هەوڵ ئەدات خەڵك دژی بێ دادپەروەری کۆمەڵایەتی بجوڵێنێت، بەڵام ڕووبەڕووی ڕێگری دەبێتەوە، بەردەوام دەست دڕێژی دەکرێتە سەر غیرەت و شەرەف و پێگەشی . نموونەی (2)ئەوەپێشان ئەدات کەچ قۆناغێکی پڕکێشەی بەسەراتێ ئەپەڕێت . لەبەیانی ئەمڕۆ و بەڵکو لەپێش ئەوە بێزاربووە، شەو شتێکی نییە ڕووی تێبکات ئائومێدو بێتاقەتە، هەتا وشەیەکی نییە بۆ وتن، لەگەڵ ئەوەش کارەکانی ڕائەپەڕێنێ بەوجۆرەی کەلەفیلمە جیاجیاکاندا بینیومانە و لەژیانی فێربووین : سبەینێ ڕۆژێکی تر، ئەو جارێکی تر دەست پێ دەکات و لەکارەکانیشیا سەرکەوتوو دەبێت.

لیۆن کەسایەتییەکی ئالۆزە! قسە لەسەر ئامانجێکی بەبەهادەکات . بەڵێ ، خودی ئەو هێڵە دێتەبەرچاو. - هەمیشە ناوی خۆی بەو ئامانج و هیوایەوە دەبەستێتەوە —لەوانەیە

کەسێك خۆی لەکەسانی ترلەپێشتر دابنێت، هەندێ لەهاوڕێکانی لەکۆتایی میواندارییەکە لەبەرامبەری ئەودا دەوەستن و، بەتەوسەوە ئەوە دەهێننەوە یاد کەلەدەیەی شەست بەدواوە، خۆیان وەك پارێزەری بەرگری ، بانکدار ، بەڕێوبەری چالاك و پەیامنێر، ڕۆڵی خۆیان بینیوە. لەکاتێکدا کەلیۆن لەماوەی دە دوانزە ساڵی دوایدا خۆی شاردبۆوە و، شتێکی تایبەتی نەبووە کەبیەوێ بۆ قۆناغی خۆی ڕووی تێبکات، تەنیا (یادەوەرییەکان ... ژیان لەبەرگریدا) :کۆمەڵێك وەرەقەی چاپکراوی نارێك و پێك ،لەوانەیە هەندێك ئەو بە کەسێکی سەرەتایی تێبگەن، پیاوێك بەقژی درێژ کەجل و بەرگ لەبەردەکات، تۆوی ڕەشبینی لەکۆمەڵگەدا بلاۆدەکاتەوە .



شێوەی ژمارە (2) دروستبوونی فایلی لیۆن/ (دیمەنە لابراوەکانی سیناریۆ تێبینی نەکراون)

لیۆن بەرامبەر بە ژیان وەفاداره، من کەسێکی وەک ئەو ناناسم، بەڵام دەتوانم بیناسم .لەبەرئەوە باوەڕ بەو دەکەم ئەو هۆکارێکی دەستی نووسەر نییە، کەبیەوێت خاڵێک بسەلمێنێت. بەوهۆیەوە لیۆن هێندە هەستی مرۆیی تێدایە.. بۆنموونە کاتێک سەرنجی ئەو ئەدات کەئیتر لەژێرچاودێری لێپرسراواندا نەماوە، بەتوندی تووڕەیە و دوایی بیتاقەت ئەبێت، پشتی لەژیان نەکردووە لەبەرئەوەی هاوڕێی هەیە، ئەگەرچی لەبەرچاوی ئەوان لیۆن لەژیانێکی سەیروناچالاکدایە. کارن لەودا کاریگەرییەکی تایبەتی دەبینێ و، ئەو لەسەرحەقە و ئەم خالەباشە بۆخۆشەویستی لیۆنە، هەتا کارن تاڕادەیەک دەچێتەپێشەوە کەبەیارمەتی ئەو دەیەوێت بۆ ئەوجیهانە بێ هیوایەی کارێک بکات، کاری خۆیشی ئەخاتە مەترسیەوە .

ئامانجی لیۆن دیاریکراوە : دەیەوێت ئامانج و خۆیشی بۆ هەمووان بناسێت. چۆنی ؟ بەخۆدەستەوەدانی بەلێپرسراوان، بەتاوانی کردەوەکانی ڕابردووشی، کە (وێران کردن)ی مەڵبەندێکی ناردنی هێزو ڕاکردنی سەربازییە. نموونەی (2)ئەوەپێشان ئەدات ،کەبۆ گەیشتن بەئامانجی خۆی لەماوەی 36کاتژمێر،(یالەهەمان ماوە) ڕووبەڕووی ڕێگری دەبێتەوە، بڕیار ئەدات بەردەوام بێت و سەرکەوتووش دەبێت. لیۆن لەڕەوتی بەگشتی کردنی ئامانجیشی ،ئەم قۆناغانەی خوارەوە تێ ئەپەڕێنێت .

1-خۆ ئامادەکردن بۆ ڕۆژی دیاریکراو، هیچ مەسەلەیەکی گرنگی نییە، تەنیا سێلێکی فریو دەرو دەردی سەرئاوەر.

2-نەخشەوپلانی خۆی بۆ کیت و کارن دەخاتەڕوو، نووسینەکانیشی دەشارێتەوە، ئەو دوو هاوڕێیە یارمەتیەکی باش نادەن و، هەندێ جار ئەو نادیدە سەیر ئەکەن.

3-لیۆن لەدووکانی فۆتۆکۆپی ،ڕاگەیاندنێك سەبارەت بەخۆپێشاندان کۆپی ئەکات، کارمەندی دووکانەکە کەسێکی هیپی یە چۆتەتەمەنەوە، (کەمکردنەوەی تایبەتی بـۆ ڕاپەڕین) بەلیۆن نادات .

4-لیۆن لەتەلاری ڕۆژنامەی تایمزلۆس ئەنجلۆس، ناتوانێت کیتی هاوڕێشی ببینێت و هەوالّەکە بەو بگەیەنێت .

5-خوێندکاران لەزانکۆ بەیاننامەکان لەلیۆن وەردەگرن و، خێرا بلاّوی دەکەنەوە .

6-لیۆن بۆ چاوپێکەوتنی پاریژەر کێشەی هەیە و، کاتێك ئەو دەبینێت سەرنج ئەدات کەپاریژەر ئیتر ئەوکارانە ئەنجام نادات، کەپەیوەستن بەبەرگری، (چونکە بەرگری بوونی نەماوە).

7-لیۆن لەگەلّ F.B.Iپەیوەندی ئەکات ، تاخۆپێشاندانی سبەی بەوان ڕابگەیەنێ، بەلاّم سەیر دەکات کە- کارتەر- نەیارانی جەنگی ڤیێتنامی بەخشیوە .

8-لیۆن ئاهەنگێکی چاوەڕوان نەکراو پەسەند دەکات، کەلەدوا شەوی ئازادبونیدا ڕێکدەخرێت ناڕەحەتەو زمانی گیراوە. هاوڕێکانیشی بەهەموتوانایەوە، بۆدەست گەیشتن بەئامانجی خۆی یارمەتی نادەن .

9-ڕۆژیی دوایی ، قژی کورت دەکاتەوە جل و بەرگی ئاسایی لەبەردەکات، دەچێ بۆفڕۆکەخانە خۆی بەفڕۆکەیەکی جەنگی دەبەستێتەوە و دەستگیردەکرێت! ئەم هەوالّەلە تەلەفزیۆن باس دەکرێت فەرمانەکە جێبەجێ کراوە .

قۆناغی قەیرانی لیۆن نزیکی کۆتایی چیرۆکە و،کەمێك لەپێش سەرکەوتنی کاتی ئەوە:لەکۆتایی ئاهانگەکە و تێکشکاو و بێزارە، واهەست دەکات کەهاوڕێکانی ئەویان دەرکردووە. (ڕایدەگەیەنێ ئاهەنگ تەواوبووە)لوتکەی هەستی لیۆن لەکۆتایی چیرۆکەکەدایە،

کاربەدەستان ئەویان دەستگیرکردووە ئەو ناوبانگی دەرکردووە : (بەخەندەوە، بەنیشانەی ئاشتی لەبەردەم کامێراکان، دەست ڕائەوەشێنێ).

بەرهەمهێنەرانی لێهاتووی فیلم، بەسەرنجدان بەکەسایەتی سەرەکی چیرۆك و، ئامانجیشی و دیقەت بەسنووردارییەکانی سیناریۆی کورت، دیمەنی هاوڕێی لیۆن (دیمەنی ژمارە10): بەهەمان شێوە ئەو دیمەنەی کەلیۆن بەتەلەفۆن لەگەڵ باوکی قسەدەکات، هەروەها بەشێك لەدیمەنی دوایی کەبەتەلەفۆنەوە پەیوەست دەکرێت. (دیمەنەکانی ژمارە 18تا20و24) یان لابردووە. سیناریۆ بەبێ ئەو دوو کەسایەتییە، بەپێ ی توانا کەسایەتی هەیە. بێجگەلەوە ئەو دووکەسە هیچ یارمەتی لیۆن نادەن. بۆ گەیشتن بەئامانجەکانی، (بێجگەلەوەش بودجەی فیلمەکە زیاددەکات) .

چیرۆك : ڕوخسارو ڕەفتاری جۆراوجۆرپێشان ئەدات. بۆنموونە تونڕەوەکانی دوێنێ بوون بەبنیاتنەرانی ئەمڕۆو،لەڕادەبەدەر گیرۆدەی ژیانن ،کەهەلێکیان هەیە بۆ ڕێکخستنی مەسەلەکانی ڕۆژ، بەلانی کەمەوە لەگەڵ حاڵەتەکانی دەیەی شەست.

بەڵام ئەمە فایلی لیۆنە: چیرۆکەکە دەری ئەخات کەشێوەیەکی سیاسی دەیەی شەست، بۆ قۆناغی ئێستا کۆنەو بێکاریگەرە . ئەندێشەی کەسانی ڕەتکراوە ، دەرکراو ، بەخشێنراو و فەرامۆش کراون، بەڵام ناگۆڕدرێن. بەگەشەکردن و خراپبەکارهێنانی ناوبانگ، یان شکۆ و گەورەیی خۆی وەفادارەبێت. پەیوەست بەوەیەچ دیدگایەکی سیاسی هەبێت ،لەدیدی پڕاگماتیزمەکانەوە لیۆن یەکێکە لەوتوندڕەوە دەستگیرکراوانەبۆ ئامانج گەرایان، ڕۆحی دادپەروەری لەڕابردووی بەکۆمەڵ دروست بووە. بۆپراگماتیزەکان و ئامانج گەرایان ، هەردووکیان .

سیناریۆکانی کۆتایی
(لۆییای سەوز و ئەوبەر)

ئەوسیناریۆیانەی کەلەسەرفیلم جێبەجێ دەکرێن، بەفیلمی کۆتایی پێناسە دەکرێن. لەوانەیە دابەش بوونێکی دیمەن بەدیمەن و گرتەبەگرتەبێت ، ڕوونکردنەوەی دیمەن و ڕووداوەکان ، گفتوگۆ ، گۆشەکانی کامێراو مەودای گرتەکان ، هەتا هەندێ جار، ماوەی کاتی گرتەکان و چۆنیەتی گۆڕینی گرتەکانە . لەم دوو بەشەدا دوو سیناریۆ لەوڕووەوە کەهەردووکیان لەچوارچێوەی دیمەنی دایکە، کەتۆ دەبێت سیناریۆی خۆت بنووسیت، دارێژراون. ئەگەربینینی ئەودوو فیلمە بۆ تۆ مەحاڵ نییە، نیگەران نەبیت. لێکۆڵینەوەی وردی ئەو سیناریۆیانەی کەلێرەدا دێت و شیکردنەوەیان یارمەتیت ئەدا،لەتێگەیشتنی ئەوبابەتە ئەوشتانە چین، کەنووسەران لەفیلمدا دەیهێنن و ئەوشتانە چین کەنایهێنن .

بابەت ، هەوێن و شێوازی ئەودوو فیلمە، بەتەواوی جیاوازن و زۆربەی گرێمانەکانو، ڕێگەچارەسەرەکانی نووسەر و فیلمسازپێشان ئەدات .

لۆییای ســـەوز

لۆییـای ســەوز، فیلمێکـی 17خوولـەکی یـە، کەلەســاڵی 1962لەفەڕەنــسا بەرهەمهێنراوە . بەشێکی فیلمەکە ڕەش و سپی یە و، بەشێکی تری ڕەنگاوڕەنگە. نووسەر و دەرهێنەرەکەی (ئادمۆند سیچان)ە.

لۆییای سەوز مۆزیکایەکی بەردەوام و، هەندێ جار دیمەنی دەنگەدەنگی تیایە، بەاڵم بێ دایالۆگە، لەنێوان نووسین، یان ژێرنووس و گێڕانەوە، گێڕەرەوە هەیە . هەموو دیمەنەکانی ئەم فیلمە لەماوەی دوو ڕۆژ لەپاریس دەگوزەرێت.

1-ناوەوە . ژوور – ڕۆژ (ڕەش و سپی)

پیرێژنێك کەلە پشت مەکینەی دەزوو ڕستن دانیشتووە، کارەکەی بەخێرایی تەواودەکات، هەڵدەستێت تاوەیەك دائەگرێت و، لۆییای تێ ئەکات .

2-ناوەوە . ڕاڕەوی بەردەم ژوورەکەی – ڕۆژ

پیرێژن لەبەلۆعەی دەست شۆری گۆشەی ڕاڕەوەکە، ئاو ئەکات بەتاوەکەداو دەگەڕێتەوە بۆ ژوورەکەی .

3- ناوەوە . ژوور – ڕۆژ

پیرێژنەکە دەچێتە ژوورەوە، سەری تاوە پڕلەلۆبیاکە دەنێتەوە، چاکەتێك لەبەردەکات و کلاۆێك ئەکاتەسەری و دەچێتەدەرەوە .

4-ناوەوە . ڕاڕەو – ڕۆژ

پیرێژن دەرگای ژوورەکە دادەخات و دەڕوات .

5-ناوەوە . سەرپلیکان – ڕۆژ

لەپلیکانە درێژە پێچاوپێچەکە دێتەخوارەوە .

6-دەرەوە . بەردەم بینایەکی سەر شەقام – ڕۆژ

بەرەوشەقامەکە دەڕوات .

7-دەرەوە . پارك – ڕۆژ (ڕەنگاوڕەنگ)

پیرێژنەکە لەپارکەکە هەنگاو دەنێت، دوایی لەبەرخۆرو بەرامبەر باخچەی گوڵەکان، لەسەرکورسییەك دائەنیشێت .

8-دەرەوە . بەردەم گوڵفرۆشێك – ڕۆژ

ژنێك لەپشت شوشەی پەنجەرەی دوکانەکەوە، سەیری گوڵە ڕەنگاو ڕەنگەکان دەکات.

9-دەرەوە . نزیك خانووەکەی – ڕۆژ (ڕەش و سپی ، هەمان شوێنی دیمەنی 6)

پیرێژنەکە لەکاتی گەڕانەوەی بۆ ماڵەوە، ئینجانەیەك ئەبینێت کە گیاکەی ناوی وشکبۆتەوە . ئینجانەکە لەڕۆژنامەیەکەوە ئەپێچێ و لەگەڵ خۆیا ئەیبات .

10-ناوەوە . پلیکانەی پێچاوپێچ – ڕۆژ

پیرێژنەکە هێواش هێواش بەپلەکاندا سەرئەکەوێ .

11-ناوەوە . ڕاڕەو – ڕۆژ

بەو جۆرەی کەبەهێواشی دەچێتەپێشەوە، کەمێك ئەلەرزێ .

12-ناوەوە . ژووری پیرێژن – ڕۆژ

پیرێژنەکە گیا وشکەکە لەئینجانەکە دەرئەهێنێت و، فڕێ ی ئەدات. یەکێك لەلۆیا تەڕبووەکان لەناو تاوەکە دەرئەهێنێ و، لەئینجانەکەدا ئەیچێنێ، ئینجانەکە ئەخاتە سەرقەراغی پەنجەرەکە و ئاوی ئەدات.

13-ناوەوە . ژوور – ڕۆژ

پیرێژنەکە ژوورەکەی کۆ ئەکاتەوە، لەودیو پەنجەرەکەوە سەیری ئینجانەکە ئەکات ،لۆیبا (بەڕەنگاوڕەنگ دەبینرێت) سەری دەرهێناوە .

14-ناوەوە . ژوور – ڕۆژ

گرتەیەك لەشەتڵی بچووکی لۆیباکە .

15-ناوەوە . ژوور – ڕۆژ

گرتەیەك لەلاسکی لۆیباکە، کە گەورەتر بووە .

16-ناوەوە . ژوور – ڕۆژ

گرتەیەکی تری لاسکی لۆیباکە، کەئێستا گەورەتردەنوێنێ .

17-ناوەوە . ژوور – ڕۆژ

لاسکی لۆیبا گەورەیە، بەڵام پەژمووردەیە. پیرێژنەکە ئاوی ئەدات. لەنهۆمی سەرەوە کەسێك فەرش ئەتەکێنێت بەسەرلۆیباکەدا، لەئەنجامدا تۆزوخۆڵی لەسەر دەنیشێت . پیرێژنەکە شیشێکی چنین لەئینجانەکە دادەچەقێنێت و، پارچەیەك بەنی پێوە دەبەستێت.

18-ناوەوە . ژوور – ڕۆژ

پیرێژن جزدانەکەی ڕائەوەشێنێ، کۆترێك دەبینێت کەلەسەرئینجانەکەی بەردەم پەنجەرەکە نیشتۆتەوە، هەرئەوەندەی پیرێژنەکە بەرەوپەنجەرەکە دەجوڵێت، کۆترەکە دەفڕێت و دوور دەکەوێتەوە. پیرێژن ڕووەکەکە دەهێنێتە ژوورەوە و، شیشی چنینەکە لەوەوە دەردەهێنێت. (ئاوابوونی وێنە)

19-ناوەوە . ڕاڕەوی بەردەم ژوور – ڕۆژ

پیرێژن دێتەناو ڕاڕەوەکە، سەردا ئەنەوێنێ و سەیری سەرەوەی خۆرگیر، (بە ڕەنگاو ڕەنگ دەبینرێت) دەکات. ڕووەکەکە لەژوورەکەی دەهێنێت و لەسەرکورسییەك دایئەنێت و، دوایی کورسی و ڕووەکەکە لەبەرخۆرەتاوەکە دادەنێت .

20-28-ناوەوە . ڕاڕەو – ڕۆژ

ڕووەکەکە لەبەرخۆر،لەچەند حاڵەتێکی جیاجیادا لەسەرکورسی یان لەسەر زەوی دەبینرێت.

29-ناوەوە . ژوور – ڕۆژ

پیرێژن تاوەیەك دائەگرێت و، لەدەرگاوە دەچێتە دەرەوە .

30-ناوەوە . ڕاڕەو – ڕۆژ

پیرێژن تاوەکە لەدەست شۆرەکەی گۆشەی ڕاڕەوەکە دەشوات . سەیری ڕووەکەکە ئەکات سەردەردێنێ و دەڕوانێتە خۆرگیرەکە (کەڕەنگاو ڕەنگ دەبینرێت) .

31-دەرەوە . پارك – ڕۆژ (ڕەنگاوڕەنگ)

پیرێژن لەسەرکورسی دانیشتووە ، ڕووەکەکەی لەزەمبیلەیەك دە ردەهێنێت و لەبەرخۆرەکە لەلای کورسیەکە دای ئەنێت .

32-دەرەوە . پارك – ڕۆژ

پیرێژن لەسەرکورسییەك دانیشتووە خەریکی چنینە، ڕووەکەکەشی خۆر وەردەگرێت. هەڵەستێت و ڕووەکەکە ئەخاتەبەرپرژەی ئاوی باخچەکە .

33-دەرەوە . پارك – ڕۆژ

کوڕێك کەبەتۆپێك یاری دەکات لەڕووەکەکە نزیك دەبیتەوە. پیرێژن ڕووەکەکە هەڵ دەگرێت و ئەیخاتە سەر کورسییەکە، هەتا کوڕەکە لەوێ دوور دەکەوێتەوە .

34- ناوەوە . ژوور – ڕۆژ (ڕەش و سپی)

پیرێژن جارێکی تر چووە پشت مەکینەی دەزوو ڕستنەکە، سەیری ڕووەکی سەرقەراغی پەنجەرەکە ئەکات گەشە ناکات , گرتەی بینینی ئەو شتەی کە ئەو دەیبینێ . (بەڕەنگاوڕەنگی) لەکاتێکدا کەسەری لەپەنجەرەکەوە دەباتەدەرێ و، سەیری سەروە دەکات . پیرێژن ڕووەکەکە لەسەرقەراغی پەنجەرەکە دائەگرێ.

35-دەرەوە . پارك – ڕۆژ (ڕەنگاوڕەنگ)

دوو کەس لەباخچەکە کار دەکەن، پیرێژن لۆبیایەك لەکەناری باخچەیەك دەچێنێ و دوایی دەگەڕێتەوە بۆلای کورسیەکە دائەنیشێت و، زەردەخەنەیەك ئەیگرێ .

36-ناوەوە . ژوور – ڕۆژ (ڕەش و سپی)

پیرێژن لەپشت مەکینەی دەزووڕستن سەرقاڵی کارکردنە .

37-دەرەوە . پارك – ڕۆژ (ڕەنگاوڕەنگ)

پیرێژن سەیرێکی ڕووەکەکەی ئەکات، ڕووەکەکەلەحاڵەتی بووژانەوە دایە .

38-دەرەوە . پارك – ڕۆژ

پیرێژن جارێکی تر سەیری ڕووەکەکەی ئەکات . گەورەتر و گەشتربووە .

39-دەرەوە . پارك – ڕۆژ

پیرێژن دووبارە سەیرێکی ڕووەکەکەی ئەکات گەورەتربووە، سەری لەناوباخچەکە دەرهێناوە .

40-ناوەوە . ژوور – ڕۆژ (ڕەش و سپی)

پیرێژنەکە بەخێرایی کار دەکات، کارەکەشی تەواودەکات .

41-دەرەوە . پارك – ڕۆژ

پیرێژنەکە دوو باخەوان و لێپرسراوەکەیان دەبینێت. یەکێ لەباخەوانەکان ڕووەکەکەی لەزەوی هەلّدەکەنێت و ئەیخاتەسەتلّێکی خۆلّەوە . لەدوای ڕۆیشتنیان، پیرێژن دەچێتەلای ڕووەکەکە، گیاکانی لێ ئەکاتەوە و لۆبیاکەجیادەکاتەوە .

42-ناوەوە . ژوور – ڕۆژ(ڕەش و سپی)

پیرێژن دێتەژوورەوە لۆبیایەك لە تۆپکلّەکەی دەرئەهێنێ و، لەئینجانەکەی سەرقەراغی پەنجەرەکەئەیچێنێت. جارێکی تر ئینجانەکە ئاخاتە سەر قەراغی پەنجەرەکە، لەکاتێکدا کە وردە وردە باران دەبارێت کەمێك ئەم لاوئەولای پێ ئەکات، هەتابارانەکەی بەرکەوێت . پەنجەرەکە دائەخات و لەودیو شوشەکەوە سەیری ئینجانەکە دەکات. (ئاوابوونی وێنە)

کۆتایی

زۆربەی دیمەنەکانی ئەم فیلمە، واتە37دیمەن لەکۆی 42دیمەن، لەسێ جێگەدا ڕووئەدەن : ژووری پیرێژن ، ڕاڕەوی بەردەم ژوورەکەی ، پارکی شار.(سەیری نەخشەی ژمارە 1بکە) ژووری پیرێژن و ڕاڕەوەکەی ڕوالّەتی ژیانێکی هەژارانەیە . وەك دیارە لەژوورێك زیاتری نییە، کەبەبێ بەلۆعەی ئاوە و ڕەش و سپی و ڕووناکییەکی کەمە. پیرێژنەکە ئەیەوێت ئەم ژوورە بەڕووەك زیندو وجوانتربکات ، بەلاّم کاتێك ڕووەکەکە ئەگاتە قەبارەیەکی دیاریکراو، ڕووناکی ژوورەکە بەشی ئەوەناکات کەگەشەبکات. (دیمەنەکانی18و19). لەدیمەنی (34) هۆکاری کەمی ڕوناکیمان بۆ دەرئەکەوێ .

شوێن	ژمارەی دیمەنەکان	
ژووری پیرێژن	14	ڕەش و سپی ،
ڕاڕەوی بەردەم ژوور	14	بێجگە لە چەند گرتەیەکی
ڕێگەی پلیکانەی خانوو(بینا)	2	ڕەنگاوڕەنگ.
بەرامبەر بینای سەر شەقام	2	
پارکی شار	9	ڕەنگاوڕەنگ
شۆستەوپەنجەرەی دوکانی گوڵ فرۆشی	1	
	42	هەموو

خشتەی (1) شوێنەکانی فیلمی لۆیای سەوز

دەست شۆری گۆشەی ڕاڕەوەکەی بەردەم ژوورەکەشی، بۆ ئەو ڕۆڵی سەرچاوەی ئاو و ڕۆیشتنی ئاو دەبینێت. هەروەها ڕاڕەوەکە بێ ڕووناکی خۆرە، کە لەدیمەنەکانی 20تا31 دەردەکەوێت کەخۆری پێویست نایەتەژوورەوە، هەتا گەشەی ڕووەکەکە دابین بکات .

پارکی شار زۆر جیاوازە، کەش و هەواکەی سنووردارنییە . کەش و هەوایەکی کراوە دەبینین، دیوار و بیناکان چوار دەوریان نەداوە. ڕووەك و چیمەن دەبینین، ڕەنگی بێ شەوق و مردوو زاڵ نییە، ئاسمانی شین و چیمەنی سەوزی بەشەوق دەبنین .

بەباشی پارێزگاری لە باخچەکە دەکرێت، باخەوانەکان بەهایان بۆ دادەنـێن و، هەموشتێك زیندوو ڕێك وپێکە. لەوشوێنە ڕێك و پێك وخۆشە، ڕووەکی پیرێژنەکە زووتر خۆی دەگرێت، سەرنجیان ئەدات و لەئەنجامدا هەڵدەکەنرێت. ئەم ڕووەکانەلەلای باخەوانەکان نەویستراوە، وەك گژوگیا وایە دەبێت هەڵبکەنرێت .

ئەگەر دوو باخەوانەکە و لێپرسراوەکە، ئەوانیان لەمەودایەکی دوورو لەچەند چرکەیەك پێشتر نەبینرانایەو، ئەوانە بە هەند وەرنەگرین،ئەوا فیلمەکە تەنیا یەك کەسایەتی هەیە .

لەو فیلمە 17 خوولەکیەدا، زۆر شت لەو ژنە تێ ئەگەین. گەرچی لەزمانی ئەوەوە هیچ وشەیەك نابیستین، هەرگیز نازانین بیرلەچی دەکاتەوە. نائاسایی ترین بابەت لەفیلمی کورت - هەڵس و کەوت و کاردانەوەی بەرامبەری ئەوە لەگەڵ (کەسایەتی) یەکانی ترنابینین. توانای فیلمێك کە گرتەکانی بەوردی هەڵبژێردراو و ڕێکخراو بێت. ئەوەندەیە کە ئێمە لەپێگەوتاکێتی کەسایەتی بەئاگا دەبین .

ئەو ئاشکرایە کە ئەوە پیرێژنە.(هەمیشە بەهێواشی دەجوولێ و کەمەریشی بەهۆی پیری یەوە چەماوەتەوە).حاڵەتی دارایی باش نییە، ئەگەربڵێین هەژارە لەوانەیە زیادە ڕۆیان نەکرد بێ، بەلەبەرچاوگرتنی کەلتوور و زەمەنێکی تری (بەشێك لەپاریس لەسەرەتای دەیەی 1960) ،دەربڕینی ڕای تەواو لەبارەوە ئاسان نییە. شوێنی ژیانیشی لە لە نهۆمێکی سەرەوەدایە،کە دەبێت بەپلیکانەی زۆردا سەرکەوێت. کە بۆ ئەو ناخۆشە (هەندێ جارلەبیناکاندا ئەو ژوورەی لە قاتەکانی سەرەوەدا بێت کرێکەی کەمترە) داهاتیشی لەخوار ئاستی مام ناوەندییە . بەهۆی چنینی جزدانی دەستی، کەمێك پارەی دەست ئەکەوێت. کەرەستەکانی باخەوانی نییە. بۆ هەڵکەندنی گڵی ئینجانە سود لەچەتاڵ وەردەگرێت. جارێکی تربە قاپێك کەبەکەڵك نایەت، ئەو کارە دەکات.

بێشك حەز ئەکات لەدوکانی گوڵ فرۆشەکە گوڵ بکرێت. (دیمەنی 8) بەڵام ناتوانێت پارەکەی دابین بکات، لەبەرئەوە هەوڵ ئەدات لەیەکێ لەو لۆبیا سەوزانەی کەدەیەوێت بیخوات، ڕووەکێك دروست بکات .

پیرێژنێکی بە ئارام و چالاك و بەرهەمهێنەرە. هەروەها لەخۆبایی، کەسێکی هەستیار و بەکردەوەیە، لەگەڕانیدا بۆ تیشکی خۆر ، ئاو ، بەرهەمهێنانی ژیانە.

لەو شوێنەی کە هەرگیزپەی پێ نابەین چ بیرێکی لەمێشکدایە، بەڕاستی نازانین مەبەستی چی یە کە ئەیەوێت لۆبیا سەوزەکە بچێنێت. بەلأم جێ ی بیرکردنەوەیە، کەوونی بەشێك لەسروشت لەژووره نیمچە ڕوونا کەکەی دەخوازرێت. سەرنج بدەیت : دەچێت بۆپارك (دیمەنی 7) سەیری گوڵەکانی دوکانی گوڵ فرۆشەکە دەکات و، (دیمەنی 8)، دوایی هەنگاو ئەنێت بۆپەروەردەکردنی ڕووەکەکەی خۆی .

ئەو چێژ لەچاودێری کردنی ئەو شتەی کەلەحاڵەتی گەشەکردنایە ئەینێت. هەر کارێك بەدەستی دروستکراوە – لەژووره کەدا، لەڕاڕەو و، دوایی لەپارك - ئەنجامی ئەدات هەتا دڵنیابێت کە ڕووەکەکەی دێتەبەر. ئەگەرچی ئەوەی لەدەست دێت. بەلأم لەدیمەنی کۆتایدا، شایەدی هەوڵدانی ئەو دەبین بۆپەروەردەکردنی ژیانی تازە. پیرێژنێك کەلەوانەیە تەنیا بێت، شەیدای بەردەوامی ژیانە .

دیمەنە
ڕەش و سپیەکان ﴿ 1-6 ، 9-0 3 ، 36 ، 40 ، 42 ﴾
دیمەنە
ڕەنگاو ڕەنگەکان ﴿ 7و8 ، 31-33 ، 35 ، 37-39 ، 41 ﴾

خشتەی 2 دیمەنە ڕەش و سپیەکان و ڕەنگاوڕەنگی فیلمی لۆبیای سەوز

چیرۆکی ئەم فیلمە هەروەك زۆربەی فیلمەکورتەکان، بەپێی بەدوایەکدا هاتنی کات پێناسە دەکرێت و، ماوەی کاتی ﴿واقیعی﴾ یان ناتوانێت دیاری بکات. دیمەنەکانی 1 تا 12 لەڕۆژێکدا ڕووئەدەن، لەدوای ئەوە ناتوانرێت بڵێیت چەند ڕۆژ دەخایەنێت. چیرۆکەکە لەڕۆژێك

دەست پێدەکات، کەپیرێژن یەکەمین لۆبیای سەوز دەچێنێت و، هەتا ئەو ڕۆژەی کە لاسکی لۆبیا لە ڕەگەوە دەردێت ، ئەولۆبیایەکی تر لەوێدا دەچێنێت، بەردەوام دەبێت.

دیمەنەکان لەنێوان چوار دیواری بێ گیانی (ڕەش و سپی دەبینرێت)و، دیمەنەکانی دەرەوەی (کە ڕەنگاوڕەنگە) ،دابەش کراون (سەیری نەخشەی2بکە). سەرنج بدەیت دەبینیت کەدەست پێکردن و کۆتایی ئەم چیرۆکە، لەشوێنی ژیانی ئەو ڕەش و سپی یە چەندە لەکۆتایی فیلمەکە نزیکتر بینەوە. گوێزانەوە لەچوار دیوار بۆپانتاییەکی ئازاد و کراوە و، زیاتر بەپێچەوانەوە دەبینەوە.(دیمەنەکانی 31 تا42) لەنێوان کاری شاریی بێ شەوقی ئەو و، کەش و هەوای دەرەوە دژ بەیەکن ، ڕەنگاوڕەنگ ، ئازاد و زیندوو زیاتر گرنگی پێ ئەدرێ کەهەتا هەندێ جار هەستی مرۆڤ بەم لاولادا ئەبات .

ئەگەرچی ئەم ژنە کار دەکات، بەڵام ئامانجی سەرەکی ئەو بەرهەمهێنانی ژیان و گەنجییە. بەپێچەوانەی زۆربەی فیلمە کورتەکان، لەسەرەتای فیلمەوە ئامانجی دیار نییە : لەدیمەنی 8 تا12 ئەو ئامانجە دەرئەکەوێت .

پیرێژن لەپەروەردەکردنی ڕووەکەکە سەرکەوتوو دەبێت، ڕووبەڕووی ڕێگری دەبێتەوە، سەرکەوتوو دەبێت، ڕووبەڕووی کێشەی زیاتر دەبێتەوە، لەدوایدا هەر هیوای بەژیانە.

دانانی کەسایەتییەکان و ڕووداوەکانی ئەم فیلمە، دەربارەی ئەزموونی مرۆیی چی ئەڵێت ؟ کەسانی بەتەمەن لەشارەکاندا زۆرباش ناژین.

فیلمەکە بەردەوامی ژیان لەچاندنەوە، تا کۆکردنەوەی بەروبووم و مردن، تا گەشبینی بەنەوەی دوایی کە لە تۆوی پێشووتر دروست بووە پێشان ئەدات. بەدەربڕینی بەردەوامی ژیان لەنەوەیەکەوە بۆ نەوەکانی داهاتوو ئەنوێنێ .

لەئەنجامدا ، ئەم فیلمە نیگەرانی بۆ مانەوە پیشان ئەدات .پیرێژن تەنیا خەریکی کاری خۆی نییە، بەڵکو خەریکی بەرهەم هێنانیشە، چوست و چالاکی لەڕادەبەدەری ئەو پیرێژنە و، چاودێری بێدەنگی ئەو بۆ سەلماندنی ئەوەی کە ژیان بەردەوامە و گەشەدەکات، جوانترین و کاریگەرترین هەوێنی فیلمەکەیە.

هەوڵ و بەرووبومی ئەو دیارە، لەوانەیە ئەو دەنکەلۆبیاتازەیەی، کە خۆی لە تۆپکڵەکەی دەرهێناوە، سەبارەت بەو لۆبیایەی کەلەدوکانی گوڵ فرۆشێکی بکڕێ باشتر گەشەبکات.

لەلایەکی ترەوە لەوانەیە ئەو ڕووەکە تازە سادەیە، لەچوار دیواری بچووکی شارێك بتوانێت گەشەبکات، نەوەك لەپارکێکی خۆش و ڕێك و پێك، بتوانێت بەبەرێت . لەو کاتەدا ئەو تۆوەی کە لەبەشی کۆتایی فیلم دەچێنرێت، گەشەدەکات. بەڵام لەئەنجامدا دەیێتە ڕووەکێکی وشك کەلەدیمەنی 9 دەرئەکەوێ. بینەر ناتوانێت ئەو حاڵە تێ بگات. بەڕای من لەبارەوە نابێت پرسیار بکرێ. گرنگ هەوڵ و کۆششی پیرێژنە بۆ دەستپێکردنی ژیان، گەشەکردن و مانەوە. لەوێنەکانی کۆتایی فیلمدا باران دەبارێت، کەنیشانەی نوێ بوونەوە و گەشەکردنە. پیرێژن جارێکی تر دەنکەتۆوەکان دەچێنێ و چاوەڕوان دەبێت.

هەموو ئەوانە و ئەوشتانەی کەمن هێشتا سەرنجم نەداوە، لە(فیلمێکی 17) خوولەکیدا گونجێنراوە، بەبێ ئەوەی کە یەك وشە بڵێت .



شێوەی (3) دروستبوونی لۆبیای سەوز

ئەوبـــــەر

کورتە فیلمی ئەوبەر، کەتەنیا 10 خوولەکە، لەسالّی 1966 لەدەرهێنانی هێرمان واتیس[1] لەبەلجیکا بەرهەم هێنراوە. ئەم فیلمە ڕەش و سپی یە و بێ گفتوگۆ، ڕاوی، موزیکای وێنەیی یە. تەنیا لەساتەکانی سەرەتاو کۆتایی دا موزیك دەبیستری و، تەنیا دەنگە دەنگی دیمەنە، جارجارە دەنگی تەقاندنی تفەنگە .

ئەم فیلمە ، لەهیچ لەو فیلمانە ناچێت کەبینیوتە، بەو مەبەستەی کەئەم فیلمە چیرۆکێکی ناواقیعییە، ئەم سیناریۆیە وەك نموونەیەك هێناومەتەوە. لەوانەیە هیچ بینەرێك بیر نەکاتەوە، کەبەسەرهاتی ئەم فیلمەڕووی داوە یان ڕووئەدەن.

پێویست ناکات کە هەموو فیلمە کورتەکان، وەرگیراوی بەشێك لەتاقیکردنەوەی شەخسی بن. هەروەها پێویست ناکات کەشێوەی باوی هەبێت . ئەگەرچی بەهەمان شێوە کە بەردەوام دووپاتی دەکەمەوە، سیناریۆ نووسی تازە دەبێت سوود لە ئەزموونی خۆیان، یان ئەزموونی ئەو کەسانەی کەباش دەیانناسێت، وەربگرێت .

ئەو بەر فیلمێکی کورت ،ئالۆز و نادیارە کە قسە زۆر هەلّدەگرێت. ئەم تایبەتمەندییانە هی کورتە فیلمەکانە. نەوەك فیلمە سینەمایەکان. ئەوبەر- وەك لۆیای سەوز- توانای دەربڕینی سینەمای بێ دەنگ پێشان ئەدات. لەبەرئەوەی کە درێژی ماوەی تەواوی نێوان گرتە جیاجیاکان نادیارە، هەولّم نەداوە ئەوانە بۆ چەند دیمەنێکی جیاجیا دابەش بکەم.

[1] - Herman Wayts .

کورتە فیلمـی ئەوبـــــەر

هێرمان واتیس

تایتڵی فیلم ، موزیکای وێنەیی هەیە .

دەرەوە . شەقامی شار — ڕۆژ

وێنە لەڕاستەوخۆ لەسپییەوە بۆ شەقامێکی تەسک، دەکرێتەوە. لاشەی کەسێك لە قەراغی شەقامەکە دەبینرێت. لەشۆستەکانی هەردوولای شەقام، ژنان و پیاوان ڕوویان لەدیوارەکەیە و، بەهێواشی دەجوڵێن. لەکاتێکدا کەهەردوو دەستیان بەرزکردۆتـەوە، بەدیوارەکەدا ڕایان دەگرن، نەشتێك دەڵێن نەدەست ئەکێشن بەیەکترییدا !پیاوێك لەدیوارەکە مەودایەك دەگرێ و ڕادەکات. لەشوێنێکی نادیارەوە تفەنگێك دەرئەکەوێ و دەنگێکی لێوەدێت، ئەو ئەخەن بەزەویدا. ئەوانی تر لەتەنیشت دیوارەکەوە لەجوولـەی خۆیـان بەردەوامن. لەگرتەیەکی گەورەدا دەستی پیاوێك دەبینین، کەلەدامێنی دیوارەکە، لەدەستی ژنێك نزیك دەبێتەوە. دەنگی دووەم گوللەی تفەنگەکە: پیاوێك لەسەرشۆستەکە ئـەدا بەزەویدا.

پیاوی گوللە لێدراوی دووەم بەسەرگەردانی دەمێنێتەوە، دوایی بەهێواشی بەرەولای ئەو دەجوڵێت. ئەوانی تر لەجوولـەکردن دەوەستن، بەهێواشی دەگەڕێنەوە و سەیری ئەو پیاوە دەکەن ،کە لەلاشەکەی نزیك دەبنەوە. پیاوێك کەلەلاشەی نزیـك دەبێتـەوە، گوللـەی بەرکەوتووە لەزەویدا دەتلێتەوە، ئەوانی تر بە هێواشی بەرەولای دوولاشە کەوتووەکە دەڕۆن، هەندێکیان یەکە یەکە گوللەیان بەردەکەوێت و دەکەون بەزەویدا . دوایی ، هەمووبان هاوکات بەکۆمـەڵ دەمێننەوە، هەندێکیان دەگەڕێنەوە ، ڕووخساری کەسەکان لە ناو

خەڵکەکەدا دەبینن. هەندێکیان بەهێواشی دەچنە پێشێ و هەندێکیان بەگوللەی تفەنگەکە دەکەون بەزەویدا.

تەقەی پەرت و بلاوی تفەنگ بەردەوام دەبێت، هەندێك بەلای دیوارەکەدا دەڕۆن : دوایی ، ئەوانەی کە ڕزگاریان بووە بلاو دەبنەوە و بەرەو دیوارەکە ڕادەکەن. ئیتر دەنگی تفەنگ نابیسترێ.

دوا وێنەگرتنی فیلم، هەروەك یەکەمین وێنەگرتنە : لەشۆستەکانی هەردوو شەقامەکە، خەڵك بەهێواشی و بەترسەوە لەمردن، بەرەو دیوار و بەدەست بەرزکراوی بەلای دیوارەکەدا دەڕۆن. ، وێنە دەبێتە سپی.دوایی (1966) لەسەر باکگراوندە سپیەکە، وەك کلێشە دەرئەکەوێ و مۆزیك دەبیسترێت .

(وێنە ئاوادەبێت)

کۆتایـــــــی

بەپێچەوانەی شانۆ ، سینەما ئەتوانێت بەخێرایی بینەر بۆ شوێنەجیاجیاکان بەرێت. زۆربەی فیلمەکان سوود لەوحاڵەتە وەردەگرن، لەگەڵ ئەوەش (ئەوبەر)، یەك دیمنی هەیە : یەك شەقام و شۆستەکانی. ئەو دیمەنە، هەست کردن لە خۆ شاردنەوە و پشکنین لەهەموو جێگەیەك دەنوێنێ. تەنیا بەشێك لەو شوێنە دەبینین، کەهەست کردن بەخۆشاردنەوە توند تردەکات، واتە یەك دوو کۆمەڵگەی نیشتەجێبوون. لەلایەکی ترەوە، وا هەستئەکەین کەشایەدی بەشێك لەهەموویانین. بۆچی کە ڕیزی خەڵك بۆ دەرەوەی کەوانەکە بەردەوام دەبێت.

دیمەن بەڕاستەقینە دێتەبەرچاو، دەڵێ ی لەشوێنێکی ڕاستەقینە وێنەی گیراوە. قەبارە و ژمارەی بیناکان ئەوە پێشان ئەدەن، کەئەو شوێنە ئەگەرچی بێناونیشانە بەڵام شارە - لەوانەیە شارێکی بچکۆلە بێت - گیاندار یان ڕووەکێك لەوێدا نابینرێت، تەنیا دیوارێك دەبینرێت، سادەوپانتایی چەند بینا، شۆستە وشەقام، دەنگی شار نابیسترێ .

جیهانێکە بێدەنگە و ڕوئیایە، کەلەگەڵ جارجارەی تەقاندنی گوللەی تفەنگ بەهەڕەمەکی، دیمەنێکی سنووردار و بێ بارە لەسەر شارێك، شوێنێکی گونجاو، بۆ خەڵکی دەست بەسەر کراوی بێ ناسنامە و شکست خواردوو ژێرکۆنترۆڵ.

ململانێ ی کەسایەتییەکان، بەزۆری بۆ ئاشکراکردنی کەسایەتییەکان بەکار دەبرێت. ئەوبەر مل ملانێی دەروونی هەیە، بەڵام سەبارەت بەو کەسانەی کەخەڵکیان لەسەرشەقامە خستۆتە ژێر گوشارەوە، شتێك تێ ناگەین و، لەو چوارچێوەیەدا ئاگامان لەهۆکاری ئەو کارەیان نابین. ئەو زاڵمانە یەك بەیەکی ئەو کەسانە دەکوژن و، ئاشکرایە کە ڕاستەوخۆ نایان کوژن، هەتا ئەوانی تر لەڕیزدا دانەنێن. (ئەم فیلمە ئەوەپێشان ئەدات ،کە کەسانی بەتوانای شۆڕشگێڕەکان گوللەباران دەکەن. لەدەستپێکردنی فیلمدا دڵنیاین، بەڵام لەوانەیە بەڕێکەوت تەقە لە کەسانی ئاسایش بکرێت). فیلمسازانی ئەم فیلمە لەسەرئەوە بوون، کەکەسانی بەدەسەلآت پێشان نەدەن. کەمێك تونددوتیژی پێشان ئەدەن، بەڵام سزاکانی تونددوتیژی پێشان ئەدەن. لەم فیلمەدا، وەك فیلمەکان کاریگەریی بیرکردنەوەی بینەر، لە سەر وێنەکان : کەم و زیاد دەبێت .

ئەگەرچی وا دێتە بەرچاو،کە ڕووداوی فیلمەکە لەیەکێك لەشارەکانی ئەوروپا ڕووئەدات، بەڵام کەسایەتییەکان بەجۆرێك هەڵس و کەوت دەکەن: هیچ یەکێ لەکەساییەتیەکان بەباشی ناناسینەوە. ئاشکرایە کەلە قسەکردندا شتێکمان دەربارەی

کەسایەتییەکان بۆ دەرناکەوێ، لەبەرئەوەی کە فیلمەکە بێ گفتوگۆیە، تەنیا تایتڵی کۆتایی فیلم (1966)ە، ئامادەکەرانی فیلمەکە نەیانتوانی سوود لە گفتوگۆیەکەن، بەڵام مەبەستیان نەبووە . لەوانەیە بەهۆی ئەوەی کەجۆس ستیلینگ[2] دەرهێنەری هۆڵەندی، فیلمی سینەمایی کارمەندانی شەمەندەفەر(1987) هێناوە : ((ئیترپێویستمان بەگفتوگۆنییە. گفتوگۆ مەنتقی یە و من باوەڕم بەشتە نامەنتقیەکانی ژیان هەیە))

کورتە فیلمی (ئەوبەر) ، گرتەی گەورەی ڕووخساری کەسەکانی تیانییە. لەو ڕووەوە بینەر ناتوانێت بزانێت، کەکەسایەتیەکان لەچ بیروخەیاڵێکدان ، یان چ هەستێکیان هەیە. یەک کەسایەتی زیاد نابینین. هیچ کەسێك شاد نییە. دیارە غەمگینیش نییە. لەم فیلمەدا نەسۆزێك دەبینین نەهەڵس و کەوتێك لەگەڵ یەکتری، کەسایەتی سەرەکی یەك کەس نییە، بەڵکو گروپێکە تایبەت بەکارو کاردانەوەکانی خۆیان. فیلمەکە پەنجە ئەخاتە سەربابەتە سیاسیەکان : زوڵم و ستەم و خۆبەدەستەوەدان ،لەدەروونناسی تاك ناکۆڵێتەوە .

زۆربەی ئەندامانی گروپەکە ئەیانەوێ بەزیندوویی بمێننەوە — کەجێ ی هەست پێکردنە - هەتا ئەگەر ئەومانەوەیە بەبەهای خۆبەدەستەوەدان، لەدەستدانی هاوکاری لەگەڵ یەکتری، هەمە جۆری بیرکردنەوە، خۆ ڕزگارکردن و ژیان بێت. لەماوەی فیلمەکەدا خەڵك زۆروکەم تەمەڵن و، زۆر بە قورسی و هێواشی دەجوڵێن، دەڵێ ی ئەوگیاندارانەن کەلە تاقیگە،یان باخچەی ئاژەلاێن و دەرمانیان خواردووە.

هەروەك زۆربەی فیلمەکان، هەرلە دەستپێکردنی هەتا کۆتایی چیرۆك، نازانیت چەند دریژە ئەکێشێ. فیلمەکە سێ ڕووداوی تیایە، کەبەپێ ی شوێنەکان ڕێکخراوە. فیلمەکە تەنیا یەك دیمەنە، ئەگەرچی (یەك دیزۆلف) ی هەیە. هەموو فیلمسازە مۆدرێنەکان، زیاترلەیەك دیمەندا لەبەرکاربردنی دیزۆلفدا خۆیان دەپارێزن. پێکهاتەی فیلم سێ پارچەیە : خەڵك

[2] - Jos Stelling .

پەیڕەوی دەستوورەکان ئەکەن. (هەندێکیان کەشۆڕش بەرپا ئەکەن، دەکوژرێن) کۆمەڵگی خەڵك بەکۆمەڵ لەزەمەنێکی کورتدا شۆڕش ئەکەن: کاتێك هێزی لەناوبەر دەسەڵتیان بەسەردا جێبەجێ دەکەن، خۆیان بەدەستەوە ئەدەن. (بەهۆی پێکهاتەی سێ پەردەیی، سێ هێڵ زیاتری نییە).(بڕوانە شێوەی 4)

کەسایەتی سەرەکی: (واتەکۆمەڵگی خەڵك).لەم فیلمەشدا - وەك زۆربەی فیلمە کورتەکان - یەك ئامانجی هەیە: ئازادی لەدەست ستەم و دەسەڵات. بەو جۆرەی کەشێوەی (4) پێشانی ئەدات، خەڵك بۆ گەیشتن بەئامانجیان سەرکەوتوو نابن و، فیلمەکە بەوجۆرە کۆتایی دێت، کەدەستی پێکردبوو. تەنیا جیاوازی سەرەتاو کۆتایی فیلمەکە ئەوەیە، کەلەکۆتایدا لەسەرشەقامەکە لاشەیەکی زیاتر کەووتون .

ئەگەرچی فیلمی ئەوبەر، لەسەر کەسایەتییەکی تاییەتی چڕ نایێتەوە و، پێکهاتەکەشی سادەیە، بەڵام هەوێنێکی بەهێزی هەیە. خەڵك لەبەرامبەر مردن ،ناچارن بیرکردنەوەی ئازادیخوازانەی خۆیان فەرامۆش بکەن و، بەرامبەربەهێزی شەڕخوازانە سەرگەردان بمێننەوە. هەرچەند ئەم کارە بت با بەرەو سەردانەواننو و بێناسینەوە. هاوردەی بۆ ئەوهاوڕێیانەی لەزەویدا کەوتوون، بەخێرایی نامێنێت. کەسانی بەدەسەڵات ئەتوانن خەڵك بەژیانێکی بێ بەهانا چار بکەن و، هیچ هەڵس و کەوت و کاردانەوەیەك و پەیوەندییان بەوانی ترەوە نەمێنێ.

لەوانەیە کەسایەتییەکان دووربخەنەوە و، چەندین جار بیان گەڕێننەوە بۆ ئەو شوێنە، دەڵێ ی لەسووڕانەوەیەکی بێ کۆتایی دووبارەبوونەوە و، تەمەڵ ئامێزی مرۆیی گیریان خواردووە .



شێوەی (4) دروستبوونی کورتە فیلمی ئەوبەر

هەست ئەکات کە ڕێگەی ڕزگاربوونی نییە، وەک سیزیف[1] کەتاوانبارکرابوو بەڕاکێشانی بەرد بۆلوتکەی گردەکە. تا دووبارە شایەدی ڕووخانی ئەبێت، چەندین جار دەیێت ئەو ڕێگایە ببڕێت. کەسایەتیەکانی ئەوبەر، بەبێ چێژوچالاکی هەمەڕەنگی ژیانە .

ئەم فیلمە دیدگایەکی دیاریکراوی دەربارەی دەروونناسی کۆمەلاێتی خەلک، یان دەروونناسی بەکۆمەلێ دانیشتووانی شارێکی مۆدێرنە. ئەتوانرێت ئەوە بەکابوسێکی شاریی ناوبنرێت لەجیهانی ئەمڕۆدا، کەزۆربەی شارستانیەکان لەدلّ ساردی و بێ هیوایی بەدلّتەنگی هاتوون و، کۆت و بەندی مالّەکانی خۆیانن. لەبەرئەوەی دەرەوەی مالّەکان لەمەترسی و کەمیندایە- بێ بەشن لە پەیوەندی لەگەلّ کەسانی تر- (ئەوبەر)، تێگەیشتنێکی زیاتر ئەدات .

ئەوبەر، سزای کەسانێکە کە ئەوەیان زیاد لەجارێك بینیووە. ئەم چیرۆکە نەناسراو و لێکدانەوەی جۆرێکە لە شۆڕشگێڕی‌و، ناوەڕۆکێکی بەهێزی هەیە. چیرۆکی فیلم ئازارت ئەدات. (خەلّك دەکوژێ‌و سەر کوپ دەکرێت)، بەلاّم بەرامبەرەکەی دەخاتە بیرکردنەوە (واتاچی ؟). هەوێنی جۆراوجۆری هەیە . ئەم فیلمە.10 خولەکییە،بەسود وەرگرتن لەیەك شوێن‌و دەنگە دەنگی جار جارەی (بێ گفتوگۆ) دەربارەی ژیانی شارێکی مۆدێرن زۆر شت دەلّێن. بۆ ئەو نووسەرانەی کە دەیانەوێت چیرۆکێکی نا ئاسایی‌و ڕووالّەتی بنووسن، کورتە فیلمی (ئەوبەر) نموونەی ئەزموونێکی باشە.

[1] - Sisyphu .

ئامانجەکان و ئامادەکردنی سینارێۆ

ڕۆژانە فیلمسازانی تازە پێگەیشتوو و پرۆفیشنالێ، هەنگاو ئەنێن بۆ دروستکردنی سیناریۆیەکی لاواز، هەموو بودجەی بەرهەمە کە بەبا ئەدەن. بۆچی بەم شێوەیەیە؟ ئەگەر چی نووسین و پیاچوونەوەی سیناریۆ کاتی دەوێ، بەلآم بەهاشی هەیە. بۆ بەرهەمهێنانی فیلمی باش، دەبێ بیرۆکەی سیناریۆ باش بێت، هەتا فیلمێکی سەرگەرمی باشی لێ دەرچێت، هەندێ هەست و تاقی کردنەوەی ژیان دەربڕنو، سۆزی بینەرەکانیان بەجوانی و ناسکی لە خۆیاندا نقوم بکەن.

بتەوێ چیرۆك نووس بیت، یا نەبیت، چیرۆك نووسین کارێکی سروشتی پێویستە، سروشتی یەو بێ کاتو شوێنە. هەندێ جار خەڵك هەست بەمە دەکەن، بەلآم بەڕای هەندێك، چیرۆك لە سەروو تر و لە پێویستی تێپەڕاندووە. لەوانە یە بەسەر گەرمی دابنرێت. لەوانەیە شێوەیەك بێت بۆ بەسەربردنی تەمەنو، بە هۆ کارێکیش بۆ یارمەتیدانی ژیانی کەسانی تر بژمێردرێت. لە هەر حاڵەتێکدا نووسینی چیرۆك شێوەیەکە بۆ هاوبەشی کردنی بۆچوون، دەربارەی فراوان بوونی ژیانی گشتی. لەم حاڵەتە دایە کەداهێنانو ڕێکخستنی بەسەرهاتی چیرۆکێك، یاسایەك بە ژیان دەبەخشێت و یارمەتیدەر دەبێت، هەتا لەوێوە پەیامێك وەربگرین.

سیناریۆ نووسانی سەرکەوتوو، دەزانن کە پێکهێنانی فیلمی سەرکەوتوو بەتایبەتی فیلمی ناوخۆیی و هەرزان، ئاسان نییەو،دەزانن بۆ ئەوەی کە دارایی و خەلآتی باش بەرنەوە، پێویستە سەرنجی بینەران ڕابکێشن. سیناریۆی سەرکەوتوو هەندێ بنەمای هەیە وەك: کەسایەتی سەرنج ڕاکێش، بابەتی هەڵواسراو، غاڵفیکری، بابەتی گاڵتە ئامێز، ململانێ

سەرنج ڕاکێشی هاوسەری. بۆ نموونە، فایلی لیۆن سیناریۆیەکی سەر گەرمییە، لەبەر ئەوەی کەسایەتی سەرەکی ئالۆز و تایبەتییە، مل ملانێی تیایەو گالتە ئامێزەو، ئەگەرچی هەندێ جار ناخۆش دەبێت.

کورتە فیلمە باشەکان ئاوێنەی ژیانن. چەند کەسایەتییەك لەگەڵ ئامانج و کێشە تایبەتییەکان پێشان ئەدەن. (فیلمی لیۆن) کەسایەتیەکی هیوا خوازی هەیە، کە پابەندە بە هیواکەی. (فیلمی ئەوبەر) ئەوە پێشان ئەدات کە ژیانی مۆدێڕنی شاری تاکو چ ڕادەیەك بێ ناسنامەیە، سنووردار و مەرگبارە. چیرۆکی ئەم سیناریۆیە ڕەنگدانەوەی ژیانەو، کاتێك لەسەر ئەو بنەمایە فیلمێك بەرهەم دەهێنرێت، وا ئەزانین شایەدی ژیانین، یان بەلانی کەمەوە شایەدی دیدگای نووسەرەکەین لە ژیان. چیرۆکی کورتە فیلمی سەرکەوتوو، دەبێت بەرامبەرەکەی بگرێت. دەبێت سەرنجی لایەنی بەرامبەری لەچەند خوولەکی سەرەتادا ڕابکێشێ، ئەگەر کۆمیدییە، هەر لە سەرەتاوە دەبێت دەربکەوێت. ئەگەر ئەم کارە لەژێر ناونیشانێکیشدا ڕەوا بێت، زۆر زوو نییە.

ئەو سیناریۆیانەی کاریگەرن، کەسایەتی چالاکیان هەیە. لە کاتی خوێندنەوەی فایلی لیۆندا، زۆر سەر گەرم دەبین، بەڵام لە خۆیدا بۆ لیۆنیش ڕێڕێك دادەنێینو، هەندێ جار هەست بەناخۆشی فیلمەکە دەکەین، لیۆن بەرامبەر بەو قۆناغە نە گونجاو و گێل دێتە بەرچاو، بەڵام ئەو بەهایانەی کە شایەنی چاککردنی ئەوەیە، بەتوندی ڕێزو بڕوا دەجوڵێنێو سەرنج ڕادەکێشێت. ئەوە نەوەی دوای دۆن کیشۆتە، لە دەیەی (80) ی ئەمریکا.

نابێت هەستی بینەر ناشرین بکرێ : لە هەمان کاتدا دەبێت ئەو بۆ بینینی وردی فیلم ڕابکێشێت. ئەگەر لە چیرۆکدا خاڵێکی شاراوەی هەبیت، بینەر هەستی زیاتر دەبێت، میانەیەك لە فیلمەکە وەردەگرێت. هەتا لەوانەیە بچێتە شوێنی بەرگری کردن. لەلایەکی تر، ئەگەر چیرۆك زۆر ناسكو جوانو زانستیانە پێناسە بکرێ- وەك لۆیای سەوز- وەرگر، دەبێت

هوشیار بێت، هەتا وردەکارییەکانی فیلمەکە بدۆزێتەوە و، بەهۆی وەرگرتنی چـێژ لـە دۆزینەوەی وردەکارییەکانی سەرقاڵی بکات.

وەرگری بەهێزی فیلم، دەبێت لە کاتی نەخشە دانانی سیناریۆدا هۆکاری گرنگ لە بەرچاو بگیرێت، بە لە بەرچاو گرتنی ئەو بابەتە، چەند مەسەلەیەك چاك دەکرێت، کە هەموو نووسەران لە میانەی نێوان کاغەزی سپی، هەتا دەستنووسی کۆتایی لە گەڵیاندا یەخانگیرن . لەکاتی نووسینو پیاچوونەوەی، دەبێت هەمیشە لەخۆت بپرسی: وەرگری من کێیە؟چی دەزانێت ؟ چ شتێك ئەتوانیت لابەریت؟ چ شتێك دەبێت دەربهێرێت؟ ئەگەر بڕیارت داوە سیناریۆیەك بنووسیت کە وەرگرەکە سەرگەرم بکات ، ئاوێنەی ژیان بێتـو، ئەویش بناسیت. لەدوای ناسینی وەرگر ، دەبێت بزانیت کە چەندە زانیاری لە سیناریۆیەکەدا جێ بکەیتەوە: تا چ ڕادەیەك شتەکان ڕوون بکاتەوە و، بەچ شێوەیەك چیرۆکەکە بە جوانی پێناسە بکەیت.

یەکێ لە خوێندکارەکانم سیناریۆیەکی دەربارەی ژنو میردێك نووسی بوو، کە بە ڕێکەوت میردەکەی لە ((کوخێکدا)) دەژیا، ڕازی نەبوو . سەبارەت بە هاوسەرییەکی تر کە ئوتومبێلو مالّی باشتری هەبوو، غیرەی دەکرد. لە کۆتایی سیناریۆیەکەدا ، کەسایەتی سەرەکی بەرامبەر بە میردەکەی هەستی بە تەبایی‌و خۆشەویستی زیـاتر دەکـردو، وا دەرئەکەوت کە ئەوان بە شێوەیەك خەیاڵیان دەکردەوە، کە شوێنەکەیان خراپ نییە. لە دیمەنی کۆتایدا، ژنو میردەکە لە سەر کوخە کۆنەی خۆیان نووسی: ((کوخی خێزانی)) پێش دەکەون . ئەوە ئەنجام گیرییەکی لەبەر چاوی کاریگەرەکە بە جوانی دەری بڕیوە ، لەبەر ئەوەی دەبێت بینەر ئەوە دیاری بکات کە ئەو ژنو میردە خێزانێکی تەباو یەکن، نەوەك دووکەسی ناڕازی. (لەوانەیە بینەر ئەوە بێتەوە یادی، کە ئەوە هەمان ئۆتۆمبێلە، کە ژنەکە لە سەرەتای فیلمەکەدا لێ ی ناڕازی بوو) .

نووسەری بە ئاگا، ئەتوانێت ئەنجامێکی ڕوونتر یان ئاڵۆزتر لەوە بۆ وەرگرەکەی بەکار بهێنێت . ئەنجامی ڕوونتر بۆ لایەنی وەرگری نا هوشیار و نەخوێندەوار، لەوانەیە بەو شێوەیە بێت کە ژنەکە بۆ مێردەکەی لێکدانەوەیەکی ئاوەها بکات: ((باشە، ئەم ئوتۆمبێلە کۆنە، ئەو کاتانەش کە خەیاڵم دەکردەوە، خراپ نییە.)) لە لایەکی ترەوە کۆتایی فیلمەکە کە جوانتر دەبوو، ئەگەر نووسەر نووسینی سەر کوخەکەی لابردایە، سیناریۆکەی لە کاتێکدا بەرەو کۆتایی بەرێت کە ژنو مێردەکە، لە کوخەکە کۆنەکەی خۆیان دوور بکەونەوە، بینەر چاوەڕێ ی ئەوەی بکردایە، کە غەمی سەرەتای بینەر بەرامبەر بە کوخەکە بهێنێتەوە یاد.

سیناریۆ نووس، بە ئاگایی و لە ناگاییەوە، هەمیشە چارەسەری دەکات، کە سیناریۆ تاچ ڕادەیەک ئاشکرا، یان تاکو چ رادەیەک جوان بنووسێت، ئەو لەپاش دیاریکردنی ئاستی وەرگر، دەبێ یەک لەدوای یەک بڕیاربدات.

ئەگەر سیناریۆ بۆ چەند کەسێک دەنوسیت،(کە زۆربەی سیناریۆی کورتە فیلمەکان لەوجۆرەیە).دەبێت بۆ وەرگری بەتەمەنو هوشیار وبەسەلیقە بنووسیت، کە لەسەرنجو چڕکردنەوە لەسەر کەلوپەلی گرنگ، خۆی ماندوو بکات. هەر خاڵێک کە یەکەم جار وەری دەگرێت، یان بۆ جاری دووەم لە سەدا سەد ئاگادار دەبیت،بە شێوەیەکی گشتی، خوێنەری سیناریۆی کورتە فیلم، حەز نا کات چیرۆکێک بخوێنێتەوە، کە بە ئاسایی لە فیلمە سینەماییەکاندا دەیبینێت.

وێنـــــەگرتن

بیر لەو پرسیارە بکەرەوە: لە دایالۆگی ئەو فیلمانەی کە بینیوتە، چەند ڕستە دەتوانیت بگوازیتەوە ؟ ڕستەی (ڕێک و ڕاست بڵێم ئەزیزم، من ئەو شەیتانە ناهێمنە ڕووت.)) لەوانەیە بگاتە هۆشی زۆربەتان. ئیتر چ ڕستەیەکی تر بەپیری ئێوەدا تێپەڕ دەبێت ؟

باوەڕناکەم زیادبێت، تەنانەت ئەگەر سینەما ڕوویەکی سەرکەوتوی هەبێت، هەندێك لە ڕستەکان دووبارە دەبنەوە.

ئێستا بیر بکەیتەوە ئەو فیلمانەی بینیوتن، چ وێنەیەك بەمێشکتا دێت: سوتاندنی گالیسکەیەکی هاوڵاتی کین، ڕوخساری جودی گارلاند[2]، کە((لەسەرپەلکەزێڕینە)) دەخوێنێتەوە، نیگای ماتی دایان کیتۆن[3]، لەکۆتایی فیلمی(باوەڕپیارە) کاتێك وێنەگرتن لەسەر ڕووخساری ئەو دەوەستێت، ڕووخسار و جولّەکانی ئی تی، لەکاتی خواحافیزی لەگەڵ ئەلیوت[4] و ئەوانی تر، تۆش ناوەڕۆکی خۆت ئامادەبکە، ئەگەر شەیدای فیلمە تایبەتیەکانیت، هەر دەبێت ناوەڕۆکی بێ کۆتایی بنوسیت.

بەگشتی وێنەکان لە یادەوەریدا دەمێننەوە نەوەك دیالۆگ، بە گوتەی جۆن فامینگتۆن[5]: (بە هەر حاڵ، فیلم چەند وێنەیەکی جوولّاوە، نەوەك چەند وشەیەکی جوولاّو... بەهیچ جۆرێك ڕێکەوت نەبووە کە ڕووخسارە سینەماییەکان نەمرەکان لە بینینەوە بووە، نەوەك دیالۆگ، بۆگارت[6] قسەی زۆری نەبوو بۆ گوتن، بەڵام هەمیشە جوولّەی لێوەکانی و بزوانندنی برۆکانی، چەندین گووتەی دەخواند. گاری کۆپەر[7] ملیۆنەها دۆلاری بەدستهێناچونکە توانای ڕازیکردنی بینەری هەبوو، ئەوانەی حەزیان لە بێ قسەییەکەی بوو).

ئەگەرچی نموونەکان لە فیلمە دریژەکانە، بەڵام ئەم یاسایە دەربارەی کورتە فیلمەکانیش دروستە. سیناریۆی کورتە فیلم وێنەکانی بنووسیت، کاریگەری و هێزی زیاتر دەیێت. لەوەی سیناریۆی پڕ دیالۆگ بنووسیت. بۆ سەلماندنی ئەوەی کە وێنەکان چەند زانیاری دەبەخشێت،

---

[2] Judy Garland
[3] Diane Keaton
[4] - Elliott
[5] Jan Farrington
[6] - Bogart
[7] Gary Cooper

سێ دیمەنی (فایلی لیۆن) شی دەکەینەوە، ئەو سێ دیمەنە بێ دایالۆگە. هەرچی یەك دەربارەی لیۆن تێگەیشتووین، بە وێنە دەردەبڕدرێ . لەپاڵ ئەوەدا، کەشو هەوای سیناریۆ بە ڕەگەزەکانی بینین لە دیمەنەکانی سەرەتاییدا دروست کراوە .

لە دیمەنی یەکەمدا دەبینین کەلیۆن، لە((لە ژێر زەمینێکی تەنگو بچکۆلەی بیناکەدا)) دەژی، کە((چەند پارچە تاقمی دانیشتنو میزو...لە...کەلاوەکان پەیدای کردوون)). ئەو ((میزی تەختەی سێ گۆشەی تاڕادەیەك سووتاو)) ی هەیە، لە سەدەها وەڕەقەی کاغەز((بە چەند ڕەنگێك و قەبارەی جیاواز))لەسەری فڕێ دراوە. لیۆن کۆمەلێك لەو کاغەزانە ئەچەسپێنێ بەزەمبیلەی کەل و پەلی کڕین، زەمبیلەکە بۆ ئەو ڕۆڵی جانتای دەستی دەبینێت. سەرمێزی تەوالێتەکەشی ((پڕە)) لیۆن کەسێکی هەژار و ، نارێك وپێك وبێ تەربیەتە .

ڕەگەزەکانی بینین ، دیدگای سیاسی لیۆن پێشان ئەدات. دیواری بیناکەی بەپۆستەری شەهیدەکانی دەیەی 1960 داپۆشراوە و، دروشمە کۆنەکانی وەك: ((هەژاران ڕاپەڕن)) یان ((پێ لەسەرمەرگ دابنێن)). لەناو کلاۆەکانی لیۆندا چەندین خودەی سەربازی دەبینرێت، دل میلگراد[8] بەمنی وت کە لایەنگرانی ئاشتی، زیاتر لەخۆپێشاندەرانی دژی جەنگ، خودەی سەربازی لەسەردەکەن. هەم وەك نواندنی نارەزایی و هەم وەك خۆپاراستن لەبەرامبەر هێرشی پۆلیس. بەسەرنج دان بەو ڕەگەزانە ئەوەمان بۆ دەرئەکەوێت: کەلیۆن لایەنگری ئاشتی بووە و یاخی نەبووە.

هەتا ئێرە زیاتر ئاشنایی ڕابردووی لیۆن بووین، هەتا زۆر زوو ئاگاداری حاڵەتی ڕاستەقینەی ئەو بین، کە ئەو قەشەنییە: چونکە سمێڵی دەستکردی لەسەر لێوی چەسپاندووە. بەچەند شێوەیەکی جیاواز دەردێت : ((جێگەی کلاۆەکانی ... چەندین جۆرو قەبارەی کلاۆ

[8] - Dale Melgaard

وخودەی سەربازی تیایە)) و((سەرمێزی تەوالێتەکەی پڕە لە هەیکەلی جل و بەرگ و ماسك، ڕیش ، کلاۆی قژی دریژ و چەندین جۆری کەل و پەلی ئارایشتی)). تا دێمنی هەشتەم — بەیارمەتی دایالۆگی ئەودیمەنە - نازانین کە ئەوپیاوە نهێنی ئامێژە چی دەکات. (جل و بەرگی قەشەی لیۆن، یەکەمین جل و بەرگە لەوشەش جل و بەرگەی ،کە ئەو لە ماوەی فیلمەکەدا دەیگۆڕێت. گۆرینی جل و بەرگەکەشی گالتە ئامێزی ڕوالەتی فیلمە.

گەرچی هێشتا نازانین کەلیۆن چی لەمێشکی دایە، بەلآم دەبینین کەخۆی بەجدی دەگرێت، کەلەوانەیە کەسانی تر لەوانە —بینەران — ئەو کارە نەکەن: کاتێك چاویلکەی هاوینە لەچاو دەکات و، بەسەرخۆیدا هێمای خاچێك ئەنوێنێ، دەڕۆمێت و سمێلێشی لوول دەبێت، بە ئەو پێدەکەنین .

لەدیمەنی دووەمدا لیۆن دەبینین کەبەهێواشی و بەسەرنجەوە : نووسینەکانیشی بەهەردووەستی یەوە گرتووە. ((بەهێواشی لەپلیکانەوە ... دێتەسەرێ ... خۆی مەشغوڵ ئەکات و دەوروبەری لەگەڕاندان بەدوای کەسێك، یان شتێکی گومانلێکراو)). کارە نائاسایەکانی ئەو لەبەرچاوی دراوسێکانی ئاساییە : سێ قوتابی خێزا، لیۆن بەجل و بەرگی قەشەوە دەناسنەوە و، بەئاسایی سلاۆی لێ ئەکەن .

دیمەنی سێیەمیش وەك دیمەنی دووەم ، شلەژاوی لیۆن پێشان ئەدات. دەردەکەوێت کەلیۆن لەبەرچاوی خۆشی کەسێکی ڕاکردووە و لەژێرچاودێڕیدایە. لیۆن لەوە ئەترسێت، کەپۆلیس ئەو بناسێتەوە و دەستگیری بکات. چیرۆکەکە لەسەرەتاکانی دەیەی هەشتادا دەگوزەرێت، لەبەرئەوەی لەهەمان دیمەندا تایتلی سەرەکی ڕۆژنامەیەك لیۆن پێشان ئەدات: ((ڕیگان بودجەی سەربازی زیاد دەکات)).لەگەڵ ئەوەش، ئەم دیمەنە (ئەگەرچی کورتکراوە) سەرنجی ئێمە بۆ هەواڵی پێشاندانی فرۆکەی جەنگی B1-لەفرۆکەخانەی لۆس ئەنجلۆس ڕادەکێشێت. هارتونگ - وەك هەموو سیناریۆنووسانی پیشەیی - سەرنجی خوێنەر بۆ بەشێکی

تایبەتی ڕادەکێشێت، کە دوایی لەسیناریۆدا دەردەکەوێت. لەو سێ دیمەنە، کاری چیرۆکی لیۆنمان بۆ دەرناکەوێت، بەڵام ڕەگەزە بینراوەکانی دیمەنەکانی ناوبراوی قۆناغی مێژویی چیرۆك ، بابەتی چینایەتی و سیاسی ، شوێنی ژیان و هەندێ تایبەتمەندی تاکی لیۆن ئاشکرا دەکات. هەوالّی ڕۆژنامە دەربارەی فڕۆکەی جەنگی**B-1** سەرەداوێك لەفراوان بوونی داهاتووی چیرۆك بەدەستەوە ئەدات. کەش و هەوای گالّتە ئامێزی چیرۆك دادەڕێژێت. هەموو ئەوشتانە لەگەڵ دانانی دیمەنەکان و هەڵس و کەوت —واتە بەڕەگەزی بینراو - خێرا بەدەست دێت .

بۆ وتنی هەمان قەبارەی زانیاری بە دایالۆگ و ڕەگەزی بینراو،کاتێکی زیاتری پێویستە. لەو کاتەدا سەرنجی خوێنەر دوا دەکەوێت و لەوانەیە ئەوهندە درێژە بکێشێت، کە سیناریۆکە بۆ کەناڕێك پەرت بکات و ئیتر نەیخوێنێنەوە. بەزۆری فیلمەکە سەرکەوتووەکان هەتا ئەو شوێنەدوای دەخەن، کە ڕەگەزی بینراو (زۆربەیان بەیارمەتی موزیك)،شوێن ، کات ، کەسایەتی، پێگەوکەش و هەوای، فیلم دروست بکەن .

سیناریۆی کەم دایالۆگی ((دەست پێکردنەوەی ژیانی برۆنکۆبیلی))[9]، کە کراوە بەفیلمێکی 21خولەکی، نموونەیەکی تڕە لە ڕۆڵی ڕەگەزەکانی بینین لەجێگیرکردنی پەیوەندی لەگەڵ بینەردا. ئەم سیناریۆیە لە نووسینی جۆن کارپینتەر[10]، نیل کاتسڵ[11]، تریس جۆنستۆن[12]، جۆن لۆنگنگەر[13]، جیمز ڕۆکۆ[14]یە . دەرهێنەری فیلمەکە کەجیمز ڕۆکۆیە، دەست پێکردنەوەی ژیانی برۆنکوبیلی بەسەرمایەی زانکۆی کالیفۆرنیای باشوور، لەساڵی 1970بەرهەم هێنراوە و لەهەمان ساڵدا، خەلاتی ئۆسکاری خوێندکاریی بۆ باشترین بابەتی کورتەفیلم وەرگرتووە .

---

[9] - Broncho Billy
[10] John Carpenter
[11] - Nick Castle
[12] Trace Johnstan
[13] - John Longenecker
[14] James Roko .

دەستپێکردنـەوەی ژیانـی بڕۆنکۆبیـــلی

1-ناوەوە . ژوور – ڕۆژ

پۆستەری فیلمەکانی وستن، لەسەر دیوار هەڵواسراوە و بیلی خەوتووە. ژنێك - لەدەرەوەی وێنەگرتن – لەدەرگا ئەدات و بانگی بیلی ئەکات، کە کاتژمێر هەشت و پانزەخولەکە و وەسڵی فرۆشتن دواکەوتووە. بیلی لەسەر قەرەوێڵەیەك دانیشێت، کلاۆی وسترنیش لەسەری دائەگرێ و دەست ئەکات بە لەبەرکردنی جل و بەرگ .

2-ناوەوە . ژوور – ڕۆژ (بێ دایالۆگ)

بیلی دەڕوانێتە پۆستەری فیلمەکانی وسترن، لەلەبەرکردنی جل و بەرگەکان بۆتەوە، لەبەردەم ئاوێنە سەیرێکی خۆی دەکات شتێك لە دەدانەکانی ئەکاتەوە، کلاۆی و سترنیش لەسەرشاخی مانگا کەلەسەرووی قەرەوێڵەکەیە بلاۆ دەکاتەوە، لەژوورەکە دەچێتە دەرەوە . (دیزۆڵف:)

3-دەرەوە . لەتەنیشت دووسندووقی پۆستە – ڕۆژ

خاوەن مانۆ ڕەخنە لەجل و بەرگە کابۆییەکانی بیلی، ڕۆیشتنی بۆ سینەما، نەدانی کرێ ی خـــانوو و لـــەبیرکردنی کارەکانیـــشی دەگرێـــت. بیلـــی دوور دەکەوێتـــەوە . (دیزۆڵف:)

4-دەرەوە . ڕۆژ (بێ دایالۆگ)

بیلی بە ڕێگەدا دەڕوات، شەق لەقوتویەك هەڵ ئەدا و بەردەوام دەبێت ڕۆیشتن .

5-دەرەوە . نزیکی مالێك – ڕۆژ(بێ دایالۆگ)

بیلی لەماڵەکە نزیك دەبێتەوە .

6-ناوەوە . مالّی بەڕێز دیکەر[15] – ڕۆژ

بیلی پەیوەندی لەگەڵ بەڕێز دیکەر- پیرەمێردی بەتەمەن- دروست دەکات. لەکاتێکدا کەبەڕێز دیکەر سەبارەت بەخۆرئاوا لەکۆندا ئەدوێ، وێنەی بیلی لەگەڵ کاتژمێری دیواری دیکەر و تابلۆکانی خۆرئاوای کۆن، نیشانیان دەبڕێت. بیلی کە سەیری کاتژمێرەکەشی دەکات خەوتووە. (میقاتی نەکردووە) ،دای دەگرێت درەنگ دەگاتە سەرکارەکەی .

7-دەرەوە . شەقامی شار – ڕۆژ (بێ دایالۆگ)

بیلی لەشەقامە قەرەباڵغەکەوە دەپەڕێتەوە. دەنگی گەلەگاو گاوانەکان دێتەگوێ.

8-دەرەوە . فرۆشگای کەل و پەلی قورس – ڕۆژ

بیلی کە یارمەتی هاوکارەکەشی ئەدات، کەسەرنج ئەدات رییس لەوە ڕازی نییە، کە ئەو هەمیشە درەنگ دێتە سەرکارەکەی .

9-ناوەوە . فرۆشگای کەل و پەلی قورس – ڕۆژ (بێ دایالۆگ)

بیلی بەرەو لای ڕییس دێت: رییس لەپشت مێزەکەوەیە، گاز لەسێوێك دەگرێ و دەیجوێت بێ وتە دەمێنێتەوە. بیلی دەست ئەخاتە سەرمێزەکە و چاوەڕوان دەکات . (ئاوابونی وێنەگرتن) .

10 – دەرەوە . فرۆشگەی کەل و پەلی قورس - ڕۆژ

بیلی لە دەرگای فرۆشگەکە دێتە دەرەوە . دەنگی پیانۆ و دەنگە دەنگی ئەسپەکان دێتە گوێ. هاوکارەکەی لێ ی دەپرسێت کە دیسان دەرکراوی. بیلی دەڵێت (ئەری) دوور دەکەوێتەوە .

11 – دەرەوە .چوار ڕیان - ڕۆژ (بێ دایالۆگ)

[15] - Decker .

بیلی به جۆرێك هەڵس و كەوت دەكات،كە دەڵێ ی لەگەڵ ئەو پیاوە نیگەرانە، كە لە لای شەقامەكەوە بەرەو ڕووی دێت،ئەوان بە بێ هەڵس و كەوت و كاردانەوەیەكی تایبەتی ، لە تەنیشت یەكەوە تێ ئەپەرن .

12 – دەرەوە . بار – ڕۆژ (بێ دایالۆگ)

گرتەی دەرخستنی بارەكە .

13 – ناوەوە . باری تاریك - ڕۆژ

بیلی خواردنەوە ڕەوانە دەكات . كارمەندی بار داوای ناسنامە لە بیلی دەكات ، كەسێكی تریان نیو پەرداخ بیرە لە لای بیلی یەوە دەخواتەوە . كارمەندی بار جەخت لە سەر داواكردنی ناسنامەكە دەكاتەوە . بیلی پارەیەك لە سەر مێزەكە دائەنێت .

14 -دەرەوە . كۆلآن – ڕۆژ

بیلی لەدەرگاكەی پشتەوە دەچێتە دەرەوە. دوو گەنج ڕێ ی لێ دەگرن، لێ ی ئەدەن و كاتژمێرەكەی دەدزن. ئەو بەهێواشی خۆی ڕێك ئەخاتەوە و دووردەكەوێتەوە .

15 -دەرەوە . شۆستە – ڕۆژ(بێ دایالۆگ)

بیلی بەسەر شۆستەكەدا دەڕوات .

16 -دەرەوە . دوكانی شەربەتی میوە – ڕۆژ

بیلی لەگەڵ ژنی پشت مێزەكە،دەبێتە شەڕیان و قسەدەكات . بیلی سەیر دەكات پارەی پێ نییە، شەربەتەكە بەجێ دەهێڵێ و دوور دەكەوێتەوە .

(دیزۆلڤ:)

17 -دەرەوە . پارك – ڕۆژ

بیلی لەژێر درەختێکدا دانیشتووە، ژنێکی گەنجی وێنەکێش دێتەپێشەوە و، هێڵکارییەکی دەکێشێت . (دیزۆلف:)

18-دەرەوە . کورسی پارك – ڕۆژ

ژنە وێنەکێشەکە هێڵکاری خۆی تەواودەکات، بیلی ڕەخنە لەهێڵکارییەکەی دەگرێت، کەهەندێ وردەکاری تیا نییە کە لە فیلمەکانی وسترن بینیویەتی. سەبارەت بە فیلمەکانی وسترن قسەدەکات و قسەدەکات. ژنەکە تاقەتی ئەچێت، خواحافیزی دەکات و دوور دەکەوێتەوە. بیلی سەیری ڕۆیشتنەکەی دەکات (دەنگی سمی دووئەسپ دەبیسترێت)، پیر دەکاتەوە و لەجێگەی خۆی بەرزدەبێتەوە .

19-دەرەوە . چەند گردێکی بەرزونزم – ڕۆژ (خەو ، بێ دایالۆگ)

ژنی وێنەکێش ڕوو وەردەگێڕێ بیلی دەبینێت، کە بەسواری ئەسپبەرەولای ئەو غار دەکات. ژنەکە زەردەخەنەیەك دەیگرێت! بیلی دەگاتەجێ و پەتی لغاوەکە ڕادەکێشێ و دەوەستێت. ژنەکە کاتژمێرەکە ئەداتەوە دەست بیلی، ژنەکە بەیارمەتی بیلی سواری ئەسپەکە دەبێت بەیەکەوە دوورەدەکەونەوە.

(ئاوابوونی وێنەگرتن)

دەستپێکردنەوەی ژیانی برۆنکۆبیلی لەسەر وێنەگرتن پابەندە : لەپاڕە دیمەن، تۆ دیمەنی بێ دایالۆگە. هەندێ لەدیمەنەکان - وەك دیمەنی 10کە لەوێدا بیلی بەهاوکارەکەی دەڵێت: دیسان دەرکراوە - یەکی دوو دێڕ گفتوگۆیان هەیە. من چوار دیمەن لەگرنگترین ئەو دیمەنانەی کە بێ دایالۆگن، یان دایالۆگی کەمیان تیایە، بەکورتی باس دەکەم و لێ ی دەکۆڵمەوە .

1-ناوەوە . ژوور – ڕۆژ

پۆستەری فیلمەکانی وستڕن ،بەدیوارەکەدا هەڵواسراوە و بیلی خەوتووە. (ژێرپێك —لەدەرەوەی وێنەگرتن- لەدەرگا ئەدات و بیلی بانگ دەکات، کە کاتژمێر هەشت و پانزەخولەکە و، وەسڵی فرۆشیار دواکەوتووە. بیلی لەسەر قەرەوێڵەیەك دائەنیشێت کلاۆی وستڕنیش ئەکاتە سەری و، دەست ئەکات بەلەبەرکردنی جل و بەرگ.

فیلمەکە بەناساندنی ژووری بیلی، کەپڕە لەپۆستەرەکانی وستڕن دەست پێدەکات. بیلی دووشاخی گای لەسەروو قەرەوێڵە کەیەوە هەڵواسیوە و، گوریسێکی بەدەوری قاچی خوارەوەی کورسییەك پێچراوە، کاتێك بیلی کلاۆی وستڕنیش لەسەرشاخی گاکە دادەگرێت، ئەیخاتەسەری و لەپێش دەرچوونی لەژوورەکە،لەسەری دای ئەگرێت، ڕۆڵی گاوان دەبینێت. خۆ خەریکردن بەوە واتەبوون بەگاوان و، حەزکردن بەفیلمەکانی وستڕن بەخێرایی وێنەکان دەردەکەوێت. (تەنیا وشەیەك کەلەو دیمەنەدا دەگاتە گوێ، دەنگی خاوەن مالّی بیلی یە، کە لەدەرەوەی وێنەگرتنە، کاتەکەی ڕادەگەیەنێ و ئاگاداریان دەکاتەوە، کەدرەنگ دەگاتەسەرکارەکەی .

بیلی سەیری پۆستەری فیلمەکانی وستڕن دەکات. جل و بەرگەکەی لەبەرکردووە، لەبەردەم ئاوێنەوە سەیری خۆی دەکات، شتێك لەدانی دەکاتەوە، کلاۆی وستڕنیشی لەسەرشاخی گاکەلەسەروو قەرەوێڵەکەوەیە، بلاۆیان دەکاتەوە و لەژوورەکە دەچێتە دەرەوە .

دیمەنی دووەم بێ دایالۆگە و ، بیلی لەکاتێکدا پێشان ئەدات کەشەیدای جیهانی سینەمایە و، سەیری پۆستەری فیلمەکانی وستڕن دەکات و، هەروەك گاوانەکان (کابۆی) جل و بەرگەکانیشی لەبەرکردووە. بیلی کلاۆی وستڕن لەژوورەکەی لەشوێنێك دائەنێ کەوا دەری ئەخات: کەلەدەرەوەی چوار دیواری ژوورەکەی ناتوانێت لەشێوەی ژیانی وستڕن خۆی

دەرخات. لەبەرئەوە ئەگەر کلاۆەکەی لەسەربکات خەڵک - لەوانەخاوەن مااڵ - گاڵتەی پێدەکات. لەوانەیە رییس بەبیلی وتبێ، کە کاتێ دێتەسەرکار ئەو کلاۆە لەسەر نەکات.

لەئەنجامدا ، ئەم دیمەنە کەش و هەوای گاڵتە ئامێزی فیلم دروست ئەکات: بیلی لەبەردەم ئاوێنە خۆی ڕێك دەخات و، هەڵ ئەدات کەشەڕانی بێتەبەرچاو، دوایی ناو ددانەکانی پێشەوەی پاك دەکاتەوە و شتێکی لێ دەرئەهێنێ، زیاتر گێل دێتە بەرچاو تا گاونێکی تووڕە.

9-ناوەوە . فرۆشگای کەل و پەلی قورس – ڕۆژ

بیلی بەرەوالی رییس دێت، رییس لەپشت میزەکەیەوە گاز لەسێوێك دەگرێت و دەیجوێت و ڕادەوەستێت. بیلی دەستی ئەخاتە سەرمیزەکە و چاوەڕوان دەبێت .

لەودیمەنەدا بیلی وەك جۆن واین[16] لەبەرامبەر بێ دەنگی رییس بەخێرایی دەڕوات. دوایی لێ ی نزیك دەبێتەوە، هێواش دەبێتەوە، دەوەستێت و لەپشت میزە سێ ڕووەکەوە بەرامبەر بەرییس چاوەڕێ دەکات. رییس هەروەکو پێشوو کەبەبێ دەنگی ماوەتەوە، هەتاسەیری بیلی ناکات! ئێمەو بیلی لەچاوەڕوانیداین ... دیمەنەکە بێ دایالۆگ کۆتایی دێت. دیمەنەکە بێ دایالۆگە بەخێرایی ڕۆیشتنی بیلی و.. دوایی چاوەڕوانی و هەڵپەساردن .

19-دەرەوە . گردە پڕ هەوڕازو نشێوەکان – ڕۆژ (خەو)

ژنی وێنەکێش ڕوو وەڕدەگێڕێ، بیلی دەبینێ کەسواری ئەسپ بووە و بۆ الی ئەو غار دەکات. ژنەکە زەردەخەنەیەك دەکات، ژنەکە کاتژمێرەکە ئەداتەوە بەبیلی، ژنەکە بەیارمەتی بیلی سواری ئەسپەکە دەبێت. لەگەڵ یەکتری دوور دەکەونەوە .

دوا دیمەنیش بێ دایالۆگە . بیلی سواری ئەسپ بووە و لەدەستەیەکی گاوانی وستڕنە، کلاۆێکی سپی کردۆتە سەری، بیلی دەگاتەالی وێنەکێشەکە، لەبەرئەوەی ئەم دیمەنە خەوە،

[16] John Wayne .

کاتژمێرە دزراوە ون بووەکەشی بەدەست دێنێتەوە. لەباکگراوندی دووەمین دواگرتـەی فیلمەکەیە- گردێك دەبینین. ئەوە تەنیا شوێنی فەزای کراوە و دەرەوەی شارە لە فیلمەکەدا. بیلی لەوێدا سەربەستە: ئەگەرچی لەبیرکردنەوەی خۆی سەرکەوتووە .

لەدوای لێکۆڵینەوەی ئەو سیناریۆیانەی (لەسەر فیلم جێ بەجێ کراوە)،لۆیای سەوز ، ئەوبەر ، شی کردنەوەی دیمەنەکانی فایلی لیۆن و، دەستپێکردنەوەی ژیانی بۆنکۆیلی، ئایا ئەتوانیت گومان لە وزەی دەربڕینی وێنەجولاوەکان بکەیت ؟ لە دوای چەند خوولەکێك سەرنج ئەدەین، کەچیرۆك لەڕابردوودا، ئێستا، یـان ئاینـدە ئـەگوزەرێنێت و، شـوێنی بەسەرهاتەکان لەکوێ یە. بە شێوە لەشارێکی فەرەنسی، لەشارێکی ئەوروپایی بێ ناوو نیشان، لەیەکێ لەشارە مۆدێرنەکانی ئەمریکا.

ڕەگەزەکانی بینین و، ناسنامە و، تایبەتمەندێتی کەسایەتییەکانمان، بۆ ئاشکرا دەکەن. لەگرتەیەکی گەورە دا لەڕووخساری کەسایەتییەکان و هەستەکانیان، کە وشەکان ناتوانن پێناسەی بکەن، هەستی پێ دەکەین. بۆنمونە ، لە یەکێك لە گرتەکاندا ریس سەیری بیلی ناکات، چونکە دڵی شکاوە. هەمدیسان درەنگ هاتۆتە سەرکار، بەڵام حاڵەتی دەربڕینی ڕووخساری ریس، لە وشەکان زیاتر هەستی ئەو دەگوێزێتەوە .

ڕەگەزەکانی بینین کەش و هەوای فیلمە دروست دەکات، (لە - فایلی لیۆن بـۆ سەرگەرمییە و، لەئەوبەر ترسناك ئامێزە) و دەتوانرێت چەند ناوەڕۆکێکی جوان و ئاڵۆز، بۆنمونە (لەلۆبیای سەوز و ئەوبەر) دەربڕێن.

ڕەگەزەکانی بینین، خێراو کاریگەر زانیارییەکان دەگوێزێتەوە. ئەوەندە بەهێزن کە دەتوانێت چیرۆکێك بەبێ سوود وەرگرتن لەگفتوگۆ دەربڕێت. هەندێ لەنووسەرانی سیناریۆ کورتەکان، لەگەڵ ئەوەی کەدەتوانن سوود لەگفتوگۆ بکەن، (وەك نووسەرانی لۆبیای سەوز و

ئەوبەر) سوودیان لێ وەرنەگرتووە. ئەگەر لە فیلمدا گفتوگۆ بەکار بهرێ، هەموو دیمەنەکان گفتوگۆیان تیا نابێت (لە19 دیمەنی کورتە فیلمی برۆنکۆبیلی 9 دیمەن بـێ گفتوگۆیـە) ڕەگەزەکانی بینین ئەوەندە توانایی دەربڕینیان هەیە، کە مرۆڤ دەتوانێت فیلمێکی بێ گفتوگۆ، بەبێ گفتوگۆکانی سەیر بکات و، دیسان لەوانەیە زیاتر مەبەستی فیلمەکە تێ بگات. ڕەگەزەکانی بینین لەسینەمادا بەجۆرێك گرنگیان هەیە، کە ئەگەر مامۆستایانی سیناریۆ نووسین، داوا لەخوێندکارەکانیان بکەن کەسیناریۆیەك، یان بەلانی کەمەوە دیمەنێك بەبێ گفتوگۆ بنووسین.

هەندێ لەمامۆستاکان مۆڵەت بەخوێندکارەکانیان نادەن کەسوود لەگفتوگۆ بکەن. مەگەر بەوەی کەخوێندکارەکان بیسەلێنن کەئەتوانن چیرۆکێ، بێ ئەوە دەربڕن . (بـۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر دەربارەی ڕەگەزەکانی بینین ،پرسیارەکانی پەیوەست بەهەڵس و کەوت و دیکۆرکێشی ، سەیری ﴿((پەراوێزی پیاچونەوە))ی سیناریۆ، لەبەشی هەشتەمدا بکە﴾ .

دایـــــالۆگ

((بەشێوەیەکی گشتی ، دەقی سینەمایی کورت و بەسوودە. دایالۆگی کاریگەر ، لەگەڵ ڕستە کورتەکان ، بەبنەمای سادە و لەگەڵ سوود وەرگرتن لەوشەی نارەسمی و سادە دەنووسرێت . وشەکان کورتکراوە و پوختن، وەرگر بەئاسانی دەیێت دایالۆگ و گێڕانەوەی ڕاوی تێ بگات، لەبەرئەوەی ئەگەر هەست بەبەشێکی ئەوانە نەکەن، وەك خوێنەری ڕۆمـان ناتوانێت بگەڕێتەوە و، دووبارە ئەوەبخوێنێتەوە. دایالۆگ و گێڕانەوەی ڕاوی بـۆ گـوێ دەنووسرێن، نەوەك بۆ چاو، هەتا گوێ ڕادێرن، نەك بۆ ئەوەی کەبخوێنرێتەوە.)) (میلەر ، 1980 ، لا 156) .

بینیمان که چیرۆکی فیلم وەك پێویست ، نەدەبوو دایالۆگی هەبێت . ئەگەر چی پێویستی لە کارا نییە ، بەلاّم ئاسایی دایالۆگی هەیە ، لەبەر ئەوەی کە دیالۆگ —چ ئەوەی دەوترێت و ، چۆنیەتی وتنی ئەوە — موعجیزەیەکە لە ژیان و هونەر دایە.

گەر دیمەنێکی فیلمی دەستپێکردنەوەی ژیانی برۆنکۆ بیلی لەبەرچاو بگرێت ، بیلی لە پێش ئەو دیمەنەی خوارەوە ،بارەکە بە جێ دێلێت . دوو کەسی لات و بێ سەروو پێ بەردەمی لێ دەگرن ، لێ ی ئەدەن و کاتژمێرەکەشی ئەدزن . دوایی دەبینین کە خۆی ڕێك و پێك ئەکاتەوە، دوور دەکەوێتەوە لە سەر شۆستە سلاّۆ دەکات. دوایی ئەم دیمەنەی خوارەوە ڕوو ئەدات :

16 -دەرەوە . دوکانی شەربەتی میوە —ڕۆژ

ژنەکە لەپشت میّزەکەوە شەربەت ئەدا بەبیلی، لێ ی وەرئەگرێ و کەمێکی لێ ئەخواتەوە. بیلی لەپشت پەنجەرەی دوکانەکەوە قسە دەکات .

بیلی : هەر ئێستا دارکارییەکی باشیان کردووم .

ژنەکە لەپشت میّزەکەوە ئەچەمێتەوە، هەتا لە کونێکی خوارەوەی پەنجەرەکە قسەبکات.

ژن : چـــــی ؟

بیلیش ئەچەمێتەوە، تا بتوانێت لەهەمان شوێنەوە قسەبکات .

بیلی : وتم هەر ئێستا دارکارییەکی باشیان کردم .

ژن : بیست و شەش سەنت دەکات .

بیلی : ئۆی . بیلی خۆی ڕاست دەکاتەوە و، گیرفانەکانی دەگەڕێ .

بیلی : (بەردەوامە) کەمێك چاوەڕێ بە، بیلی هەر بەوجۆرە گیرفانەکانی دەگەڕێت، پارەیەك نادۆزێتەوە شەربەتەکە لەسەرمیّزەکە دائەنێت، بەخەجالّەتیەوە بزەیەك دەیگرێ، خۆی

وەردەگێڕێ و دوور دەکەوێتەوە. ژنەکـە شـەربەتەکە لاتـەبا و پـەردەی سـندووقەکەی ڕائەکێشێت.

ئەوە دیمەنێکی کاریگەری فیلمە. کورتە و گفتوگۆی کەمە، (سێ وشە) بەلاّم زۆر شت ڕووئەدەن. بیلی بەسەرنەکەوتوویی هەوڵ ئەدات بەجوڵەی تووڕە ئامێزی کابۆیی، فۆشیارەکە بخاتە ژێر کاریگەری خۆیەوە. لەپێش ئەوەی کەخۆی تاقی بکاتەوەو بزانێت کەئایا ئەتوانێت پارەی شەربەتەکە بدات یان نا، داوا دەکات. هەندێ لەکەسایەتی بیلی بەبینین دەبڕاوە-وەک ڕوانینی بەخەجالّەتیەوە لەپێش دوور کەوتنەوەی - بەلاّم بەشێك لەکەسایەتی ئەو،لەگەڵ گفتوگۆ کە بەڕای من بەتەواوی لەجێ ی خۆیەتی، دەردەبڕدرێت. هیچ وشەیەکی تری، هیچ وشەیەکی تایبەتی تری پێویس نییە. ئەوەی کەبیلی دەیڵێت و تـا سـنورێك شـێوازی قسەکردنیشی، کەسایەتی ئەوپێشان ئەدات .

نموونەیەکی تر لە گفتوگۆی کاریگەر ، لەکورتە فیلمی (کەنداوی قاچاخچێتی) ی بەرهەمی دیل میلیگارد[17]) ڕوو ئەدات. چیرۆکەکەی لەبارێکی کەنداوی قاچاخچێتی لەهاوای ڕوو ئەدات. لەپێش ئەو دیمەنەی ژێرەوە ، دەنی[18] ، کەسایەتی سەرەکی ، سەرنجی بیانییەکی ((قەدو بالاّ جوان))ئەدات ، کەلەپشت میزەکە دانیشتووە و، دەنی بۆ خۆیشی و ئەویش داوای خواردنەوە دەکات. .

5-ناوەوە . بارِ – شەو

بروس[19] ﴿کارمەندی بارِ﴾ دووخواردنەوە لەسەرمێزەکە، لەبەردەم دەنی و بیانییەکە دائەنێت. بیانییەکە جگەرەیەك دەرئەهێنێ و،ساتێك لەپێش ئەوەی کەدەنی مۆڵەت بدات دایبگیرسێنێ، دوو دڵ دەبێت.

---

17 Dale Meigaard
18 - Danny
19 - Bruce

دەنی : چۆنـــــی ؟

بیانیەکە خێرا سەیری بەردەمی دەکات و، دووجگەرە دەردەهێنێت .

بیانی : بەرزە.

دەنی : نیشانەیەك کەشتێکی تری پێشان بدات، بیانییەکە وەلاّم ناداتەوە .

دەنی : لەوە ناچێ پێشتر تۆم دیبێت .

بیانی : چەند ڕۆژێك زیاتر نییە، کە هاتووم .

دەنی : ئەگەر تۆم دیبێ، لەیادما دەمایەوە ... ڕووخسارێکی تایبەتیت هەیە. یەك جۆرئا ... ئەزموون داری ...

بیانیەکە شان دا ئەدا، کەمێك ئەخواتەوە و کەمێك لەسەرمێزەکە دەڕشێتەوە. دەنی بەدەسڕێك مێزەکە پاك دەکاتەوە و پێ ئەکەنێ .

دەنی : (بەردەوامە) خۆشت کەلێوپڕ نابێت بیڕێژە.

بیانیەکە لێکدانەوەی دەنی، نادیدە دەگرێت .

دەنی : (بەردەوامە) واهەست دەکەم ڕۆژێکی ناخۆش بوو . هوم؟

بیانی : ڕاستە . ڕۆژێکی ((ناخۆش)) بوو.

دەنی : داوای لێ بوردن دەکەم ، مەبەستێکم نەبوو، پرسیارێکی ڕاستگۆیانە بوو

بیانیەکە مژێکی ترلەجگەرەکەی ئەدات و، کەمێك خواردنەوە دەخواتەوە، بەبێ دەربڕینی حالّەتێکی تایبەتی لەڕووخساریدا، هەروەك و پێشوو ڕاستەوخۆڕووبەڕوو دەڕوانێت.

وەك دیمەنی کورتە فیلمی دەستپێکردنەوەی ژیانی برۆنکۆبیلی، ڕەگمزەکانی بینین، توانایەکی زۆری لەبارەی واتاو کەشو هەوای دیمەنەکەی کەوتۆتە سەرشان. لەگەلّ بوونی ئەوەش، گفتوگۆش گرنگە. ئەو تاکتیکەی کە دەنی بۆ ناسینەوەی بیانیەك بەکاری دەبردو،

ئەو تاکتیکانەی کەبیانیەکە وەری دەگرێت هەتا ئەوانە ڕەت بکاتەوە، گرنگییان هەیە. وەك لەدیمەنی ناوبراوی برۆنکۆبیلی، ڕستەکان کورتن. هەروەها چی بەوە ناوترێت. سەرنج بدە : بیانیەکە سێ جار وەلاّمی دەنی ناداتەوە. بۆ وەلاّم دانەوەی ئەو،سوود لەوشەی کەم وەردەگرێت. دەنی بەتوندی هەوڵ ئەدات، بەلاّم ناگاتە ئەنجامێك، یان بەلانی کەمەوە هەتا ئەو جێیەی کەئێمە دەیبینین، ناگاتە ئەنجامێك.

نموونەیەکی تر لەگفتوگۆی کاریگەر، لەسیناریۆی کورتە فیلمێك بەناوی، (جلوبەرگی نوێ) نووسراوە، کەبەرهەمی خوێندکارییە، لە ئالین ساندلێر[20] و دنیس دەنزیگەر[21] لەقۆناغی خوێندنی، لەدەزگایەکی فیلمی ئەمریکا. لێرەشدا گفتوگۆ، زیاتر واتاوکەشو هەوای سیناریۆکە دەردەبڕێ. ئستو[22] و ئەرلین ستیم[23] – ژن و مێرد – خەوتوون، کەتەلەفۆن زەنگ لێ ئەدا و باوکی بەدەسەلاّت و بەتوانای ئتسو ئاگاداریان دەکات، کەسبەینێ دێ بۆ سەردانیان. ئەو دیمەنەی خوارەوە لە دوای دیمەنی تەلەفۆنەکەوەیە :

2-ناوەوە . ژووری خوێندنەوەی ئەرلین — شەو

ئستو گۆشەی قەنەفەکە لەسوچێکی ژوورەکە بلاّو دەکاتەوە و، قەنەفەکە تەخت دەکات و ڕای دەکێشێت، تا ببێت بەقەرەوێلّەی خەوتن. ئەرلین لەپەنجەرەکەوە سەیری ناو ژوورەکە دەکات .

ئەرلین : ئستو ، شێت بووی ؟ ئەو کارانە چی یە کەتۆ دەیکەیت ؟ئستو سەیری ئەو ناکات. لەپێش ئەوەی بەتەواوی بچێتە دەرەوە، قەرەوێلّەکە گیر دەکات، ئستوی شێت هەوڵ ئەدات پاشماوەی ئەوە دەربهێنێت .

---

[20] - Ellen Sandler.
[21] - Dennis Danziger.
[22] - Stu.
[23] - Arlen Stem .

ئەرلین : (بەردەوامە) ئستو ئەوە نووسینگەی کاری منەو، باشترین جێگەی مالێش نییە کە ئەتەوێت جێگەی باوکت ڕێك بخەیت!

ئستو : ئاخر ئەم شوێنە قەنەفەی تەختی هەیە .

قەنەفەکە سەربەستە و دەکرێتەوە و، زیاتر بۆ ئستو بەکەڵك دێت و بلاڤیان دەکاتەوە .

ئەرلین : بەلاێم یەکێکی ترلەو قەنەفانە، لەژووری نووستنە .

ئستو : ئەو شوێنە خۆش نییە ، خەڵوەتی نییە .

ئستو پارچە قوماشێ دەهێنێتە دەرێ و، هەوڵ ئەدات بیدات بەسەر قەنەفەکەدا .

ئەرلین : باشە خەڵوەتی من چی ئەبێت ؟ من بەیانیان کارەکانم لێرەدا دەست پێدەکەم .

ئستو : نیگەران مەبە . ئەو سیحربازە .

ئستو خەریکی ئامادەکردنی قەرەوێلّەکەیە هێشتا تووڕەیە .

ئەرلین : ئستو ... هەر هێشتا دەبێت دروستی بکەیت ؟ نابێت دوای بخەیت وبخەویت تا دوایی ؟

ئستو : ئێستا کە ئیتر بەخەبەربوومەتەوە، دەبێت کارێك بکەم .

ئەرلین : واتای چـــــــی ؟

ئستو : دڵم ئەیەوێت ئەو کارە بکەم !

ئستو واز لە ڕێکخستنی قەرەوێلّەکە دەهێنێ و، بۆ یەکەم جار سەیری ئەرلین دەکات کە هاتۆتە ژوورەوە .

ئەرلین : زۆرباشە! باشە ئەو کارەت بکە!

ئەرلین دەگەڕێتەوە و دەچێتەدەرەوە. ئستو سەیری سەرینەکەی دەکات و، بەتووڕەییەوە ئەیکێشێ بەقەنەفەکەدا .

هەڵس و کەوت و گفتوگۆی دیمەن بەخێرایی و بەباشی پیشانی ئەدات، کە ئەرلین و ئستو دوو ئامانجی جیاوازیان هەیە : ئستو زۆر بە توندی لەبیری سەردانی باوکیتی، لەو کاتەدا کەئەرلین نارەحەتە، ئستو لە نیوەی شەودا خەریکی دروستکردنی جێگەیەبۆباوکی .

لەو سێ دیمەنەی، کەسیناریۆکانی بەتەواوی جیاوازە، ئەتوانرێت چ وانەیەکی لێ وەربگیرێ ؟ یەکەم : گفتوگۆ کاتێك دەبێ بەکار ببرێت، کەیارمەتی دەربێت لەگوێڕانەوەی هەست حاڵەت و زانیاریەکانی. کەرەگەزەکانی بینین بەتەنیایی ناتوانن ئەوانە بگوێزنەوە. لەدیمەنی نموونەی دەست پێکردنەوەی ژیانی برونکۆبیلی،گەر سەرنجی بیلی بدەین قسەی بێ هودە ناکات، هەتا ئەو کاتەی کەئەو لەگەڵ ئەو ژنەی کەلەپشت میزەکەیەوەیە، سەبارەت بەو دەمە قاڵبیەی کە کردوویانە قسەدەکات. بەڵام کاتێك ڕەگەزەکانی بینین بەتەنیایی لەدوای کارەوە بهێنرێت، دەبێ گفتوگۆ لابرێت . بۆنموونە کاتێك بیلی سەیردەکات کەپارەی پێ نییە، شەربەتەکە دائەنێت و دوور دەکەوێتەوە. پێویستی بەگفتوگۆ نییە. بۆ زانین لەوەی کەدەبێت لەچ کاتێکدا سوود لەگفتوگۆ بکات، ئەوە تایبەتمەندێتی سیناریۆ نووسێکی بەتوانا و لێهاتووە . لەڕاستیدا هەموو سیناریۆنووسەکان لەکاتی پیاچونەوەدا، هەندێك لە گفتوگۆکان لا دەبات.

دووەم : گفتوگۆ دەبێت کەسایەتی سەرەکی ئاشکرابکات. داواکارییەکانیشی بڵێت و، جوولە یان نەبوونی جوولەکانی بۆ بەدەستهێنانی ئامانج دیاری بکات. وەك نموونە، لەدیمەنی سیناریۆی کەنداوی قاچاخچێتی، دەنی دەیەوێت جارێکی تر بیانییەکە ببینێتەوە، وەلاّمەکانی بیانییەکە ئەوە دەرئەخات، کەدەنی ناگاتە ئامانجیشی. لەدیمەنی (جل و بەرگی نوێ) ، ئستو دەیەوێت ژوورێك بۆ باوکی ئامادە بکات، بەڵام ئەرلین دەیەوێت ئستو ناچار بکات بخەوێت. لەو دیمەنەدا ئستو بەئامانجی خۆی دەگات و،ئەرلین بەئامانجی ناگات .

سێیەم : زۆر جار داخوازی کەسایەتی و تایبەتمەندێتی یەکانی، دەبێت ناڕاستەوخۆ لە ڕێگەی گفتوگۆوە دەربڕێت، چونکە وشەکانی خەڵک بەگشتی جوان و توانجاوی و ئاڵۆزە. قسەیەک دەکەن کەمەبەستیان نییە و، مەبەستیان شتێکی ترە. بە کەمی ڕێک ئەکەوێ کەمەبەستی خۆیان ڕاستەوخۆ دەربڕن. لە (برۆنکۆبیلی) دا، بیلی سلاۆ لەژنی پشت میزەکە ناکات، کە بەخێر هاتنی بکات بۆیە دەمە قاڵێ ی بووە ، ئەویش دەبوایە بەخێرهاتنی لەیلی بکردایە. ئەگەرچی دوودڵین لەوەی کە ئەو بەخۆیشی بنازێ تا ژنەکـە بخاتـە ژێرکاریگەرییـەوە. گفتوگۆیەکی کاریگەرە، کە نەکەم بووە نە زیاد، هەتا بینەر ڕابکێشێت. بینەر سەیر دەکات گوێ دەگرێ وخۆی شتەکان لێک دەداتەوە، بەو ڕێگەیە پەیوەستی کەسایەتییەکان دەبین و، بەخۆیەوە بەندمان دەکات .

چوارەم : گفتوگۆ دەبێت کورتکراوە و پوخت بێت. (سەرنج بدە کە دەمەنی فیلمی برۆنکۆبیلی، تەنیا سێ وشە گفتوگۆی تیایە). ئەگەرچی قسەکردنی خەڵکی ئاسایی، وشەی زیادە و دوور خستنەوەی بێ واتای هەیە، بەڵام لەسیناریۆدا بەو جۆرە نییە. گفتوگۆی دەمەنە نموونەیەکان، بەسروشتی دێنە بەرچاو، بەڵام بە قەبارەیەکی زۆر کەمتر و ئاشکراترە لەقسەکردنی واقیعی .

سەرنج بدە کە گفتوگۆی کاریگەر، هەرجارێک کە کەسایەتیەک لێوی دەجوڵێ بۆ قسە، یەک خاڵ زیاتر نالێت، بۆیە بینەر هەرجارەی تەنیا ئەتوانێت یەک خاڵ هەست پێ بکات. چ ئەوەی ڕەوند هۆڵ[24] دەربارەی گفتوگۆی نمایشنامە ڕوونی دەکاتەوە، سەبارەت بەگفتوگۆی سینەمایش ڕاستە : ((یاسا ڕاگری ئەوەیە، کە هەر قسەیەک دەبێت تەنیا یەک بۆچوون (هزر) دەربڕێت. ئەم سەرکەوتنە لەیەک شێوازدا نییە، بەڵکو واپێویستە، بینەر ناتوانێت هەندێ وشەی ئاڵۆز تێ بگات. دەبێت لوقمەلوقمە بەشێوەیەک زانیاری بدەیت،

[24] Raymond Hull.

کەبالّندەیەك چۆن خۆراك ئەدا بەبێچوەکانی، دەبێت مۆلّەت بدەیت لوقمەی پێشوو هەرس بکات.))

لەکۆتایدا ، گفتوگۆ دەبێت بەلانی کەمەوە یاسای پراکتیکی، یان ڕێنمایی (بۆ ئەکتەر و دەرهێنەر) بنووسرێتەوە. لەگفتوگۆی دەستپێکردنەوەی ژیانی برۆنکۆبیلی، کەنداوی قاچاخچێتی، جلوبەرگی نوێ، هیچ کامێکیان لەنووسەرەکان ڕوونکردنەوەیان نەداوە، کەئەکتەر دەبێت بەچ شێوەیەك ڕستەکانی خۆی دەربڕێت. بۆ دووپاتکردنەوە نابێت لەژێر هیچ وشەیەکی گفتوگۆ هێڵ بکێشێت، نابێت هیچ (دواکەوتنێك) یان خۆ خەریك کردنێك لەگفتوگۆدا بکرێت. نابێت هیچ ئاماژەیەکی ترئەوەپێشان بدات کەئەکتەر دەیێت چ کاتێك ریتمی قسەکردنی هێواش بێت، یان توند، ئەو نووسەرانە بەئاگان کەبەشێوەیەکی ئاسایی لە دیاریکردنی چۆنیەتی دەربڕینی ڕستەکانی گفتوگۆ کەپێویست نییە، چونکە ڕستەکان خۆبەخۆ چۆنیەتی دەربڕینی خۆیان دەردەبڕن. لەو ڕووەوە ئەکتەری لێهاتوو ڕستەی خۆی کاریگەرتر لەبیرکردنەوەی نووسەر دەردەبڕێت .

گەرچی هەندێ لەنووسەران، موزیك و دەنگە دراماتیکەکانی دیمنەکە دیاری دەکەن. بەلاّم نووسەرە تازەکان بەشێوەیەکی گشتی، دەبێت پشت بەگفتوگۆ و وێنە ببەستن. (بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی گفتوگۆ لەبەشی 7: ((ناوەڕۆکی پیاچوونەوە))ی سیناریۆ سەیر بکە و، پرسیارەکانی پەیوەست بەگفتوگۆ بخوێنەرەوە.)

چـــــــیرۆك

دیمەن ، کەسایەتی ، پێکهاتەوەهەوێنی چیرۆك ، چوارلایەنی گرنگن بۆ سیناریۆنووس.

سیناریۆنووسه تازەکان، زۆربەیان دیمەنەکان کەم بەها دەردەبڕن. ئەگەر نووسینەکانیان بخوێنیتەوە گەرچی بۆ چەند دیمەنێکی جیاوازدا بەش کراون، دیاری ناکەن کەشوێنی دیمەن لەکوێ یە، ئەگەرشوێنی دیمەن دیاری بکرێت پێناسەو ڕوونکردنەوەی بەس نییە. سیناریۆنووسانی تازەکار بەگشتی لەدیمەندا وێنەی ون بوو، یان بێ گیان پێشان ئەدەن، کە زۆرخراپە، چونکە ڕوونکردنەوەی دیمەن، لەپێش ڕوونکردنەوەی ئامادەبوونی شوێن و ڕووداو، کاریگەرە. ڕوونکردنەوەی دیمەن بەتایبەتی کاتێ یەکەمین جار شوێنی ژیان، یان شوێنی کارکردنی کەسایەتی سەرەکی پێناسە دەکرێت، زۆربەیان ئەوە دیاری دەکەن کەلایەنگری چ کەسایەتیەکن. هەندێ جار ڕوونکردنەوەی دیمەن هەست و کەش و هەواو حاڵەتی دیمەنەکەش دروست دەکەن، بۆ نموونە بێیت جارێکی تر، ڕوونکردنەوەی یەکەمین دیمەنی فایلی لیۆن بخوێنینەوە :

1-ناوەوە . بینای لیۆن – ڕۆژ

لیۆن بیرنستین ی نەخشەکێش، لەکاتێکدا کەسەیری ئاوێنە دەکات سمێڵێکی پڕ ولوول کراو و فریودەری هەیە، باڵا بەرزو لاوازەو نزیکەی 30ساڵە قژە دڕێژەکانیشی، کەهەندێکی کەوتۆتە سەرناوچەوانی، لەپشت سەریەوە بەستویەتی و شۆڕی کردۆتەوە. جلوبەرگی قەشەیەکی کاتولیکی لەبەردایە. دەنگی ئاوازی باب دیلۆن : ((گەلا زەردەکانی خەمی غوربەتی ژێر زەمین)) لەباکگراوندی ریکۆردەرەکەوە پەخش دەکرێ .

﴿لیۆن﴾ کلاۆێکی گونجاو، لەشوێنی کلاۆەکانی کەچەندین جۆرو قەبارەی کلاۆ و کلاۆی سەربازی تیایە دائەگرێت. سەرمێزی تەوالێتەکە، پڕە لەماسك و قاڵبی جلوبەرگ ، ڕیش ، کلاۆی ژنانە و چەندین جۆری کەلوپەلی ئارایشتی .

بینای ژێر زەمینی تەنگ و بچووکی ئەو،لە زیارەتگای بابەتە کۆمەلایەتیەکانی دەیەی 60ئەچێت، لەسەر دیوارەکان چەند پۆستەرێك دەربارەی: ((مەرگ بخەرە ژێرپێتـەوە)) ،((هەژاران ڕاپەڕن)) و هەندێ شتی تر بەچاو دەبینرێن. وێنەکانی﴿چی گیڤارا﴾ ، مالکوم ئیکس ، لۆتەر ، کینگ و هەردوو کەنەدی کۆچ کردوو، بەشێوەیەکی لەبەرچاو دیارن . یەك((تەختەی نیشانە)) لەگەڵ وێنەی ڕیچاردنیکسۆن لەگەڵ دروشمی ((تەنیا نیکسۆن مەردە))لەسەر دیواری گەرماوەکە هەڵواسراوە، جێگەی وێنەی تیردارت لەسەرمێشك و ناودەمی دەبینرێت، تاقمی مۆبیلیاتەکە لەوە ئەچێ لەکەناری شەقامەکە دۆزرا بێتەوە .

ڕێۆند هارتونگ ، پەیوەندی لیۆن بەڕابردوو ، ژیانی مام ناوەندی ، دیدگای سیاسی ، گۆڕینی شێوە و جلوبەرگی ناڕێکی- هەموویان لەدیمەنی سەرەتایی دەستپێکردن-پێشان ئەدات. لەگەڵ ڕووبەرگردنەوەی دیمەن - بۆنمووونە ، تیردارت لەناودەم و مێشکی نیکسۆن و ڕوالەتی جیاواز ، کەلیۆن لەپشت ئەوانەوە شاراوە دەبێت - کەسەرنجی ئەدەین لیۆن ئێمە سەرگەرم دەکات .

بێجگە لەڕووبەرگردنەوەی دیمەن، جۆری جلوبەرگیش ئەتوانێت ناسنامە و کەش و هەوای کەسایەتی بەبینەرپێشان بدات. ئەو شەش جلوبەرگەی کەلەبەری دەکات : جلوبەرگی قەشە، جلوبەرگی کرێکاری بینا، لەگەڵ کلاۆێکی سەربازی، پیاوێك لەجل و بەرگی ئامێزی لۆکەپاکەرەوە ((پۆستەچی ، لەگەڵ چاویلکەیەکی دوکەلاۆی و کلاۆێکی باسکیتبال))،پیاوێك لەدەزگای هەواڵگری ،جلوبەرگی بازرگـان و کارمەنـدی فڕۆکـەوانی پێـشان ئـەدات. کەلەبەرچاوی خۆی ئەوەندە گرنگە لەبەرئەوەی ئەیەوێت خۆی لەبەرچاوی کەسـانی تـر بشارێتەوە. ئەگەر لیۆن جلوبەرگی لەبەرنەکردایە و، لەئاوێنەوە سەیری خۆی نەکردایە، ئەوا پیاوێکی لاوازمان دەبینی کەکێشەی کەم خۆراکی هەبێت و، ((لەسنوری سی سالّەدایە .

قژەدرێژەکانی کەهەندێکی کەوتۆتە سەر ناوچەوانی ... بەستویەتی و لەپشت سەرییەوە شۆڕی کردۆتەوە .))

لە فیلمی برۆنکۆبیلی ، دەرکەوتنی شێوە وستڕنی بیلی شوێنێك بەو ئەدات، کەڕوئیای خۆی - بوون بە گاوانی فیلمەکانی وستڕن- ئاسانتر جێ بە جێ بکات. بەپێشاندانی خۆ خەریك کردنی بیلی هەتا لەپێش هەڵسانی لەسەر قەرەوێڵەکە، کلاۆی وستڕن لەسەر دەکات. سەرنجی ئەدەین کەئەو بێجگە لەجلوبەرگی گاوانی، نابێت شتێکی تر لەبەربکات. بەوردی سەیری ڕۆڵەکەی بکەیت تا ئاسانتر لەچوارچێوەی ئەودا بڕۆیت.

بەگشتی ڕوونکرنەوەی دیمەن لەسیناریۆ جیاوازەکاندا، بەئەندازەی ڕوونکردنەوەی دیمەنی تێروتەسەلی دیمەنی سەرەتایی دەستپێکردنەوەی (فایلی لیۆن) نییە و، هەندێکی دەربارەی شێوازی لەبەرکردنی جلوبەرگی کەسایەتی، یان شتێك نالێت یان کەم دەڵێت. بەڵام ئەگەر بتەوێ کەسایەتی کەسێك پێشان بدەیت، جێگەی باشترین شێواز، ڕوونکردنەوەی دیمەن و پێناسەی جلوبەرگە. هەندێ جار ڕوونکردنەوەی دیمەن یان پێناسەی جلوبەرگ بۆ دروستکردنی هەست و حاڵەتی سیناریۆ، یارمەتی دەردەبێت و، ڕێنمایی دەکات کەچ بابەتێك سەبارەت بەکەسایەتی وەربگرێ .

لەو ڕووەی کە ژمارەی سیناریۆی ئەو کورتە فیلمانەی چاپکراوە کەمە، بەسوود وەرگرتن لەو فیلمانەی کە لە سەر کاسێتی ڤیدیۆیی تۆمارکراوە، ئەتوانرێت دیمەنەکانی سەرەتایی دەست پێکردنەکانی شی بکرێتەوە . زۆربەی نمایشنامەکان، یان فیلمەکان بەخێرایی تایبەتێتی دیمەن و جلوبەرگی کەسایەتی سەرەکی یەکان پێشان ئەدەن. (بەشی کۆتایی دەربارەی ڕوونکردنەوەی دیمەن لە ((ناوەڕۆکی پیاچوونەوە))ی سیناریۆ، لەبەشی هەشتەمدا هاتووە .)

لەسیناریۆ ونمایشنامەدا، بەگشتی لەڕێگەی هەڵس و کەوت و گفتوگۆی کەسایەتی، ئاشنای تایبەتمەندێتیان دەبین، نەوەك ڕاستەوخۆ بەشتێك کەخۆیشی ڕوونی دەکاتەوە. بەڵکو لە هەڵس‌وکەوت و کاردانەوەکانیان شارەزایی پەیدادەکەین .

خوێنەر دەبێ لەسەرەتای سیناریۆی کورتەوە، بزانێت کە کەسایەتی سەرەکی کێیە و، چی دەوێت. زۆربەی نووسەرە تازەکان لەپێشاندانی ئەو دوو ڕووە بنچینەییە، خۆیان دوور ئەخەنەوە. خوێنەرلاپەڕە بەلاپەڕە دەڕواتە پێشەوە و، نازانێت نووسەرچ شتێکی خستۆتەسەر پێنووس، سیناریۆنووسی لێهاتوو لەدوای ناساندنی کەسایەتی سەرەکی و ئامانجەکانیشی، ڕێگرییەك دروست دەکات، کەڕێ لەبەردەم پێشکەوتنی کەسایەتییەکە دەگرێت. شکسپیر لەدوای دەستپێکردنەوەی نمایشنامە، دیمەنەکە کەلەناوەڕاستی گفتوگۆ، یان لەپێش ڕێکەوت لە گەورەبوونی ڕووداو، یان کەمێك لەدوای ڕووداوی گرنگ دەست پێدەکات. ئەوهوشیارە لەوەی کەبەچ شێوەیەك سەرنجی بینەر ڕابکێشێت و، پەیوەستی بکات .

ئەگەر گرتەی کەسایەتی سەرەکی واقیعی بێت. (واتەلێکچووی ژیانی واقیعی بێت) ئەوشتەی کە ئەتەوێ بۆ بەدەستهێنانی، ڕووبەڕووی چەند کێشەیەك دەبێتەوە و، بینەرپەیوەست دەکات. مل ملانێ و گرفتەکان سەرنجی بینەر ڕادەکێشێت و، ئارەزوومەندانە دەیبەستێتەوە بەوتەی لاجوس ئیگری[25] : ((لەوشوێنەی کەماسك بەکاردەهێنن، واقیعی خۆمان لەکەسانی تر دەشارینەوە، ئارەزوومەندی بینینی ئەو ڕوداوانە دەین، بۆ کەسێك یان ئەو کەسانەدەبین، کەلەوکاتەدا ناچار دەبن لە ژێرگوشاری مل ملانێی کەسایەتی واقیعی خۆیان ئاشکرابکەن .

زۆربەی سیناریۆنووسە تازەکان، چەند کەسایەتیەك دەهێننە ناو کارەوە. چیرۆکی بەبێ چڕ کردنەوە و بێ هێزیان هەیە. بەوشێوەیەی کەلە (فایلی لیۆن) ، لۆبیای سەوز ،

[25] - Lajos Egri .

دەستپێکردنەوەی ژیانی برۆنکۆبیلی مان بینیوە ، زۆربەی کورتەفیلمە سەرکەوتووەکان، یەک کەسایەتی سەرەکیان هەیە. لەو ڕووەوەی کەلەکورتە فیلمدا کات زۆرکورت دەکرێتەوە و، دانانی کەسایەتیش پێویستی بەکاتە، بەگشتی پێویستە لەسەرکەسایەتییەک چڕ بێتەوە. بینەر دەبێت ڕێز بۆ کەسایەتی سەرەکی دابنێت. هەتاچیرۆک سەرنجی ڕابکێشێت. کەسایەتی دەبێت ئەوەندە واقیعی بنوێنێت، کە ئەوە فەرامۆش بکەین چیرۆکێکی خەیاڵیە. (ئەوبەر ، بێ کەسایەتی واقیع، گرتەی سەرنج ڕاکێش و خۆشەویستی یە ،بەڵام بینەر بەهەڵواسراوی و تووڕەیی دەهێڵێتەوە.)

زۆربەی ئەو کەسانەی کەدەست بەنووسینی یەکەم سیناریۆی خۆیان دەکەن، دەکەونە ژێر ئەم هەڵانەی خوارەوە :

کەسایەتی سەرەکی لەکاتێکی کورتدا دەگۆڕن، لەکاتێکدا کەسیناریۆی کورت دەبێت کردنەوەی گرێ، بەکورتی و گۆڕینێکی کەمی هەبێت . ئەگەر کەسایەتی سەرەکی لەشوێنی کار و لە ماڵەوە مەسەلەیەکی هەیە و، لەهەر دووبارەکەدا ئەو سەرکەوتوو بکەین، جیهانێکی فەنتازیمان دروست کردووە. لەکاتێکی دیاریکراوی فیلمی کورتدا، قبوڵکردنی ئەو حاڵەتە دژوارە .

نابێ ئەوە فەرامۆش بکەیت، کەسیناریۆی کورت لەمەسەلەیەک زیاتر چارەسەر ناکات . لێژنی کۆتایی فایلی لێژن، هەمان لێژنی یەکەمە . دەستگیر دەکرێت و هەم بەناوبانگیش دەبێت. پێرێژن لەکۆتایی لۆبیای سەوزدا بەئامانج ناگات ، جارێکی تر هەوڵ ئەدات ڕووەکێك بەر بهێنێت. کۆتایی ئەوبەر ،ئەوە پێشان ئەدات کە خەڵك بە هەمان شێوە دەمێنێتەوە، لەگەڵ ئەو جیاوازییەی کە ئێستا ژمارەیەکی زیاتریان کوژراوە. یەلی لە کۆتایی دەست پێکردنەوەی ژیانی برۆنکو بیلی، لە ڕوئیایی ترین حاڵەتدا خۆی تێر دەکات.(بگەڕێرەوە بۆ بەشی دانانی کەسایەتی ((ناوەڕۆکی پیاچوونەوە)) بەشی 7) .

بە لێکۆڵینەوەی سیناریۆ کورتەکان، بۆت دەرئەکەوێ کە زۆربەیان یەك کەسایەتی سەرەکییان هەیە، کە بەدوای ئامانجێکی تایبەتییەوەیەو، لەماوەی گەیشتن بەو ئامانجە، ڕووبەڕووی ڕێگریی و کێشە دەبێتەوە، لە ئامانجدا بە ئامانج ئەکات یان ناگات. هێڵی کورتە فایلی لیۆن و لۆبیای سەوز، (شێوەی 2 و4) پێك هاتەی ناو براو پێشان ئەدات، هێڵی کورتە فیلمی ئەوبەر ، (شێوەی4) ،پش هەمان پێك هاتەی هەیە، بەڵام کەسایەتی سەرەکی گروپێك خەڵکن، نەوەك تەنیا کەسێك . زۆربەی سیناریۆ کورتە کاریگەرەکان، پێك هاتەی (شێوەی 5) یان هەیە.

شکست/سەرکەوتوو ◄——بابەتەکان/ململانێ ◄——کەسایەتی داواکراو / ئامانج

شێوەی (5) پێکهاتەی گشتی بۆ زۆربەی سیناریۆ کورتەکان

سیناریۆ نووسە تازەکان،بە گشتی دیمەنی باش دەنووسن کەلە دوای کۆتایی سیناریۆ، دەبێت کورت بێت. بەخستنە لاوەی خاڵە لاوازەکانو خراپی پێکهاتەی، دەتوانرێت بەبێ مەترسی بیبڕیت ، بێ خەم لێ ی دابنیشیت.

1 - کەسایەتی سەرەکی بەدوای ئامانجێکە . لەوانەیە سیناریۆ زیاد لەیەك کەسایەتی بێت. لەو کاتەدا. سیناریۆی کورت بەشێوەیەکی ئاسایی بینەر گێژ کە ئەکاتو، لە کاریگەریی چیرۆکەکەش کەم دەکاتەوە. لەوانەیە کەسایەتی سەرەکی ئامانجی نەبێت، یان چەند ئامانجێکی پێکەوە نەبەستراوی هەبێت، ئەو سیناریۆیەی کە کەسایەتییەکی سەرەکی و ئامانجێکی هەیە، بە شێوەیەکی گشتی ئامانجەکەی ناو دریت کە چی یە، بەڵکو دەبێت بینەر بتوانێت ئامانجو خواستەکانی کەسایەتییەکە دیاری بکات. 2 - کەسایەتی بۆ گەیشتن بە ئامانج لە مل ملانێ دایە. لەوانەیە کەسایەتی سەرەکی لەماوەی بەدەست هێنانی

ئامانجەکەی، ڕوو بە ڕووی مل ملانێ نەبێتەوە. بەڵام چ کەسێك حەز ئەکات فیلمێکی 25 خوولەکی ببینێت، کە تیایدا زیاتر لە هەموو لایەنەکانەوە یارمەتی لیۆن بدرێت ؟بابەتی زیاد لە کاتێکی کورتی چیرۆکدا، جێگەی نابێتەوە (وەك دراماى خێزانى) .

3 - کەسایەتی بۆ گەیشتن بە ئامانجی ، یان سەر کەوتوو دەبێ یان نایێت. لە وانەیە چیرۆك لە ڕێڕەوەی دەرەوەو لە بەرامبەر بابەتێکی نا پەیوەست بوەستێت. یان بگاتە کۆتایی کە لەگەڵ کەسایەتییەك یان حاڵەتێك کە پێشتر باس کراوە ، نا ڕێك بێت. ئەگەر لیـۆن کەسایەتی خۆی نەگۆڕییایەو وا خۆی پێشان نەدایە، کە ڕا کردوویەکی تۆند ڕەوە، نا ڕێکی دروست دەبوو.

بە شێوەیەکی کورت دەبینین کە کەسایەتی سەرەکی بەرامبەر بە بەدەست هێنان، یان بەدەست نەهێنانی ئامانجی ، چ کاردانەوەیەك دەرئەخات. کۆتایی زۆربەی سیناریۆکان بەم جۆرە تەواو دەبن . لیۆن لە دەستگیری خۆی (دیمەنی 39) ڕازییەو، لەدوا دیمەندا (40)، کیت سەیر ئەکات ، کە کارن یارمەتی لیۆنی داوەو، کارن زەردە خەنەیەك دەیگرێ.

کاتێك ئەو هەموو ڕێگەیە دەبنە خراپ کردنی سیناریۆ ،ئیتر جێگەی سەر سوڕمان نییە، کە زۆربەی ئەوانە سەرکەوتوو نابن؟ زۆربەی خوێندکارانی سیناریۆ نووس، چیرۆکی خۆیان زۆر درەنگ دەست پێ ئەکەنو، خوێنەران چاوەڕێی سەرەتای چیرۆکی.

سەرەکی تێ ئەپەڕێنن ، لە کاتێکدا نووسەرانی بە ئەزموون ، سەرەتای دەستنووسی یەکەمیان لا دەبەن. بە وتەی چیخۆف[26] : ((ئەزموون بەمن دەڵێت،کەلەدوای نوسینی چیرۆك، دەبێت سەرەتاو کۆتایشی دوور بخرێتەوە. ئێمەی نووسەران لەو دوو بەشەدا، زۆرترین درۆکان دەڵێین)).

[26] - Chekhov

سیناریۆ کورتە کاریگەرەکان، قۆناغێکی درێژ نابڕن، لەبەرئەوەی کاریگەری دراماتیکی کەم دەکەنەوە. ئەگەر بەسەرهاتی چەند سالێکی جیاواز لە چیرۆکێکی 25 خولەکی پێشان بدرێت، چیرۆکەکە یەکگرتوویی لەدەست ئەدات.(فایلی لیـۆن) نزیکـەی 36 کاتـژمێر دەخایەنێت. بە ڕوالەت ماوەی کاتی چیرۆکی (دەستپێکردنەوەی ژیانی برۆنکو بیلی) چەند کاتژمێر زیاتر نییە، لە کاتێکدا (ئەوبەر) لەوانەیە ماوەی فیلمەکە زیاتر لە 10خوولەك نەخایەنێت. سیناریۆی باش هەمیشە کەشو هەواکەشی دەگۆڕ درێت. کەشو هەوای بنچینەیی هەرچەند بێت: گالتە ئامێز، پڕ جوولە، خەماوی، یا ... هەتا فیلمێکی 20 خولەکیش، هەمەڕەنگی دەخوازێت.

بە گشتی هەر چیرۆکێکی باش، دیمەنێکی گالتە ئامێزی هەیەو، لە زۆربەی چیرۆکە گالتە ئامێزەکاندا، هەندێ دیمەنی گرنگی تیایە. وەك دیمەنی 26 لە فایلی لیۆن: دیمەنی غەم ئامێزی گەرماو.

لەسیناریۆ سەرکەوتووەکاندا ئەو کارانەی کە بۆ کەسایەتی سەرەکی، پێکهاتەو هەوێنی چیرۆکەکان گرنگ نییە، لا دەبرێت. بەڕێنمای ویلیام گۆلدمەن[27]، هەتا ئەتوانیت دیمەنەکە درەنگتر دەست پێ بکە. بەهەمان شێوە لەپێش ئەوەی کە سەرنج ڕکێشانی لەدەست بدات، کۆتایی پێ بێنە. والتەر براون نیومان[28] کە نووسەرێکی پیشەییە، ئەوە ڕوون دەکاتەوە کەبۆچی دەبێت، هەندێ بابەتی بونیادی بپارێزرێت:))تـەنیا شـتێك بـەوەرگر بڵێیـت، کەپێویستی بەزانین هەبێ نەوەك زیاتر. هەروەها هەتا ئەوشوێنەی کە دەکرێ، ئەو ئەندازەیە کەم بکەیتەوە. بەڕای من دەتوانرێت لەگەڵ هەڵگرتنی زانیارییەکان بەالئی کەمەوە بۆ هەر

[27] William goldman
[28] - walter brown newman

دیمەنێك، یان کەسایەتییەك، ڕۆڵی زیادی بۆ بگەڕێنرێتەوە. هیچکۆك وتوویەتی: کەسایەتییەك کەخێرا هەموشتێك بڵێت، کەسێکی ماندووکەرە.))

بەپێچەوانەی بۆچوونی و خەیاڵی سیناریۆ نوسانی تازە، زۆربەی سیناریۆ کاریگەرەکان- بەتایبەتی سیناریۆ کورتەکان- گەڕانەوە بۆ ڕابردویان لەدەستداوە. لەهیچ یەکێك لەو سیناریۆیانەی لەم پەرتوکەدا باسکراوە، گەڕانەوە بۆ ڕابردووی تیانییە. **یەکەم:** لەوانەیە گەڕانەوە بۆ ڕابردوو، بینەر گێژ بکات و سەری لێ دەرنەکات. **دووەم:** گەڕانەوە بۆ ڕابردوو لەبابەتی سەردەم کەتووە. فیلمە تازەکان زۆر بەکەمی سوود لەوە دەبینن. ئەگەر سوودی لێوەربگریت، وا دێتە بەرچاو کە لەمڕۆی هاوچەرخ دووریت. لەمڕۆدا سوود وەرگرتن لەگەڕانەوە بۆ ڕابردوو، وەك سوود وەرگرتنە لەپێ وتنەوەی وشەیەك لەودیو پەردە لەنمایشنامەدا. ئەگەرچی توانای سوود وەرگرتن لەوە هەیە، بەڵام لەفیلمە تازەکاندا زۆر بەکەمی سوودی لێوەر دەگیرێت. **سێیەم:** هەندێ لەنووسەران بەوهۆیەی،کە گەڕانەوە بۆ ڕابردوو دەبەستنەوە، وا خەیاڵ دەکەنەوە بینەر دەبێت شتێك لەڕابردووی کەسایەتی بزانێ. ئەوە بزانە کە ڕەوتی چیرۆکەکە دەبڕێتو کاریگەری ئەوە کەم دەکاتەوە. فایلی لیۆن (25) خوولەکی گرنگ لە (36) کاتژمێری ژیانی واقیعی لیۆن، هەتا دەستگیری پێشان ئەدات. ئەو زەمەنە لەکورتە فیلمدا زۆرە.

لەئەنجامدا، کۆتایی کاریگەر بۆ کورتە فیلم زۆر گرنگە . کۆتایی لەگەڵ سەرنجدان بە کەسایەتییەکانو ڕووداوەکانی پێشوو، دەبێت واتادار بێت .بوونی کۆتایی کاریگەر سەرکەوتنی سیناریۆکە دابین ناکات، بەڵام کۆتایی لاواز شکستی سیناریۆکە بەدوایدا دێنێت. ڕۆبێرت تاون[29] (نووسەری میللی چینی) ئەوە دێنێتەوە یاد،وەرگر لەبارەی دەست

[29] - Robert Towne

پێکردن، ئێوە دەبەخشن، بەڵام لەبارەی کۆتایی نابێت.)) (بگەڕێرەوە بۆ بەشی تایبەت بەپێك هاتەلە ((ناوەڕۆکی پیاچوونەوە)) ی سیناریۆ لەبەشی حەوتەم.)

چیرۆك چەند بنەمایەکی هەیە. کەسایەتییەکانی چیرۆك- هەڵس‌و کەوت‌و کاردانەوەکانیان- ئەوە پێشان ئەدەن کە خەڵك چ شێوەیەکن. چیرۆکی باشتر هەندێ پێچ‌و پەنای سروشتی مرۆیی وەك سۆزی مل کەچی، یان پێوانەکانی بەهای دژبەیەك پێشان ئەدەن. فایلی لیۆن‌و دەست پێکردنەوەی ژیانی برۆنکو بیلی لەگەڵ پێشاندانی ئەو کەسایەتییانەی کە هەوڵ ئەدەن لە ڕابردوودا یان لە خەیاڵی خۆیاندا بژین، ئالۆزییەکانیان پێشان ئەدات. بەشێوەیەکی گشتی چیرۆك چەند هەوێنێك(بنەمایەك)ی هەیە. هەندێ جار وەرگر بنەماکانی لە کاردا دەبینێت، کە نووسەر ئاگای لەوانە نەبووەو لەکاردا پێوەی بەستراوە. ئەوە یەکێکە لە شتە سەیرەکانی چیرۆك نووسین، فێربوونی ئەو فەرمانە کە خەڵك لەوێدا چی دەبینێت.

لە سیناریۆی باشدا، کەسایەتی واتای چیرۆکەکە بە وەرگر نالێت.(ئەگەر کەسایەتییەك واتای چیرۆك دەربڕێت، واتا نووسەر لە کاریگەری چیرۆکی خۆی دڵنیا نییە). وەرگر هەوێنی چیرۆکەکە ئەدۆزێتەوە. بەو شێوەیە بینەر زیاتر پەیوەستی چیرۆکەکە دەبێتەو، دەکەوێتە ژێر کاریگەرییەوە: ژێر کاریگەری چیرۆك‌و سیناریۆ نووس‌و خۆیشی.(سەیری بەشی هەوێنی چیرۆك ((ناوەڕۆکی داڕشتنەوە)) لەبەشی حەوتەم.)

بەشی سێیەم

((نووسینی سیناریۆ))

کاتێك لە چیرۆکدا دەڵێت:((لە شەرما سەر دائەنوێنێ))، یان ((ئەوەندە چنگی لە کورسییەکە دابوو، کەمەچەکی پەنجەکانیشی سپی بوو))، دەڵێ درۆ دەکات. کاتێك شتێك دەربارەی کەسایەتییەکی لەو جۆرە دەنووسیت، لە خۆت بپرسە: ((ئایا لە ڕاستیدا کارێکی وەهای کردووە ؟ ئایا ئێستا بینوومە کە کەسێك ئەو کارە بکات؟))...

کاتێ، چیرۆکێکت نووسیوە، لەدوای ماوەیەك دائەنیشیتو هەوڵ ئەدەیت پیایا بچێتەوە کاریگەرتری بکەیت ، هەوڵ نەدەیت بە وشەی باشتر، واتە بکەوێتە ئەندێشەی وشەی دڵگیرتر. هەوڵ بدەیت مرۆڤەکان باشتر ببینیت .

بیرندا ویلاند[30]

ئەگەر ئەتەوێ بنووسیت، لا 136

ئیلیزابێت نیڵد[31]، لە پەرتووکی (بەڵێ! تۆ توانای نووسینت هەیە)، لەبارەی پێشبڕکێیەکی وێنە کێشی، بە بەشداری 31 وێنە کێش، کە 37 کەلو پەلی جیاجیای وێنە کێشانیان لەبەردەستدا بووە، ڕوونکردنەوەیەك ئەدات. بڕیار بوو هەموو وێنە کێشەکان لە کاتێکی دیاریکراوی یەکسان، بەو جۆرەی کەخۆیان حەز دەکەن، لەسروشتی بێ گیاندا وێنە بکێشن. هەر وێنە کێشێك لەژێر چاودێری کەسێکدا بوو، کەهەموو کارەکانی ئەوی یادداشت دەکرد. لەدوای تەواوبوونی کاتەکە، داوەرەکان کارەکانیان هەڵسەنگاندن.:

[30] Brenda UeLand
[31] Elizabeth Neeld

وێنە کێشە براوەکان، زۆرترین شتیان هەڵگرتبوو، لە کاتێکی لەوە پێشتر لەوانەیان کۆڵیوەتەوە. ئەو براوانە لەپێش ئەوانی تر، بڕیاری خۆیان دەربارەی کە کام بابەت بکەنە مۆدێل، گۆڕی بوو. کەلو پەلی لەبەر چاو گیراو لە پێش ئەوانی تر لە چەند باکگراوندێکی جیاجیایان لە ژوورەکە تاقی کردبۆوە. کەلو پەلی وێنە کێشانیان لە پێش ئەوانی تردە گۆڕی بوو.(وەک، گۆڕینی ڕەنگی ئاوی بۆ ڕەنگی ڕۆنی). بەکورتی، براوەکان زۆرترین کاتی دیاریکراویان بۆ سەرف کردنی گۆڕینی حاڵەتەکانو لەبەچاو گرتنی ئەنجام، لەبەرچاو گرتبوو.

من هەمان ئەنجامم لەبارەی نووسەرەکانەوە بەدەست هێناوە. ئەو کەسانەی کە بەتووانا و بە سنگێکی فراوانەوە زیاتر هەڵس و کەوت دەکەن، بەدوای ڕێگە چارەسەری جیاوازدانو، زۆر لەو ڕێگە چارەسەرانە تاقی دەکەنەوە، بەگشتی لەو کەسانە باشتر دەنووسن، کەبەخێرایی دەچنەوە سەر چیرۆکو زوم دەکەنەوەو، پێوەی جێگیر دەکەن، لە لابردنو چاککردن خۆیا دوور دەخەنەوە، ڕاستەوخۆ گۆڕانکاری وێنەیی و ئارایشی دەکەن. گرنگ نییە کەچەندە لەسەر چیرۆکی خۆیان کاردەکەن.

کاتێك پلانی سیناریۆ دادەنێیت، دەنووسیت و پیایا دەچیتەوە، زوو دەست لەسەرەتای چیرۆك هەلنەگریت. تەنیا لەو کاتەدا کە چەند جارێك پلان دادەنێیتەوە،بنووسەو پیایا بچۆرەوە، چیرۆك دەردەکەوێت. ئێستا بەڕوونی دەیبینیت کە دەبێت چ شتێك پێشان بدەیت. هەندێ جار نووسەرانی تازە بەمن دەڵێن کەبۆ دڵی خۆیان دەنووسن. نووسین بەمەبەستی باسکردنی خود بێ بەهاو، کلینیکی (چارەسەری دەروونی) یە. ئەو نووسینانەی کەبۆ دڵی خۆت دەینووسیت، نابێت پێشانی کەسایەنی تری بدەیت، چونکە ڕووی بەشداری ئێوە لەگەڵ کەسانی تر، دەبێتە جێ سەرنجی کەسانی تر.

ئەو نووسەرانەی کەبەدوای وەرگردان- بتەوێ لەشانۆ، یان فلیم، یان ڤیدیۆ- باش دەزانن کە بە چ شێوەیەك وەرگر پەیوەست بکەن. هونەری سینەما، هونەری باس کردنی خود نییە، هونەرێکی بە کۆمەڵە. لەبەرئەوە، سیناریۆ نووسی باش هەوڵ ئەدات تا داخوازییەکان، تواناکانو سنووردارییەکانی گروپی بەرهەم هێنەرو، بینەرانی خۆیان پێشبینی بکەن.

لەو ڕووەوەی کە نووسین کارێکی ئالۆزو شەخسی هەیە، هیچ یەکێك لە تەکنیکەکانی هونەری نووسین، هەمیشە بۆ هەموو کارێك ناکەن. هەندێ لە پێشنیازەکانی بەشێکی ئەم پەرتووکە بۆ ئێوە بەکاردێتو، هەندێکیان بەکار نایەن. ئەوە فەرامۆش نەکەیت کەلە هونەری نووسیندا وەك هاوڕێیەتیو عەشقو، هەر شێوازێك کە بەکار بێت باشە.

5
((پلاندانانی سیناریۆ))

لەپێش نووسینی دەستنووسی یەکەم، هەتا لەپێش پێك هێنانی دەستمایە، دەبێت دڵنیا بیت کە کەسایەتییەکانی چیرۆکەکە باش بناسیت. هەندێ لە نووسەرەکان بۆ باشتر شارەزابوونی کەسایەتییەکان، دەربارەیان دەنووسنو هەندێك ژیاننامەکانیان ڕێك دەخەن. هەر ڕووداوێك کەلەوانەیە لە ژیانی کەسایەتییەکەدا، لە منالێیەوە هەتا کاتی چیرۆکەکە ڕووی دابێت، دەینووسن. ئەوە شێوەیەکی ژیاننامەی کورتو بە کەڵکی کەسایەتیو، لێکدانەوەو ئاسایی چەند تاقی کردنەوەیەکی گرنگی ئەوە. ئەگەر بەشێکی کەمی ئەو ژیاننامەیە، ڕێگای خۆی گرت، بەڵام بۆ هەندێ لە نووسەرەکان یارمەتیدەرە، هەتا کەسایەتی چیرۆکی خۆیان باشتر و تەواوتر بناسنو، یارمەتیشیان ئەدات کە لەجێگە بەتاڵەکان، نەگونجاند ن و

بارگرانی بوونی ڕووداوەکان بە ئاگابن. دەبێت ئەو تەکنیکە چەند جارێك تاقی بکەیتەوە، هەتا ئەوە بدۆزیتەوە کە بۆ تۆ بەکاردێت یان نا. قۆناغی نووسینی ژیانناممەی کەسایەتی، لەپێش نووسینی دەستووسی بەدی هاتوو، یان کورتەی چیرۆك،یان کارتی خشتەی دیمەنەکانە.(هەر سێ بابەتەکە ڕوون بکرێتەوە). لەوانەیە تۆ وای دابنێیت کە،ژیاننامەکە لەدوای نووسینی دەستنووسی یەکەم، لە قۆناغێکی تردا بنووسیت. دەبێت ئاگات لەوە بێت کەوزەی لە ڕادەبەردەر، لە نووسینی ژیاننامەی کەسایەتی بەسەر نەبەیت. نابێت لە پێش نووسینی چیرۆکی ئەو کەسایەتییانەوە، ماندووببیت.

سیناریۆ نووسانی پرۆفیشنالّ، دەستمایەی خۆیان لەپێش نووسینی دەستووسی یەکەم ڕێك دەخەن، چونکە ئەگەر درێژە بخایەنێت دەبێتە هۆی بە فیڕۆدانی کات. هەوڵ بدەیت لەپێش نووسینی دەستنووسی یەکەم، بەشەجیاجیاکانی سیناریۆ کە ڕێك بخەیت، بەڵاّم نابێت فەرامۆشی ئەوە بکەیت کە نووسین، دەرچوونەکان، بن بەستەکانو دوورکەوتنەوەی هەیە. هەندێ جار ناتوانیت خاڵی کۆتایی بۆ چیرۆکەکە بدۆزێتەوە ، مەگەر بەوەی کە یەکی دوو دەستنووس بنووسیت. لەوانەیە وزەیەکی زۆر بۆ بە سەربردنی پلاندانانی سیناریۆ سەرف بکەیت و، دوایی لەپێش تەواوبوونی دەستنووسی یەکەم تواناتان نەمێنێت.

بۆ هەندێ لە نووسەران، قسەکردن دەربارەی چیرۆك لەپێش نووسین، تەنیا هەڵەیەکە: چونکە ئارەزوو وزەی بزوێنەریان لەپێش دەست پێکردنی کارەوە لەناو ئەبات. دەڵێم ((هەندێ لەنووسەران))، لە بەرئەوەی نووسەران لە چەند شێوازێکی جۆراوجۆر کار دەکەن.

ڕیموند هارتونگ لە دوای خوێندنەوەی ئەم بەشەی پەرتووکەکە وتی: کە لەدوای تەواو کردنی کورتەی سەرەتایی، حەز ئەکات کەسێك بدۆزرێتەوە کە گوێ ڕادێرێ و گوێ بگرێ، ئەو هەر دیمەنێك بۆ ئەو ڕوون بکاتەوە. ئەم ڕەوتە یارمەتی ئەدات، کە بابەتەکانی چیرۆکەکە

وەربگرێو، بزانێت کە گۆێگر چ کاردانەوەیەکی پێشان ئەدات و لە هەستیدا ڕیتمی ئاواز لەلای ئەو دەگوزەرێت. (وەك دیمەنەکە درێژە، یان نا؟) ئەو شێوازە بۆ ئەو کار ئاسانییە و، لەوانەیە بۆ تۆش باش بێت، بەلآم لەپێش نووسینی سیناریۆ، دەبێت خۆت لە ڕوونکردنەوەی تێرو تەسەلی پلانەکانو ئامانجەکانی خۆت بەدوور بگریت، گەر ئەوە نەکەیت هەرگیز ناتەوێ سیناریۆ بنووسیت. هەندێ لە نووسەرانی کەم شارەزا لە ژێر کارەکە دەرئەچن، چونکە دەربارەی ئەو شاکارانەی کە دەیانەوێ بینووسن، بەلآم کاتو تواناشیان نییە، زۆر زۆر قسە دەکەن!

لەبەر ئەوە پێش ئەوەی نووسینی دەستنووسی یەکەم ڕێك بخەیت: بەلآم نەوەك تا ڕادەی کۆن بوون. سێ شێوازی ڕێکخستن بریتین لە: نووسینی دەستنووسی پشکێنراو، کورتەی چیرۆك یان کارتی نەخشەی دیمەنەکان.

یەکێ لە شێوازەکانی پەیداکردنی چیرۆکێك، کە ئەتەوێ بەوێنە بیکێشیت. نووسینی یەك یان چەند دەستنووسێکی پشکێنراوە. بۆ ئەو کارە، چیرۆکەکە تا ڕادەیەکی زۆر کە دەکرێت بە خێرایی بنووسە. بەیەك بەدوا هاتنی واتا و بیری سەربەستو بە خێرایی بنووسیتو، دادوەری نووسینی خۆت نەکەیت (بگەڕێرەوە بۆ بەشی یەکەم) لەکاتی نووسیندا نیگەرانی شێوەی نووسین یان دانانی خاڵ، یان ڕێنووسی وشەکانو هەڵبژاردنی وشەی زانست نەبیت. نیگەرانی هیچ شتێك نەبیت، تەنیا چیرۆکی کەسایەتی سەرەکی و، یان هەتا ئەتوانیت بکرێت بنووسیت ،کە هەر دیمەنێك لەکوێ ڕوو ئەداتو چ کەسێك چی ئەکاتو ئەڵێت.

ئەگەر ئەو دەستنووسە بە کۆمپیوتەر بنووسیت، مۆنیتەرەکە خامۆش یان ڕووناکییەکەی کەم بکەرەوە، هەتا بەهۆی بینینی نووسینی سەر شاشەی مۆنیتەرەکە، هەستو هۆشتان نەڕوات. لە کاتی نووسینی دەستنووسی بەدی هاتوو، نەوستیتو نەهێڵیت

هزری خولقاندنی نووسینتان تێك بدات، دەمت دابخەو خۆت بە ڕەخنە گرێکی دەروونی ناو مەیدانەکە دابنێ.

کاتێك دەستنووسە خامەکەت تەواو کرد، یەك دوو ڕۆژ لەلایەکەوە دابینێ. لەوانەیە جارێکی تر کە لەڕووناکی ڕۆژێکی تازە تێ ی بڕوانیت، دەبێتە شایەتی سەرهتایەکی نوێ بەخشو بە ئومێد. چیرۆك بۆ ڕاکێشانی سەرنج لە دەستو پێ ئەداو ئەیگرێ. بێجگە لەو حاڵەتە، خراپ نییە دەستنووسێکی تری بەدی هاتوو بنووسیت .

ئەگەر دەستنووسی بەدی هاتووی تۆ پراو پری ژیانی دا، دەبێت جارێکی تر ئەوە بەوردی بخوێنیتەوەو، بە سەرنجدان بەو پرسیارانەی خوارەوە ئەوانە هەڵدەسەنگێنیت: ئایا چەند دیمەنێك لەوانە بۆ فلیم ئاساییە یان نا؟ ئایا ئارایشت یان نەخشەسازی جلو بەرگ بودجەیەکی زۆری دەوێ؟ ئایا پێویستت بە تەکنیکێکی تایبەتی بەرزتر هەیە لە چاو ئەو کەل و پەلانە کە تۆ لە بەردەستتدایە؟ ئایا دیمەنەکان پێویستیان بە چەند شوێنێکی وێنەگرتن، یان کەلوپەلی دیمەنو دیکۆری پڕ بودجە هەیە؟ ئایا بە سەرنجدان بە ئەکتەرەکان، دیمەنەکان پێویستی نادیاری تر دەخوازێت؟ ئەگەر وەلاّمی ئێوە بۆ هەریەکێك لەو پرسیارانە بەڵێ یە، .لەگەڵ سەرنجدان بەو سەرچاوەی کەلە بەردەستی تۆدایە، بە دەستنووسەکەدا بچۆرەوە.

دەستنووسی خام بە دەنگێکی بەرز بخوێنەرەوە. ئایا ژمارەی کەسایەتییەکان زیادە؟ ئامانجی کەسایەتی سەرەکی چییە؟ ئایا زوو جێ سەرنجی ئامانجی ئەو دەین؟ چ ڕێگەیەك ڕێ لە پێشکەوتنی ئەو دەگرێت بەرەو ئامانج؟ ئایا دەتوانرێت دیمەنێك لابرێت؟ ئایا دەبێت دیمەنێك زیاد بکەیت؟ ئایا دەتوانرێت دیمەنێك کورت بکرێتەوە؟ ئایا دەتوانرێت دیمەنەکان لە شوێنێکی تری چیرۆکەکە دابنرێت و ئەنجامێکی باشتر بدابە دەستەوە؟بەشێوەیەکی گشتی، چیرۆك دەربارەی هۆکارەکانو هەڵسو کەوتی مرۆیی چ شتێك پێشان ئەدات.

ئەگەر حەز بە وەلآمی پرسیارەکان ناکەیت، بەدەستنووسی خۆتدا بچۆرەوە. دوایی ئەگەر تاڕادەیەك لە ئەنجامەکەی ڕازی بوویت، واز لە خوێندنەوەی ئەو بەشە بهێنە، بچۆ بەدوای بەشێکی تر، واتە پیاچوونەوەی سیناریۆو ئەوە بخوێنەرەوە. ئەگەر دەستنووسە خامەکەت سەرکەوتوو نییە، بڕۆ بە دوای یەکێك یا هەردووکیان لەو شێوازانەی خوارەوە.

بە کورتی چیرۆك لە چوار چێوەی چەند پەڕەگرافێکی جیا جیادا دەنووسرێت و، بەشێك لە گفتو گۆش دەگرێتە خۆ. بە کورتی چیرۆك هەموو دیمەنەکانو کەسایەتییە سەرەکییەکان دەگرێتەوە.

هەندێ لە سیناریۆ نووسان، لەپێش نووسینی دەستنووسی یەکەم، کورتەی چیرۆك یان بەشێکی دەنووسنەوە . کورتەی چیرۆك لە ڕووی ڕێزمانی زمانەوە لە ئێستادا، سادە دەنووسرێ. لەدوای نووسینی کورتەی چیرۆك، بە دەنگێکی بەرز بخوێنەرەوەو ئەوی تری وا لێ بکەیت کە بۆ تۆ بخوێنرێتەوەو، تۆ ئەو لە هزری خۆتدا بەرجەستە بکەیت.لەو قۆناغەدا دەبێت سەبارەت بەچیرۆکی خۆت پرسیار بکەیت! ئایا هەڵسو کەوتێکی نارێك بۆ جێ بە جێ کردنی فیلم هەیە؟ ئایا چیرۆکەکە پێویستی بە کەڵو پەلی جوانکاری پڕ بودجە، یان نەخشەی جلوبەرگی گران هەیە؟ ئایا چیرۆکەکە پێویستی بەو تەکنیکە تایبەتیانە هەیە کە لە سەروو توانا، یان بودجەی تۆوە بێت؟ ئایا چیرۆکەکە پێویستی بە چەند شوێنێکی زۆری وێنەگرتن، یان دیکۆری گەورە و کەڵو پەلی دیمەنی پڕو بودجە هەیە؟ ئایا ئەو ڕووداوانەی لە چیرۆکەکە هەیە کە چاوەڕێ دەکرێت، لە سەروو توانای کار ئەکتەرەوەیە؟ بەسەرنجدان بە سەرچاوەو بوونی تواناکان، بە کورتەی چیرۆکەکەدا بچۆرەوە.

ئێستا دەربارەی کورتەی چیرۆك لەخۆت بپرسە: ئایا کەسایەتی سەرەکی لە ناو کەسایەتییەکانی تردا ون دەبێت ؟ ئامانجی کەسایەتی سەرەکی چییە؟ ئایا زوو بەوە دەزانین؟

چ ڕێگەیەک ڕێ لە پێشکەوتنی دەگرێت؟ لە پێشکەوتنی بەرەو ئامانج ،چ شتێك یارمەتیدەر دەبێت؟ ئایا ئەتوانین هیچ هەڵسو کەوتێك لابببەیت، یان کورتی بکەینەوە؟ ئایا ئەتوانیت کردەوەکان لە شوێنێکی تری چیرۆکەکە دابنێیت کە کارێگەی زیاتری هەبێت؟ چیرۆك دەربارەی چی یە؟ بە پێ ی پێویست پیا یا بچۆرەوە.

ئەگەر ماندوو بوویت، کورتەی چیرۆکەکە بخەرە لاوەو، کارێکی تر ئەنجام بدە: کاتێ کەلە حاڵەتێکی باش و بەوزە بوویت، بگەڕێرەوەو خەریکی پیاچوونەوە بە، پشوو بدە، دیسان خەریکی چیاچوونەوە بە، پشوو بدە،... لەدوای ڕازی بوونت لە کورتەی چیرۆکەکە، یەك دوو شێوازی تر تاقی بکەرەوە: کورتەی چیرۆك بۆ چەند دیمەنێکی جیا جیا دابەش بکەو، دەستنووسی یەکەم بنووسە یان کارتی نەخشەی دیمەنەکان بنووسە. ئەوە فەرامۆش نەکەیت، کە ئەگەر کورتەی چیرۆك دەنووسیت هەتا سیناریۆی کۆتایی گۆڕانکاری زۆری تیا دەیێت. ئەوە ئاساییە نیگەران نەبیت .

نووسینی کارتی نەخشەی دیمەنەکان، بە مەبەستی ڕێکخستنی چیرۆك شێوە وەردەگرێت، هەندێ نووسین باسی دیمەنی سەر کارتی 13×8، دوایی پیاچوونەوەی هەندێ لە کارتەکان، زیادکردنی هەندێکی تر، لابردنی هەندێکی ترو ڕیکخستنی کارتەکانی کۆتایی. (بە شێوەیەك، لەپێش نووسینی سیناریۆ و وێنەگرتن، چیرۆکەکە دەنووسیت.) ئەگەر دەستنووسی خام یان کورتەی چیرۆکێکی باشت نووسی، لەوانەیە بتەوێ کارتی نەخشەی دیمەنەکان لەسەر ئەوە دروست بکەیت.

27 – ناوەوە. ماڵی لیزا جەژنی لەدایك بوونی چاوەڕوان ەکراو. وێنە گرتنی مارشا و هاوسەر و کچەکەی.

لەناو دەنگەدەنگی ئاهەنگ((جەژنی لەدایك بوونت پیرۆز بێ)) لەگەڵ ئەووشانە دەبیستریّ:

((لەدایك بوونت پیرۆزبێ

لەدایك بوونت پیرۆزبێ

وەك میوان وایت و وەك میوان ڕەفتار دەکەیت. ئاوابوونی وێنە.

((شێوەی 6 کارتی دیمەنی نموونە.))

لەسەر هەر کارتێك دیمەنێك بنووسیت: هەڵسووکەوتی پێکەوە گرێدراو لەیەك شوێندا. کورتکراوەو بۆ شوێنی بەکەڵك، کات، کەسایەتییەکان، هەڵسوکەوتو بەشێك لە گفتوگۆکان- لەو قۆناغەدا بە بیرتاندا دێت و حەز ناکەن لە دەستتان بچێت -لەسەر هەر کارتێك بنووسە(شێوەی6)

ئەگەر چیرۆك چەند دیمەنێکی پێکەوە بەستراوی هەبوو- کە بە گشتی پێ ی دەوترێت سکانس- خراپ نییە، هەر سکانسێك بە ڕەنگێکی تایبەتی، یان لەسەر کارتێکی ڕەنگکراوی تایبەتی بنووسە. پێویست ناکات بە باسکردنی دیمەنەکان بەو شێوەیەی کە لە سینایۆی کۆتایی دێت، لەسەر کارتەکە بنووسیت. ئەگەر یەکێك لە دیمەنەکان زوو نەهاتە بیرتان، نەوەستیت. دیمەنەکانی تر بنووسە. دوایی خەرکی نووسینی ئەو دیمەنانە بە کە کێشەی هەبووە. هەندێ جار لەدوای گەڕانەوە، باشتر ئەتوانیت ئەو دیمەنانەی کە ماون بیان نووسیت.

لەدوای نووسینی کارتی دیمەنە پێویستەکان، هەمان ئەو پرسیارانەی کە لەبارەی دەستنووسی خامو کورتەی سکانس لە خۆت پرسی بوو، دەربارەی کارتی دیمەنەکانیش بپرسەو، گۆڕانکاری پێویستت جێ بەجێ بکە. لەو قۆناغەدا، کارتەکان بە پێنووسی ڕەساس ژمارەی بۆ دابنێ و بە دیوار دا هەڵی واسە، یان لەسەر میزێکی گەورە ڕیزیان بکە. جارێکی تر سەیری کارتەکان بکەو هەمان ئەو پرسیارانە بکەو وەڵامیان بدەرەوە.

بێجگە لە کارتی دیمەنەکانی سەرەوە،ئەتوانیت کۆمەڵێکی تر کارتی دیمەن دروست بکەیت، بەو شێوەیەی لەسەر هەر کارتێك کار وپلانی سەرەکی هەر دیمەنێك وێنە بکێشیت، لەسەر کارتی یەکەم نەخشەی یەکەمین دیمەن بکێشەو لەسەر کارتۆنێك بیچەسپێنەو، لەژێر ئەو کارتەدا کارتی ڕوونکردنەوەی دیمەنو کەسایەتیەکانو هەڵسوکەوتی سەرەکیان جێگیربکە..بۆ هەموو دیمەنەکان ئەو کارە ئەنجام بدە، تاکو وێنەکانی چیرۆکەکەتان لەبەردەمدا بێت.(دەتوانیت نەخشەو ڕوونکردنەوەی هەر دیمەنێك بۆ یەك کارت تەرخان بکەیت). ئێستا سەیری یەکەمین دانەی نووسراوەی (بڕینی ئامادەکاری) بکە ، بیخوێنەرەوە بزانە لەکوێ ی چیرۆکەکەدا کار دەکەیتو، لەکوێیدا کار ناکەیت.

لەگەڵ ڕێکخستنی نەخشەو ڕوونکردنەوەی دیمەن، سەیر دەکەیت بۆ نمونە کەسایەتی سەرەکی ماوەیەکی دریژ لە چیرۆکەکەدا دیارنییە، یان یەکێ لە دیمەنەکان کەسایەتی زۆرەو کاریگەری واقیعی نامێنێت.(پێکهاتەی نەخشەو ڕوونکردنەوەی دیمەن لەبۆردێك دەچێت، کە کورتکراوەی هەموو پلانو نەخشەی گرتەکانی فیلمەکەی تێدابێت، لەگەڵ ئەوەش زۆربەی سیناریۆنووسە نوێکان ئەوە دەخەنە لاوە، لەبری باسکردنی گرتەکان دیمەنەکان دەنوسنو، بۆردەکە دەخەنە ئەستۆی دەرهێنەر).

ئەگەر سوود لەم شێوازە وەردەگریت. (بتەوێ سوود لەکارتی دیمەن، یان پێکهاتەی کارتی پلانو ڕوونکردنەوەی دیمەن وەربگریت) هەندێ لەکارتەکان جێ گۆڕکێ بکەیتو

ئەنجامەکە تێپەڕێنە. ئەگەر لەو چیرۆکە نوێیە ناڕازیت، بگەڕێرەوە هەمان شێوەی پێشووت،بەڵام ڕیکخستنی چیرۆکێکی نوێ باشترە، ژمارە بۆ کارتەکان دابنێ، واباشترە کارتەکان لەچەند ڕۆژێکی جیاوازدا ڕێکبخەیتو بیخوێنیتەوە، ئەو کاتەی لە ڕێکخستنو دانانو ناوەڕۆکی دیمەنەکان دڵنیابوویت، ئەوا بۆ نووسینی دەستنووسی یەکەم ئامادە دەیت، لەکاتی نووسینی دەستنووسی یەکەمدا لەبیرت نەچێت، کە چیرۆکەکەت لەسەر کارت نووسیوەتەوە لەسەر ڕووەکەی کڵێشەکراوە، لەکاتی پێویستدا دەیگۆڕیت .

زۆربەی سیناریۆ نووسان و،(ڕۆمان نووسەکانو شانۆنووسەکان) سوود لە کارت وەردەگرن، چونکە بەو شێوازە چیرۆکەکەت شیوەیەکی کاریگەر دەبەخشێتو دوایی دەینووسیتەوە.

ئەگەر مەبەستە سیناریۆکەت لەسەر بنەمای کەسایەتی ڕاستەقینە، یان یاسایی تایبەتی درووست بکەیت و لەوە دڵنیا نیت، ئەو پلانەی تۆ بەباشی بێت، یان ئەگەر ئەتەوێت سوود لە دەستمایەی کەسانی تر بکەیت کە نووسیویانە،(بەشی سێیەم بخوێنەرەوە): بێجگە لەو حاڵەتە، بەرەو بەشی حەوتەم بچۆ، کە دەربارەی نووسینی دەستنووسی یەکەمە- ئەگەر لە دەستنووسی خام ڕازیت- ئەتوانیت بەشی حەوتەم ڕەت بکەیتەوە، بگەڕێرەوە بۆ بەشی پیاچوونەوە. پشوودان لەدوای کار و چڕبوونەوەیەکی توند فەرامۆش نەکەیت. لەدوای پلانی سیناریۆو، لەپێش ئەوەی بەرەو قۆناغی دوایی واتە نووسینی دەستنووسی یەکەم بڕۆیت، پێویستت بە پشوویەکی درێژ هەیە.

6
نووسینی ســـــیناریۆ

کاتێك كه دەستنووسی خام، یان كورتەی سكانس ، یان كارتی نەخشەی دیمەنەكانت نوسیبوو، ئامادەی نووسینی یەكەمین دەستنووسی سیناریۆیت. هیچ ڕێگەیەك نییە كه بتوانێت ئەو قۆناغه لەبەرچاو نەگریت. نووسەران له ژێر ئەو باروودۆخەی كه خودی خۆیان هەڵی دەگرن، دەنووسن. پاوڵ ئینگڵ[32] دەڵێت: ((شیللەر[33]، شاعیری ئەڵمانی، عادەتی واگرتبوو كه سێوێكی ترشا و لەژێر میزەكەی دابنێت، هەتا بۆنەكەی یارمەتی بدات كه بنووسێت.)) ویلیام گوڵدمان دەڵێت لەكاتی نووسینی سیناریۆدا گوێ لە موزیكی سەربازی جەنگی پرد دەگرێت. ئەو كاتەی لەسەر (والدۆ پیپەر)[34] ی گەورە كاری كردووە- كه له دەیەی 1920 ڕووی داوە- گوێ ی له موزیكی پۆپی ئەو قۆناغه گرتووە. نایت[35]، دەربارەی باروودۆخی خودی داخوازی نووسەران دەنووسێت: ((لەو نووسەرانەی كەمن دیومن، یەكێكیان عادەتی وابووە له تاریكیدا له ژوورێكدا كه شووشەی پەنجەرەكانیشی تاریك كرابوو، دریژە بكێشێتو له ڕیكۆردەردا قسه بكات.

نووسەرێكی تریش كه دەیویست دەربارەی ڕۆمانێكی تازەی بچێته ئەنێشەوە، سواری پاسێك دەبێت كه مەبەستیشی چوار كاتژمێر زیاتر بوو، (مەبەستی پاس گرنگ نەبوو) كاتێ گەیشته جێ مەبەستی خۆی، سواری پاسێكی تر بوو گەڕایەوە. بەبێ چوونه ناو پلانی كار، ڕۆمانەكەی تەواو كردبوو. نووسەرێكی تر سێ مانگ بیری له ڕۆمانەكەی دەكردەوە. دوایی

[32] PauL EngL
[33] SchiLLer
[34] WaLdo PePPer
[35] Knight

لە ژوورێکی تایبەتی، بۆ پلانێکی تایبەتی کەلە کابینەیەکی تەلەفۆن بچووکتربوو، دانیشتو بەبێ وەستان سێ کاتژمێر تایپی دەکرد. بە دەرچوونی لەو ژوورە ڕۆمانەکەی نووسیبوو)).

لەوانەیە لەبەرچاوی ئێوە، ئەو نووسەرانە نائاسایی بن. سیناریۆ نووسێکی تری تەلەفزیۆنی ترنس میکدۆنیل[36]، دەربارەی نووسەرانی تر بەو شێوازە نائاساییانە ڕوونکردنەوە ئەدات: ((من حەز ئەکەم لە شوێنێکدا کە سەقفەکەی وەک کڵیسا بەرز بێت کار بکەم. لە ڕووی دەروونییەوە هەست ئەکەم سەرچاوەی داهێنانی من سنووردار نییە. واخەیاڵ دەکەمەوە کە هەموو کەسانی داهێنەر سوود لەو جۆرە شتانە دەبینن. حەز ئەکەم تەنیا لەسەر لاپەڕی زەرد تایپ بکەم. نووسەرێکی تر لەکاتی نووسیندا دەبێت بەڕووتی- بێ دوودڵی نەوەک لە ستۆدیۆ- بێت. کەسێکی تر جلو بەرگی کۆنە لەبەر دەکات، ناچێتە حەمامو دەمو چاوی چاک ناکات، هەتا کارەکەی تەواو دەبێ. سەیر دێتە بەرچاو، بەڵام بۆ ئەوانە بەسوود و عەمەلییە. لەوانەیە نیوەی هوشیاری یارمەتی ئەوانە بدات، تا هیچ گومانێکی سەبارەت بە خۆی نەبێت، ئاسانتر بە دوای حەقیقەتی دیمەن یان وێنە گرتنو ڕەنگکردنی کەسایەتییەکان بن. بەهەر شێوەیەک کە کار بکەیت، بهێڵە کارەکەتان پێش بکەوێت.))

لە پڕۆسەی نووسیندا، بارووددۆخێکی تایبەت بۆ هەموو نووسەران پێویسە: تەرخان کردنی کاتێک بۆ کاری بەردەوامو بێ ڕۆیشتنی خەیاڵ. (هەرگیز نەم دیوە و نەم بیستووە، کە کەسێک بیەوێ بە هەستێکی پەرتو بلاۆ و پچڕ پچڕ، دەستنووسی یەکەم بنووسێت.) ژمارەی ئەو نووسەرانەی کە بەبێ بەرنامەی کار، دەنووسن، بەقەد پەنجەکانی دەستن.

ئێوە ڕاهێنانی نووسینی بەشی یەکەمتان ئەنجام داوەو، سەرچاوەیەکی نوێ بەخشی بۆ سیناریۆ پێ داویت. سیناریۆی بەشی دووەمی پەرتووکەت خوێندۆتەوە. ئێستا چیرۆکی خۆت ڕێک خستووە، مەبەستی نووسینت هەیەو لە شوێنو کاتی دیاریکراوی خۆی نووسین جێگیر

[36] - Terrence McDonnell.

دەکەیت. کاتی نووسینی یەکەمین دەستنووسی سیناریۆی تۆیە، بەڵام ((دەستتان دەلەرزێت و ئەژنۆتان گرژ دەبێت.)) هەروەها دەزانیت کە ئەو لاوازییانە لەوەوە دروست دەبێت، کە کارەکە نایەت بەدەستەوە. باشە گرفتی کارەکە لە کوێدایە؟ هیچ شوێنێك. لە ڕاستیدا ئاساییە و بە کەڵکە،کە لەپێش نووسین تووڕە ببی، چونکە تووڕە بوون سەرچاوەی خوڵقاندن بەجۆش دێنێت. بەبێ نیگەرانی ئەوە قبوڵ بکەو دەست بـە نووسـین بکـە. چـاوەڕوانی لەناوچوونی ئەو هەستە نەبێت. دەربارەشی قسە نەکەیت. تەنیا دەست بە نووسین بکە. کاتێك دەچیتە قوولاێیی نووسینی توند، تووڕەیی نامێنێت. لەکاتی نووسینی دەستنووسی یەکەم، هەوڵ بدە کە هەر دیمەنێك لە لاپەڕەیەکی تازەدا دەست پێبکە، هەتا ئەگەر دوایی بڕیارت دا دیمەنەکان سەر لەنوێ ڕێك بخەیتەوە، یان هەندێ دیمەن لابەریت، بۆ ئێوە ئاسان دەبێت و ئەنجامەکەی تێکەڵو پێکەڵ نابێت.

هەمیشە هێڵێك لەنێواندا بکێشە، هەتا شوێنێك بۆ پیاچوونەوە بمێنێتەوە. شوێن، هەڵسو کەوتی سەرەکیو ،گفتوگۆی هەریەکە لە دیمەنەکان دیاری بکە، بەڵام پێویست ناکات ژمارەیان بۆ دابنێیت. بە شێوەیەکی گشتی، ڕوونکردنەوەی دیمەنەکان کورتکراوەو بەکەڵك و بەڕستەی سادە بنووسە. ((لێکدانەوەی تێرو تەسەلی وردەکارییەکان)) ئەنێشەی خوێنەران ((دەوەستێنێت)).

لە دەستنووسی یەکەمدا، ئەوە نەنووسیت کەسایەتی بیر لەچی دەکاتەوە، یان چی دێتەوە یادی یان هەست دەکات. ئەو حاڵەتانە ناتوانرێت لەسەر شاشە پێشان بدرێت، مەگەر بەپێشاندانی وێنەی ناخی کەسایەتی، یان سوود وەرگرتن لە گێڕانەوەی ڕاوی، کەوا باشترە سوود لە هیچیان نەکەیت.

ئەگەر مەبەستە سیناریۆی کۆتایی دەرهێنانیشی ئەنجام بدەیت، لەدەستنووسی یەکەمدا نووسینی پەراوێز نەکەیت و، یادداشت دەربارەی وێنەگرتن، مۆنتاژکردنو دەنگ (لەوانەیە بتەوێ هەندێ ڕوونکردنەوە دەربارەی دەنگە گرنگەکانو موزیك بنووسیت). نیگەرانی ڕێژمان، ئیملای وشەکانو خاڵ دانان نەبیت. ڕەخنە لەکاری خۆت مەگرە. لە فیلمەکانی تەلەفیزیۆن و سینەما هەندێ نووسەر دەبینین، کە شێتگیرانە تایپ دەکەن، لاپەڕەی چاپکراو لە پرنتەرەکان دێننە دەرەوە، جارێکی تر هەوڵ ئەدەن چەند جارێك ئەو حاڵەتە بە تۆندی دووبارە دەکەنەوە. لاسایی ئەو فیلمانە نەکەیتەوە. ئەوە تەنیا دیمەنێکی نمایشی یە دەربارەی خراپترین شێوەی نووسین، لەبەر ئەوەی ئەو نووسەرە لەیەك کاتدا هەوڵ ئەدات بنووسێتو پیایا بچێتەوە. ئەو شێوازە کارەساتی بەدواوەیە. یەکەم بنووسە، دوای پیاچوونەوە ئەنجامبدە.

ئەگەر لەکاتی نووسینی دەستنووسی یەکەمدا، شتێکی تازە هاتە بیرتان، وابباشترە ئەوە بنووسیت، چونکە هەلت هەیە کە لەکاتی دووبارە خوێندنەوەوەو پیاچوونەوە، ئەوانە لابەریت و لە پەڕاوی بچوکی یادداشتەکان هەڵی بگریت. لە شێوەی دووەمدا واتە لەو حاڵەتەی کە دەستمایەی تازە لەبەرچاو ناگریت، لەوانەیە دوایی ناچاربیت هەوڵ بدەیت ئەوە بهێنیتەوە یاد، لەکاتێکدا کەلە هزری ئێوەدا نەمابوو.

ئەگەر نەت تووانی دیمەنێك نووسیت، جێگەکەی بە بەتاڵی بهێڵەرەوە بڕۆرە پێشەوە. ڕێموند هارتونگی لەو بڕوایەدایە کە ئەگەر گرفتێك لە نووسیندا هاتە بەردەمت، هزری مرۆڤ هەوڵ ئەدات ئەو کەسە ئاگادار بکاتەوە، کە گرفتێکی گرنگ لە چیرۆکەکەدا هەیە. ئەگەر هەست بەوە بکەیت دەبێت دیمەنەکە بە جۆرێکی تر بنووسیت، ئەوە لەسەر لاپەڕەیەکی تر بنووسە، هەتا دوایی بتوانیت لە سیناریۆکەدا شوێنێکی بۆ بکەیتەوە.

ئەگەر گەرمو گوڕی خولقاندنی تۆ کەم بۆوە، یا هەتا ئەگەر خامۆش بوو، نائومێد نەبیت. کارێکی تر ئەنجام بدە. زۆر جار گەرمو گوڕی سەرچاوەی خولقاندن، لەدوای هەوڵێکی سەخت کە لە پای پشوو دێت، ڕوو ئەدات. لەبەر ئەوە هەوڵ نەدەی لەماوەی پڕۆسەی کارەکە خۆت بەسەختی بیگریت، چونکە گەر وابکەی دەگاتە بن بەست .

دامون نایت[37] ئەوە ڕوون دەکاتەوە، کە نووسەران چەندە پێویستیان بە بزووواندنی ناهەست (بەواتای وشە ((هۆشی خامۆش))) هەیە، کە هەندێ جار دەگەڕێنەوەو کارەکە دەگوونجێنن. بەڕای ئەو نابێت ئەو کارە زیادو زۆر خێرا ئەنجام بدرێت: ((ئەگەر نەستی کۆ ئامادەیی نەبوو، گۆشاری مەخەرە سەر. لەو کاتەدا سەرقاڵی یاری شەترمنج بە، کە بەردەوام بەیەکەوە هاوکاری دەکەن دەڵێت چ جووڵەیەك بکات. ئەگەر لەو کارەدا بەردەوامبیت، هاوکارەکەی تۆ دەبێت بڵێت: ((بەس تەنیا یاری بکە.)) هەموو جووڵەکان دەێت خۆتان ئەنجامی بدەن.

بۆ ئەوەی کە ((لەنەستەوە)) بۆ داهێنەر بمێنێتەوە، بزوێنەرەکانی ڕوالەتی پێویستە: ئەندێشەی بابەتو شتە سەیرو سەمەرەکان، زانیاری دەروونیو، نموونەیو سەرنج ڕاکێش لە هەر دەستێکدا... ڕەخنە گران لە سەر ((قوولی ئیلهام)) قسە دەکەن، کە هەندێ جار وشك دەبێت. ماناکەشی ئەوەیە: کە یا نووسەر واهەست دەکات کە بزوێنەری ڕوالەتی نییە، یان بە پێ ی پێویست هەڵی نەڕەخساندووە بۆ نەست، کە دەربارەی بابەتەکە بیر بکاتەوە.

((هەوڵ دان بۆ ناچارکردنی نەست هەڵەیەکی تەنیاییە.)) هەندێك چالاکی نا فەرهەنگی بەتایبەتی بۆ بزواندنی هەستی نووسەر بە کاریگەر دەزانن. یەکێ لەخوێندارەکان وتی: سواربوونی پاسکیل یارمەتی ئەدات هەتا نیازەکانی نووسینیشی بدۆزێتەوە. دووروتا

[37] - Damon Knight

براند[38] ئامۆژگاری دەکات ئەگەر بتانەوێ وزەکانی خولقاندنتان پرپێت ((خۆتان لەگەڵ شێوەیەکی بێ وتەیی سەرگەرم بکەن. لە جێ ی ڕۆیشتن بۆ شانۆ، گوێ لە سەمفۆنی بگرە، یان بە تەنیا بچۆ بۆ مۆزەخانە. بە تەنیایی هەنگاو بنێ یان سواری پاس ببە... پەرتووک، شانۆو فیلمی دەنگدار، بۆ نووسینی پارچەیەکی نیوە تەواو بەکار نایەن.)) براند ئەوە پیر دەخاتەوە کە ئەگەر جەخت لەسەر خوێندنەوەی پەرتووکێك بکەیت، پەرتووکێ بخوێنەرەوە کە پەیوەندی بە بابەتی تۆوە نییە. ئەوە بۆ زۆر کەس بەکارە، لەوانەیە بۆ تۆش باش بێت.

دەستنووسی یەکەم، بەگشتی پێویستی بە کارکردنو کاتی زۆر هەیە. کاتێك کارێکی گەورەو ئالۆز قبوڵ دەکەین، هەم هەڵە دەکەین هەم بڕیارێکی ناژیرانە ئەدەین. ڕاستییەکەشی هەم ئەوەیە.

کاری نەکراو بێ عەیبە. بێ تاقەت نەبیت لەسەر ئەو بەشانەی کە بەڕواڵەت بەباشی دەرنایەت، نەوەستیت. ئەگەر نەت تووانی لە دانیشتنێکدا دەستنووسی یەکەمی خۆت تەواو بکەیت، ئەوە لەساتێکی زۆر پڕ جوولّە ببچڕە. وەك، لە ناوەڕاستی ڕستەیەکدا، لەوانەیە بەڕواڵەت سەیر، یان ماندوو کەربێت، بەڵام نووسەرەکان دەزانن کە ئەگەر لە ناوەڕاستی ڕستەیەکدا کارەکە، بپچڕێنیت، گەڕانەوەو بەردەوامی کارەکە ئاسانترە. بەڵانی کەمەوە ڕستەیەکیان هەیە کە تەواوی بکەن.

نووسەران چەند شێوەیەکی جیا جیا لەنووسیندا دەست پێ دەکەن. پیتەر ئەلبۆو[39] ڕێنمایی دەکات، کە باشترین بەشەکانی دەقەکە بەدەنگی بەرز بخوێنیتەوە. ((ئەوە بۆ ئێوە هەستێکی دەروونی- جەستەیی تایبەت ئەدات، کە جەوهەرەکەی لە چوارچێوەی وشەکاندا دابڕێژیت. بە بزواندنی ئەو هەستە ئاسانتر دەتوانیت فۆرم وەربگریت. تێپەڕینی بەشە

[38] Dorothea Brande
[39] Peter Elbow

باشەکانی کار بەتایبەتی ئەو کاتەی کە بەدەستەوە دێت، دەبێت کاتێکی سەخت بەسەر بەریت تا بچێتەوە سەر ڕێ، وەک کاتێک کە ماوەی کاتی نووسین زیاد کرابێت.))

هەندێ لە نووسەران نووسینی سەر لە نوێ، یان لەگەڵ نووسینەوەی دوا لاپەڕەی نووسراوی ڕۆژی پێشتر دەست پێ دەکەن. ئەو ڕەوتە وزە بەخشەو یارمەتیان ئەدات کە ببینن لە کوێدا بوونو، بە چ شێوەیەک بۆ بەشی دوایی ڕەوتی وەربگرن. هەندێکی تریان تێکەی دە خولەک بە خێرایی دەربارەی ئەو شتانەی کە دێتە بیریان، دەنووسن. دوایی بە نووسینی سیناریۆ بەردەوام دەبن. لەوانەیە نووسینی تازە بە باشی لەگەڵ لاپەڕەکانی پێشوو پێکەوە پەیوەست نەکرابێتن: نیگەران نەبیت، چونکە دوایی ئەتوانیت ئەو خاڵی پەیوەندییە دروست بکەیت.

هەندێ لە نووسەران، دەستنووسی یەکەمیان لەدوای دوو سێ ڕۆژ دەخوێنەوە، بێ لایەنانە بڕیاری لێ ئەدەن و، بە ئارەزووی دڵ دەست دەکەن بە بژارکردن، چاککردنو لابردنی هەندێ زیادە، چاندنو بە دەست هێنانی بەرهەم. زۆربەی نووسەران لەو بڕوایە دان کە دەستنووسی یەکەم وزەی مرۆڤەکان دەکوژێت. هەندێکی تر لەو بڕوایەدان کە لە ڕۆژێکدا ناتوانن کارێکی تر ئەنجام بدەنو هەم باشیش بنووسن. بۆ ئەو گروپە نووسین تا ئەو ڕادەیە ناخۆشو دژوارە. هەندێکی تر لەو بڕوایەدان کە لەدوای بلاوە پێکردنی ڕووی لاپەڕەی دەستنووسی یەکەم- ئەگەرچی ناتەواو و بڕینێکی خراپە- سەختترین و مانووهێنەرترین بەشی سیناریۆکەتان ئەنجام داوە. پشوودان لەو قۆناغەدا پێویستە.

7
((پیاچوونـــەوەی ســـینـاریۆ))

هەموو ئەو تەکنیکانەی کە لەم بەشەدا لێکدراوەتەوە، دەتوانرێت لە پیاچوونەوەی سیناریۆدا بەکار بهرێت، بەڵام نابێت بەو جۆرە بێت، کە هەموویان لە سیناریۆیەکی تایبەتی دا سوودی لێ وەربگریت. ئەوە قورسە. ئەگەر دیمەنێك کاری تیا نەکرا، هەوڵبدە ئەوە لە هزرتا بهێڵیتەوە، پلان دابنێ، هەتا ئەگەر پلانێکی خراپ دابنێیت، یارمەتیان ئەدات کە ئاگاتان لە ڕووداوەکانی دیمەنەکە بێت. کێشانی پلانی دیمەن بۆ سیناریۆ نووس و بەهەمان شێوە بۆ ڕۆمان نووس یارمەتیدەر دەبێت. هەندێ نووسەری باش دەناسم کە وێنە دەکێشن. وێنەگری باش نین، بەڵام یارمەتی نووسینیان ئەدات. ناچار دەبن سەرنج بدەنە شتەکان. لە چیرۆك نووسیندا نابێت بڵێیت، بەڵکو دەبێت پێشان بدەیت.

کاتێك دەستنووسی یەکەمی سیناریۆ تەواو بووە، یان خەریکە تەواوی دەکەیت، بە دەنگێکی بەرز بخوێنەرەوە. بەو شێوەیەی دەکرێت وەك سامۆیل بوتلەر[40]، ئەوە بۆ کەسێکی تر بخوێنەرەوە، ئەو دەڵێت: ((مۆلیێر[41] هەمیشە کارەکانی بۆ ئـەو، (کارمەندەکـەی) دەخوێندەوە، چونکە بە بەرز خوێندنەوە کارەکە لە بلاۆ بوونەوەیەکی تازەدا جێگیر دەبێ، چڕبوونەوەیەکی تایبەتی بەدی دێنێت. بەسەرنج دان بۆ هەر دێڕێك، وات لێ ئەکات کە بە دوودڵییەکی زیاتر بڕیار لەسەر کارەکە بدەیت. من هەمیشە ئامادەم کە کارەکەم بە

[40] - SamueL ButLer.
[41] - MoLiere.

دەنگێکی بەرز بۆ کەسێکی تر بخوێنمەوە، ڕاستەوخۆ هەست بە خاڵی لاوازیشی دەکەم، هەرچەند تا ماوەیەك لەناو دڵما دەخوێنمەوە، باش دێتە بەر چاو.))

لەکاتی خوێندنەوەی سیناریۆدا، ئەوە بەرجەستە بکە، کە لەهەر دیمەنێکدا چی ڕوو ئەدات. خراپ نییە لەسەر سیناریۆ یادداشت بنووسیت، بە مەرجێك ئەوە زۆر دوات نەخات و درێژە نەکێشێ. بەردەوام لەدوای خوێندنەوەی سیناریۆ بە بەرزی پیا یا بچۆرەوە.

لەوانەیە بەکەڵك بێت کە هەموو سیناریۆکە، بە تەنیا گفتوگۆو ڕێنمایی کار ئەکتەرەکان بخوێنیتەوە، هەتا بۆت دەرکەوێت چیرۆکەکە ڕووزو بێ کەمو کوڕییە یان نا؟ بەڵاتی کەمەوە ڕۆژێك سیناریۆ کە هەڵ بگرە. دوایی بە کەسێك بڵێ کە بە دەنگێکی بەرز بۆت بخوێنێتەوە. لەو کاتەدا تۆ لەسەر دانەیەکی تری سیناریۆ کە بڕۆو، ئەو شتانەی کە پێویستی بە پیاچوونەوە هەیە، یاداشتیان بکە.

لەدوای خوێندنەوەی سیناریۆو پیاچوونەوەی، هەوڵ بدەیت چیرۆکێکی یەك پەڕە گرافی بنووسیت- نەوەك کورتەی چیرۆکێك کە خەیاڵی لێ دەکەیتەوە، یان پێناسەت کردووە، بەڵکو لەو چیرۆکەی کە بەڕاستی نووسیوتە. لەو پەڕە گرافەدا ڕووداوەکانو کەسایەتییە سەرەکییەکان باس بکەیت. دوایی پیاچوونەوەی ئەنجام بدەیت. ئەو کورتەیە، لە کورتەی چیرۆك کورتترە کە پێشتر نووسیوتە (ئەگەر نووسیبێتت)، دەبێت دەربڕی چیرۆکی دەستنووسی یەکەمی سیناریۆ بیت. دوایی لە خۆت بپرسیت:

1-ئایا ئەو چیرۆکە لەگەڵ ژیانی واقیعی پەیوەستەو،سەربەستە لەکۆت و بەندی فیلمەکانی تەلەفزیۆن و سینەما ؟

2-ئامانجی سەرەکی کەسایەتی هێڵی سەرەکی چییە ؟ ئایا زوو هەستی پێدەکەین ؟

3-چ ڕووداوێك یارمەتی كەسایەتی هێڵی سەرەكی ئەدات ،لەپێشكەوتن و گەیشتنی بەئامانجی سەرەكی؟ چ شتێك دەبێتە ڕێگر لەبەردەم پێشكەوتنیدا ؟

4-وشەی لێپرسینەوەی چیرۆكەكەت ، سەبارەت بەهۆكارەكان و ڕەفتاری مرۆڤچییە؟

ئەگەر لەوەلاّمدانەوەی ئەوپرسیارانە ناڕازیت، ڕاستەوخۆ بەسیناریۆكەدا بچۆرەوە، ئەو بەشانەی كەهەڵتگرتووە كەلەوانەیە لەدوایدا سودی لێوەربگریت، بیانهێنەرەوە بەردەست.

كورتەی یەك پەرەگراف یارمەتی ئێوە ئەدات هەتا ڕووی سەرەكی چیرۆك :

دیكۆركێشی ، پێكهاتەو هەوێنی چیرۆكەكە هەست پێبكەیت و، بتوانیت بەسیناریۆكەدا بچیتەوە و باشتری بكەیت.

ئامادەكردنی ناوەڕۆكێك پێكهاتوو لەتواناكان و ئەگەرەكان، تەكنیكێكی تر كەلەتاقیكردنەوەشدا هاوكاریت ئەكات، بەتایبەتی ئەگەر سیناریۆ زیاد لەڕادە كورت بێ، یان ئەو بەشانەی فراوان نەكراوە. ئەو تەكنیكە یارمەتیت ئەدات تا هەندێ شت لەجێگەیان لەبەرچاوبگریت. لەدوای خوێندنەوەی كورتەی پەرەگراف، وەلاّمی هەریەكە لەو پرسیارانەی ژێرەوە بەخێرایی و بەكورتی بنووسە:

كەسایەتی سەرەكی لەڕۆیشتنیدا بەرەو ئامانج، ڕووبەڕووی چ ڕێگرییەك و چەند مەسەلەیەك دەبێتەوە؟ كەسایەتی سەرەكی و ئەوانی تر چۆنی ڕووبەڕوی ئەو مەسەلە تازانە دەبینەوە و، چ كاردانەوەیەك لەخۆیان پێشان ئەدەن ؟ لەوەلاّم دانەوەدا ئاسایی بێت. بەخێرایی بابەتە بێ پەیوەست و خراپەكان، بەهەمان شێوە بابەتی منتقی و ژیریی بنووسە. لەكاتێكی تردا سەیری بەرهەمی ئەو هوروژمەی ئەندێشە بكە. ئایا خاڵێكی بەسوود بەدەست هاتووە ؟

لەوانەیە خراپ نەبێت بەدوای ئەم شێوازەی خوارەوەدا بڕۆ:

دیمەنەکان یەکە یەکە-نەک بەزۆر بەشێوەیەک کەلەسیناریۆدا ڕووی داوە- بخوێنەرەوە. بەخێرایی یاداشتیان بکە، کەچ بەسەرهاتێکی تر لەو دیمەنەدا لەتوانایدایە دەربخرێت، یان چ ڕووداوێك لەجێ ی ڕووداوی ئەو دیمەنە دابنێت. خێرا بنووسە و داوەری نەکەیت، ڕۆژی دوایی سەرنجی ئەو یاداشتانە بدەو دیاریان بکەیت، کەحەز دەکەیت بەدوای کامەیاندا بڕۆیت ؟ئەم یاداشتانە بەتەنیا بۆ خۆتە کە زۆریان بەکار نایەت، بەڵام هەندێ جار لەو نێوانەدا توانایەك دروست دەبێت .

بەهەمان شێوە کەلەسیناریۆدا، سەرلەنوێ خوێندنەوە و پیاچوونەوەی ئەنجام ئەدەیت، سەرقاڵی لێکۆڵینەوەی تەکنیکەکانی تریش ببە، وەك ناوەڕۆکی کۆتایی بەوشێوەی کە حەزدەکەیت لەسیناریۆکەتدا پێشانی بدەیت ئامادەی بکە . بەسەرنجدان بەو ناوەڕۆکە- کەلەسەرکارت نووسیوتە- دیمەنەکانی سیناریۆکە بەبێ تەرتیب بخوێنەرەوە، لەهەمان حاڵەتدا ناوەڕۆکی خۆت دابڕێژەرەوە، ئایا هەر دیمەنێك بەڵانی کەمەوە یەکێ لەو بابەتانەی ناوەڕۆکە کەپێشان ئەدات ؟ ئەگەرپێشانی نەدات، یەکێ لەو سێ ڕێگەچارەسەرەی خوارەوە هەڵبژێرە :

دیمەنەکە بەتەواوی لابەرە . بەشێك لەوانە لابەرە. بەشێك بخەرە سەری. (کاتێك ئەو تەکنیکە بەکار دەبەیت، لەوانەیە شتێکی تر بۆ ناوەڕۆك بدۆزیتەوە و، دیمەن یان بەشێك لەوانە لانەبەیت.)

وەك هەندێ لەنووسەرە تازەکان، هەم پێشانی نەدەیت و هەم نەیڵێیت . تەنیا پێشانی بدەیت. سەرنجی ئەم پارچەیە بدە :

((دەروازە))

چۆن ئەتوانی ژیان لەگەڵ ئەو ژنە بەسەربەریت ؟

رافایل[42] (گـوێ بەپرسـیارەکەی نـادات)، ڕوو وەردەگێـڕێ و دەسـت دەکـات بەبەتاڵکردنەوەی باری قورسی قۆڵتیەکەی .

(گوێ بەپرسیارەکە نادات) ،پێویست ناکات چونکە بینەر ئەوە دەبینێت، کە رافایل گوێ بەپرسیارەکەنادات. جەخت کردنەوە لەسەرئەوە بەسەربردنی کاتەو،لەوانەیە بە ((ڕاوێژی تێگەیشتن)) ناوبنرێت .

لەکاتی تێپەڕینی سیناریۆکانی بەشی دووەمی پەڕتووکەکە سەرنج بدەیت، دەبینیت کە ڕوونکردنەوەی کاردانەوەکان کورتەو،چۆنیەتی کاتی بەردەوام کەم بەکار دەبرێت. دیارە سیناریۆی خۆت لەگەڵ چۆنیەتی کردارەکانی کات بەسادەیی دەنووسیت. سیناریۆکانی تۆ ئەو هەڵس و کەوتانەی لەخزمەتیا دەبێت، کەلەدوای وێنەگرتن دێتەبەرچاو، کەلەئێستادا ڕووئەدەن. بەس ئەوە فەرامۆش نەکەیت، کە بەکرداری ((کاتی ئێستای سادە بنوسیت)) .

ئەگەر ناو و کردارەکان بەدروستی هەڵبژێریت، کەمێك پێویستت بەچۆنیەتی سیفات و خۆبەسـتنەوە دەبێـت. لەجێگـەی ((ڕوزنـتین[43] بـەتووڕەیی خێـرا لـەژوورەوە دەچێتەدەرەوە))،دەتوانرێت بنووسرێت ((ڕوزنتین خۆی بەدەرگاکەدا کێشاو هاتە دەرەوە)) هەتا دەتوانرێت خۆت لەبەکاربردنی دەربڕینی کلێشەو ڕیزکردنی گرتەی وەك ((غەمگین بەڵام وەفادار)) دووربخەرەوە، چونکە ئەوانە گرنگیان نابێت .

[42] Raphael
[43] - Rosentene

شێوازێکی تر : کورتکردنەوەی ڕوونکردنەوەی دیمەن و لابردنی هەندێ ڕستەی وەک، ((کەدەیبینن)) و((دەیبیستین))ە .

بەوتەی ڕیچارد والتەر[44] : ((لەبەشی پێناسەکردندا لەسەر ئەوەین، کە ڕوونکردنەوەی دیمەن، هەڵس و کەوت و سەرقاڵیەکان بەوێنەگرتن بگوێزینەوە. ئێستا ئەوەی بەشێکی تری سیناریۆ بۆ گوێزانەوەی دەنگ- بەتایبەتی گفتوگۆ- تەرخان دەکرێ دڵنیابوونەوە لەو ڕووەوە (کەدەبینین) یان (کەدەبیستین) زیادەیە. لە هەر سیناریۆیەکی باشدا بەوردی دەبێت دیاری بکرێت چی بۆ چییە))

لەڕوونکردنەوەی دیمەن و هەڵس و کەوتەکانی، تەنیا ئەو وردەکارییانە بنووسە کە گرنگیان هەیە. ئەگەر ناوی شتێکت برد دیارە دەبێت لەچیرۆکدا گرنگ بێت. (ماشێتی ڕۆژنامە، دەربارەی فڕۆکەی جەنگی **B-1** لەفایلی لیۆن بهێنەرەوە یاد) ئەگەر شتێك یان بابەتێك پێناسەدەکەیت، لەوە دڵنیابیت کە ئەوپێناسەیە بۆ چیرۆك گرنگە. بۆنموونە نەنووسیت :(تۆپی سوور) لەکاتێکدا کە ڕەنگی تۆپ گرنگ نییە ، بنووسە ((تۆپ)).

بەهەمان شێوە سەرنج بدەیت، کە ڕوالەتی فیزیکی کەسایەتییەکان ئەوندە بە درێژی پێناسە نەکرێت، کە خوێنەر بێزار بکاتو هەستێکی هەڵە لە ڕیتمی ئاوازی سیناریۆ بگوێزێتەوە. لەوانەیە هیچ کار ئەکتەرێك وەك ئەو پێناسەیەی تۆ دەست نەکەوێت. لە هەڵبژاردنی ناو و هاوئاهەنگ کردنی کەسایەتییەکان. فێرد[45] و نێد[46] ، یان جین[47] و جون[48] دوور بکەوەرەوە. ئاخر بۆچی دەبێ بینەر (یان خوێنەر) گێژ بکەیت؟

---

44 - Richard Walter
45 - Fred
46 - Ned
47 Jane
48 - June

بیر هێنانەوەیەکی تر دەربارەی ڕوونکردنەوەی دیمەن: تەنیا ئەو شتەی کە لە فیلمی کۆتایی، شایەنی بیرکردنەوەیە، ڕوونی بکەیتەوە. لەو سێ نموونەیەی خوارەوە، ڕستەکانی ناو کەوانەکان ئاماژە بە چەند شتێك دەکەن. کە وێنەیی نین: تەد[49] ((کە لە گەشت گەڕایەوە، بۆ کۆمپانیای دەستە سڕی کاغەزی)، دێتە ژوورەوە. ((دوای هەشت ڕۆژ، لە سێ شەممە)). مارلین[50] ((سەیر دەکات کە بۆب[51] کۆنترۆڵی لە دەست داوەو)) بەرەو کەشتی ڕفێنەرەکان هێرشی دەبرد.

ئەگەر زانیاری ناو کەوانە، دیارە کە دەبێت لە سیناریۆدا جێگەی بکرێتەوە، ئەوانە لە چوارچێوەی گفتوگۆدا دابەزێنە. ئەوە فەرامۆش نەکەیت کە پێشاندانی باوەڕ پێکراوی ئەو هەڵسو کەوتە تایبەتییانە، لە فیلمێکی نا پیشەیی (ناپڕۆفیشنال) کێشەیە. بۆ نموونە، پێشاندانی نەخۆشی دڵو باوەڕپێکردنی قوورسە. لەو کاتەدا باشترە هەڵسو کەوتی کەسانی تر پیشان بدەیتو، ئەو خاڵە بە میٚشك بسپێری: کەمیش هەر زیادە. هەندێ جار هەڵسو کەوتو کاردانەوەکان ،بخەرە ئەستۆی خەیاڵی بینەر.

ویلیام گۆڵدمان ئامۆژگاری سیناریۆ نووسان دەکات، کە هەتا لە توانادا بێت دیمەنەکان دڕەنگ تر دەست پێ بکەن: ((هەتا ئەو شوێنەی کە بۆت دەکرێت هەمیشە دڕەنگ بچۆرە ناو دیمەنەکان. لە دواساتدا لەوانەیە بچیتە ناو دیمەنەوە: لەبەر ئەوە کاتێك کە دیمەنێك دەبینیت کە بۆ نموونە مامۆستایەکی تیایە، دیمەن هەمیشە لەو شوێنەوە دەست پێ دەکات، کە مامۆستای تیایە، دەڵێت: ((باشە، منااڵەکان...))و جەڕەس لێ ئەدات. دوایی دەچینە ناو دیمەنێکی تر، لەبەر ئەوەی زۆر بێزار دەبیت، کە پیاوێك ببینین لە ژوورێکی داخراودا، قسە بۆ کەسانی تر دەکات.))

---

[49] Ted
[50] MarLyn
[51] - Bob

کاتێك لەسەر لێواری لابردنیت، بزانە کە سیناریۆکەی تۆ یاسای کارکردنی زیادت بۆ دەرهێنەر هەیە یان نا؟

یەکێ لەخوێندکاران، دیمەنیکی نووسیبوو کە سەرچاوەی ڕوونا کی، سێبەر. دەنگ، گۆشەکانی کامێرا، مەودای گرتنەکانی ڕوون کردبۆوە. ئەو یاسای کارانە کە زۆربەی کات پێویست نین، ڕێ لە چیرۆك دەگرن. تەنیا ڕوونکردنەوەی دیمەن، هەڵس و کەوت و گفتوگۆ پێویستە: شتێکی تری پێویست نییە.

ئایا یاسای کارکردنە نەخواستراوەکانت بۆ کار ئەکتەرەکان داناوە؟ ئایا یاساکانی کارکردنی ناو کەوانە، بۆ وتنی ڕستەکانی گفتوگۆ بەهۆی کار ئەکتەرەکانەوە بە کەمترین ڕادە گەیاندووە؟ ئایا بەبێ پێویست هێڵت بە ژێر بەشە تایبەتییەکانی گفتوگۆدا کێشاوە. (بەو مەبەستەی کە کار ئەکتەرەکان لەسەر ئەوانە دووپات بکەنەوە)؟ ئایا بۆ گۆڕینی چۆنیەتی و کەش و هەوای گفتوگۆ یان خۆسەرقاڵ کردن لەو شوێنەی کە پێویست نییە، لە هێڵی میانە (بە سێ خاڵ) سوودت وەرگرتووە؟ ڕێچارد ڤالێتەر دەڵێت:(نووسەرانی دڵ ساده، بە شەیدایی و بێ هوودەیی خۆی، نەوەك تەنیا لەپشت تایپەوە سیناریۆکەی دەنووسێت، بەڵکو دەرهێنانی هەموو فیلمەکە ئەنجام دەدات و،زۆر جار حەز دەکات کارەکتەرەکان وا لێ بکات بەخۆ سەرقاڵ کردن،یان دوودڵی لە شوێنێکدان کە وا دەزانن گونجاوە. گفتوگۆی ڕووکەشی جوانکاری بەجۆرێکی کاریگەر، بـە شـێوەیەکی سروشـتی ئـەو سـەرقاڵیانە دەردەبڕێت. گفتوگۆی باش یارمەتی کاراکتەرەکە دەدات بۆ دۆزینەوەی ئەو هەست و سۆزانە، پشت بەخۆی ببەستێت. هەتاکو هەندێ جار ئەو گڕی و تیژیانە باشتر لەوەی کە نووسەر لەبەر چـاوی گرتـوون، ئەیدۆزێتـەوە.) نزیکـەی هـەموو یاسـاکانی کـارکردنی کاراکتەرەکان، ڕاکێشانی هێڵێکە بەژێر ئەو وشانەی بۆ دووپاتکردنەوەو هێڵی میانە (یان

سێ خاڵ) دەبێت لابرێن : خوێنەر ، دەرهێنەر و کارەکتەرەکان، زۆر بەکەمی پێویستیان بەو شتانە هەیە .

دەبێت چەندپیاچوونەوە بکەیت ؟ لەپێشەوە ناتوانرێت دیاری بکرێت ، بەڵام لە بۆچوونی سەرەتایی تۆ زیاترە. کاتێك دەبێت پیاچوونەوە ئەنجام بدەیت، کە بەوزە و بەتاقەت بیت. ڕۆژە جیاجیاکان پیاچوونەوە بکە . ئەوە فەرامۆش نەکەیت کە نووسەرە سەرکەوتوەکان - لەبەراورد لەگەڵ نووسین - کاتێکی زۆرتری بۆپیاچوونەوە تەرخان دەکات. کاتێك دڵنیابوویت کە بۆ چاکردنی سیناریۆ هەر کاتێك کەلەدەستت بێت ئەنجامت داوە، سیناریۆکە چەند ڕۆژێك هەڵبگرە، دوایی بیخوێنەرەوە و بە بابەتەکانی تری بەشەکەدا بچۆرەوە .

ئەگەر کورتەی چیرۆك یان کارتی دیمەنت نووسیبوو خراپ نییە، ئەگەر تازەیان بکەیتەوە و دووبارە بیخوێنیتەوە، هەندێ جار وا دێتەپێش کە ڕێگاکانی تر بۆ چاککردنی سیناریۆکەت دابنێیت. لەو کاتەدا سەرت سوڕ نەمێنێ و، بزێوانە و لەحاڵەتی بێ تاقەتی دا سیناریۆ بەکۆتایی ناو نەنێیت . لەشوێنێك خوێندمەوە: ((پێگەیشتن، واتە تووانا و حەوسەڵەی زۆر)).

((نـــاوەڕۆکی دارشـــتنەوە))

((ئەو نووسەرەی کەپیاچوونەوە نەکات ،دەبێتە کێشە بۆ خۆشی و، مامۆستاکەشی و جۆری مرۆڤ . هەروەها ئەو شتەی کەهەمیشە لەبەرچاوی من، مژدە بەخشترین بەشی کاری نووسینە، لەدەستی ئەدات)) کاسێڵ[52] لەدوای نووسینی دوو یان سێ چوار دانە لەسیناریۆ،بە ناوەڕۆکی خوارەوەدا بچۆرەوە، تاببینیت کەئایا سیناریۆکەت پێویستی

[52] CassiLL

بەپیاچوونەوەی زیاتر هەیە یان نا ؟ پێویست ناکات هەموو ئەو پرسیارانە بەکاربەریت، چونکە لەوانەیە هەست بەتەمەڵی بکەیت و بێزار بێت لەبەرچاوت.

گرنگترین ئەوپرسیارانەی کەدەربارەی سیناریۆی خۆت دەیێت بپرسیت، پەیوەستە بەسەرچاوەکانی سیناریۆ، چونکە لەسەرچاوەی لاواز سیناریۆی باش لەدایك نابێت، ئایا سیناریۆکەت ئەزموونی خۆت پێشان ئەدات ؟ دیدگای تۆ دەردەبڕێت؟ لەزمانی تۆوە دەردەبڕێت؟ (ئایا ئەو کەسانەی کەباش دەیانناسیت)، بێجگە لەو حاڵەتە، لاسایی چ کەسێك دەکەیتەوە ؟ نووسەر جێ ی پەسەندی تۆیە ؟ هاوڕێ یە ؟ نمایشی تەلەفزیۆنی یە ، فیلمی بەناوبانگە ؟ ئەگەر سیناریۆکەت لەو قۆناغانەی بەسەربەرزی هاتەدەرێ ، با لەهەندێ لەوپرسیارانەی ژێرەوە بکۆڵیتەوە :

ڕوونکردنەوەی (شــوێن) ی دیمەن

1 -ئایا شوێنی هەر دیمەنێك دیاریکراوە ؟

2- ئایا خۆت لەو دیمەنانەی کە لە تەلەفیزیۆن، یان سینەما بینیوتە دوور خستۆتەوە؟

3- ئایا ژمارەی دیمەنەکان ئەوەندە زیادە، کە بەرهەم هێنانی فیلمەکە بودجەی زۆری بوێت؟

4- ئایا لەو دیمەنانەی کە تێر و تەسەل پێناسە کراوە، هەموو وردەکارییەکان بۆ چیرۆکەکە گرنگن؟ ئایا بینەر ئەتوانێت ئەو هەموو وردەکارییانە قبوڵ بکات؟

5- ئایا دیکۆر کێشی، شتێکی لە دەروونی ئەو کەسایەتییانەی کە لەو دیمەنەدا سەرقاڵە، ئاشکرا دەکات؟

6- ئایا هەندێ ڕوونکردنەوەی دیمەن- وەك ژوورێکی نیمچە ڕووناك- لە هەستو نەستی دیمەندا ڕۆڵیان هەیە؟

7- ئایا جۆری جل و بەرگ، ناسینەوە و هەستو نەستی کەسایەتی ئاشکرا دەکات؟

8- ئایا جۆری جل و بەرگ یارمەتیدەر دەبێت، کەشو هەوا و ڕێنمایی بۆ بینەر ڕوون بکاتەوە، ئایا ئەوە دیاری دەکات کە ئەو دەبێت چ کاردانەوەیەکی هەبێت؟

کەسایەتیی یەکان

1- ئامانجی کەسایەتی سەرەکی چی یە؟ ئایا خوێنەر زوو هەست بەوە دەکەن؟ چ شتێك ڕێ لە پێشکەوتنی دەگرێت بەرەو ئامانج؟

2- ئایا بە سەرنجدان بەکورت بوونی سیناریۆ، ژمارەی کەسایەتییەکان زیادە؟

3- ئایا ناوی کەسایەتییەکان دەتوانرێت بە ئاسانی بگاتە مێشك؟ ئەو ناوانە لە یەکتری جیاوازن؟

4- بە سیناریۆکەدا بچۆرەوە، لە ژێر هەڵسو کەوتی کەسایەتییە سەرەکییەکانا هێڵێك بکێشە. ئایا ئەو هەڵس و کەوتانە جێگەی باوەڕ پێکردنن؟

5- ئایا هەندێ جار لە جێگەی هەڵسو کەوت ،کاردانەوەی کەسایەتیەکان پێشان ئەدەیت ؟

6-بەپێنووس یان پێنووسی ڕەنگاوڕەنگ هێڵ بەژێر هەموو کەسایەتیە سەرەکیەکاندا بکێشە، ئەو گفتوگۆیانە بەدەنگی بەرز بخوێنەرەوە . ئەودەنگە دەنگانەی وەك پرخەپرخ، فنگە فینگ ، هەناسەلێدان و ... کە کەسایەتیەکان جێ بەجێ ی دەکەن ، ئایا گفتوگۆ ناسروشتی نییە ؟ لەو کەسایەتیە دێت ؟ ئەو کەسایەتییەی تۆ مەبەستە ئاشکرای دەکات؟

7- بە پێنووس، یان پێنووسێکی ڕەنگاوڕەنگ بهێنەو،ئەو حاڵەتە بۆ هەموو کەسایەتییە گرنگەکانی تر دووبارە بکەرەوە .

8-ئایا بۆ دروست کردنی هەست و نەست و کەش و هەوا — وەك دروستکردنێکی ناپەسەند، سوودت لە بێدەنگی وەرگرتووە ؟ ئایا سوودت لەبێدەنگی کردووە بۆ دەربڕینی نەبوونی دڵنیایی ؟ یان گوێزانەوەی هەستێك کـە دەربڕینیـشی بەوشـەکان کێـشەیە ؟ هەرسێکیان لەبەردەم نووسەردایە .

9-ئایا کەسایەتیەکان ئەچنە ناخی وشەکان ؟ ئایا کۆتایی بە ڕستەی یەکتری دێنن ؟ هەندێ جار بەبێ تەواوکردنی بیری خۆت، نیوەی بەتەواوی دەگۆڕن ؟ بەگشتی گفتوگۆی کاریگەر سێ خاسیەتی هەیە .

10-ئایا ڕستەی نیوە تەواوت هەیە ؟ وشەی میللیانە ؟ وشەی کورتکراوە؟ گفتوگۆ هەر سێ خاسیەتی هەیە.

11-ئەگەر کەسایەتی بەشێوەی میللیانە قسەی کرد، ئایا تەنیا هەندێ جار بەو شێوەیە قسەدەکات هەتا هەستی میللیی بوون دەربڕێت ؟ بۆ دەربڕینی شێوە زارێکی تایبەتی، ئایا سوودت لە وشەکان و ڕستەکان وەرگرتووە، یان بەپاکی دەنگت بەکارنەهێناوە ؟ (بگەڕێوە بۆشێوەی 8) . قسە واقیعەکان دەستکاری نەکەیت، ئەو کارە بۆ بینەر جێگەی قبوڵکردن نییە، پەسەندکراوەکانی بڵێ .

12- ئایا هەستو نەستو واتاکان دەچنە ئاماژە کردنەوەو، بە نەوتراوی دەمێننەوە؟ دەبێت بەو شێوەیە بێت.

13- کامە گفتوگۆ بە دوو جۆر، (یان زیاتر) جێگەی لێکدانەوەیەو پێویستی بەیاسای کارکردنی ناو کەوانەکان هەیە، هەتا چۆنیەتی وتنی ئەوانە دیاری بکات؟ گفتوگۆ ئەوەندە پیاچوونەوەی تیا بکەیت، کە پێویستی بە یاسای کارکردن نەبێت، لەبەر ئەوەی دەرهێنەر و کار ئەکتەر، گوێ نادەن بەو یاسای کارکردنە.

14 - ئایا ڕستەیەك یان مەفهومێك هەیە كە لە ڕادە بەدەر بەرزبێت؟ گفتوگۆی باش لە قسە كردنی واقیعی گوشراو تره (كوتراو تره).

15 - ئایا هەندێ لە دیمەنەكان، گفتوگۆیان زۆرە و جولّەیان كەمە؟ ئەگەر گفتوگۆ پێویست نییە، كەسایەتییەكان بە جوولّە كردن یان ئەنجام دانی كارێك و وا لێ بكەیت، هەتا بەو ڕێگەیە لەگەلّ یەكتری زانیاری بگۆڕنەوە. هەر كارێك كە دەیكات دەبێت لەگەلّ كەسایەتی گونجاو بێت.

16 - ئایا گفتوگۆ بیرۆكەیەك یان نوكتەیەكی تایبەتی دەر دەبڕێت؟

17 - ئایا گفتوگۆ بەبێ ئازار و ناخۆشی و بەبێ توانجدان، بۆ هەستو تێگەیشتنی بینەر، زانیارییەكان دەگوێزێتەوە؟

18 - ئایا هەندێ جار گفتوگۆی نا ڕاستەوخۆ، جۆرو داخوازی كەسایەتییەكان دیاری دەكات؟ لە ژیانی واقیعیدا زۆربەی مرۆڤەكان ڕوون و ئاشكرانین، بەڵكو پەرتووكیو ناڕاستەوخۆ قسە دەكەن.

19 - ئایا ئەو كەسایەتییانەی كە یەكتری باش دەناسن، بەردەوام بەناوی بچووكی، یەكتری بانگ دەكەن؟ ئەوە فەرامۆش نەكەیت كە ئەو مرۆڤانە لەگەلّ یەكتری قسە دەكەن.

20 - ئایا دەتوانێت گفتوگۆ كەم بكرێتەوە یان لاببرێت، بەو هۆیەی كە ڕەگەزەكانی بینینی دیمەن هەستو نەست و واتاكان دەگوێزنەوە؟

پێکهـــــاته

1- ئایا سەرەتای چیرۆك، خوێنەر دەجوولێنێت كە هەمووی بخوێنێتەوە؟

2- ئایا بەشێك لە سەرەتای لابراوە؟ چیرۆكەكە زوو دەست پێ ناكات؟ ئایا پێویستمان بە پێشەكییەكی زیاتر هەیە بۆ سەرەتای چیرۆك؟

3- یان كاتی چیرۆك یەك هەفتەیە یان كەمتر؟ (بە شێوەیەكی گشتی، ئەو ستراتیژە بۆ سیناریۆی كورت كاریگەرە).

4- ئەگەر گەڕانەوەت بۆ ڕابردوو هەیە، ئایا لە دوای ئەوەی كە چیرۆكەكە سەرنجی خوێنەری ڕاكێشاوە، ئەو كارەت كردووە؟ ئایا لەگەڵ (گەڕانەوەی بۆ ڕابردوو)، بەراوورد و ناكۆكی گرنگی لە نێوان پێگەی ڕابردوو و ئێستا، پێشان ئەدەیت؟ پێجگە لەو حاڵەتە، بۆ چی لە گەڕانەوە بۆ ڕابردوو سوودت لێ وەر نەگرتووە؟

5- ئایا بە سەرنجدان بە كەسایەتییەكان و هەوێنی چیرۆك، هەندێ دیمەن شایەنی لابردنن.

6- ئایا بە سەرنجدان بە كەسایەتییەكان و هەوێنی چیرۆك، هەندێ دیمەن شایەنی كورت كردنەوەیە؟

7- ئایا پێویست ئەكات هەندێ دیمەن دریژتر بكرێت؟

8- ئایا دەتوانرێت هەندێ دیمەن بە شێوەیەكی تر ڕێك بخرێت، تا ئەنجامێكی باشتری لێ بەدی بێت؟

9- ئایا چیرۆك زیاتر، لەیەك كەشو هەوای هەیە؟

10- ئایا بۆ گوێزانەوەی دیمەنێك بۆ دیمەنێکی تر- لە جێ ی بڕینی سادە- سوودت لە ئامادەکردنی دەست پێشکەری چالاکانە کردووە؟ ئەگەر سوودت لێ وەرگرتووە، بەشی ئامادە کردنی گوێزانەوەی ئەپتیکی بەشی دووەم بخوێنەرەوە، بزانە چۆن ئەتوانێت ئەوانە بەکار بهێنێت، هەتا لەو کۆمەڵە دیمەنانە یەك گروپی (سکانس) دروست بکرێو، گۆڕینی شوێن، یان هەردووکیان پێشان بدرێت.

11- یەکێ لە سیناریۆکانی بەشی دووەم بخوێنەرەوە. دوایی شی کردنەوەی پێك هاتەی سیناریۆکە بخوێنەرەوە، نەشیاوەکانی پێك هاتەکەی لێك بدەرەوە. (شێوەی 2، 3، 4) و دوایی، هێڵەکانی هەڵسو کەوتەکانی سەرەکی کەسایەتی میحوەری چیرۆکی خۆت، وێنە بکە. کەسایەتی میحوەری، لە کوێوە بەرەو ئامانجی سەرەکی دەچێتە پێشەوە، یان ناچێتە پێشەوە؟

12- ئایا کۆتایی چیرۆك گونجاوە؟ ئایا بینەر لە خۆشت دەپرسێ کە دوایی چ شتێك ڕوو ئەدات، یان هەست ئەکات کە تەواوە؟ ئایا بە سەرنجدان بە چیرۆکو کەسایەتییەکان، کۆتایی چیرۆك گونجاو و جێگەی بڕوا پێکردنە؟

هەوێنی (نـــاوەڕۆکی) چیرۆك

دیمەن، کەسایەتیو پێکهاتەی چیرۆکێك بخوێنەرەوە.

1- چیرۆکی تۆ سەبارەت بە هۆکارەکانو ڕەفتاری مرۆڤ، بە شێوەیەکی گشتی، چی دەڵێت؟

2- ئایا چیرۆکی تۆ ئاڵۆزی خوو ڕەوشتی مرۆیی، (ئاڵۆزییەکانی وەك سۆزە ناکۆکەکان، یان وەفادارییە دژ بەیەکەکان) پێشان ئەدات؟

3- ئایا هەندێ جار چیرۆك شتێك بۆ بینەر ڕوون دەکاتەوە، کە بۆ ئەو ڕۆشنە؟ ئەگەر وەڵامەکەت باشە، ڕوونکردنەوە زیادەکان لابەرە.

4- ئایا ناوەڕۆکەکان بۆ بینەر بە وردی دیاریکراون؟ ئایا هەندێ لە هەڵسوکەوتەکانو گفتوگۆکان بۆ بینەر بە لاوازی دەر ئەکەوێ؟

((ڕێنماییەکان بۆ شێوەی ڕوانەتی سیناریۆ))

لەپێش ئەوەی سیناریۆ پێشانی کەسایەتی تر بدەیت، دەبێت شێوەیەکی وەهای پێ بدەیت کە جێگەی پەسەند کردن بێت . دەڵێم شێوەیەکی پەسەند کراو، چونکە چەندین ڕێکخراوی جیا جیاو چەندین پەرتووکی جیا جیا، چەندین شێوەی جیاواز پێشنیاز دەکەن و دووپاتی دەکەنەوە. شێوەی پەسەندکراوی باشترو ئەزمونکار، یارمەتی خوێنەر ئەدات، کە سیناریۆکە تا ڕادەیەك بخوێنێتەوەو تێ بگات. لە لایەکی ترەوە ئەوە پێشان ئەدات کە تۆ لە کارەکەی خۆتدا شارەزایت.

کاتێك بە ئەزموونێکی تونـد تـر، لـە هـەمان سـاتی سـەرهتایدا هـەموو دەستنووسـەکان بـە شـێوەیەکی پەسـەند کـراو دەنووسـیت. بـەڵام زۆربـەی سـیناریۆ نووسـە تازەکـان نووسـینی سـیناریۆو شـێوە بەنـدی هاوکـات بـە قـورس دەزانـن. سـیناریۆ نووسـانی تـازە دەبێـت لەسـەر دیمەنـەکان، کەسـایەتییەکان، پێکهاتـەو نـاوەڕۆك چـڕ ببنـەوە. پیاچـوونەوە بکـەنو، دوایـی ئەوانـە بـە شـێوەیەکی گونجاو دەربهێنن.

تا ئەو کاتەی کە بە شێوەیەکی تر ڕێنمایی نەکراویت، شێوەی ڕوونکراوی خوارەوە بۆ پێویستییەکانی دەرهێنەری سیناریۆکەی تۆ لەبەر دەستدایە. لەدوای لێکۆڵینەوەی وردی سیناریۆ، بە سەرنجدان بە ناوەڕۆکی دارشتنەوە، لەوانەیە پێویست بێت کە سیناریۆکەی خۆت

سەر لەنوێ پاکنووسی بکەیت. لەو کاتەدا هەر دیمەنێك وەك (شێوەی 7) ڕێك بخەیت. لەلای ڕاست ژمارەی دیمەن بنووسیت. (هەموو سیناریۆ نووسان ژمارەی دیمەن نانووسن. هەبوونی ئەوە، ژمارە دانانی دیمەن لە خۆیندنەوەو باسکردنی بەرهەمدا بەسوودە.). دوایی لەبەردەم ژمارەکەدا، دیمەنەکە بە وشەیەکی ڕەش دەنووسیت: ((ناوەوە))، یان ((دەرەوە))، شوێنی دیمەن، هەروەها لەکاتی پێویستیدا بۆ دیاریکردنی کاتی دیمەنەکە دەنووسیت (ڕۆژ)، یان (شەو) ، یان هەر قۆناغێك بێت لەماوەی بیستو چوار کاتژمێری ڕۆژ و شەودا دەینووسیت.

لەسەرەتای پەرەگرافدا، ڕوونکردنەوەی کورتی دیمەنو یەکەمین هەڵسوکەوتی دیمەنەکە بنووسە، وا باشترە ڕستەکان کورت بنو هێڵێك بە نێوانیاندا بکێشرێ، کاتێك ناوی کەسایەتیەك بۆ یەکەمین جار لە ڕوونکردنەوەی دیمەنەدا دەبرێت، هەموو ناوەکان بە ڕەش بنووسە.

لەدوای ئەو دێڕە،لە ناوەڕاستی لاپەڕەدا (نزیکەی 9سم لە قەراغی لای ڕاستی لاپەڕەکە) ناوی کەسایەتیەکان بە ڕەش بنووسە،لە کاتی پێویستدا لە کەوانە دا لەژێر ناوی کەسایەتیەکان دادەنرێت، ئەوە ڕووندەکەیتەوە کە کارەکتەرەکان بە چ شێوەیەکو بە چ حاڵەتێك دەبێت گفتوگۆکان دەربڕن، لەژێر ناوی کەسایەتیەکان و لە میانەیەکی نزیکی 2,5سم لە قەراغی ڕاستی لاپەڕەکە، گفتوگۆکان لە نزیکەی 7,5سم بنووسە .

- ناوەوە – ژوری دانیشتنی کلارنس[53] و لی لی[54] – پاش نیوەڕۆ

لی لی و کلارنس دێنە ژورەوە ، لی لی ماندووە لەسەر قەرەنەفەکە پاڵدەکەوێت، کلارنس لەسەر زەویەکە بەرامبەر تەلەفزیۆنەکە دادەنیشێت، بەردەوام کەناڵی تەلەفزیۆنەکە دەگۆڕێت.

لی لی: دیسان ئەمڕۆش تۆ لەو شوێنە چەور وچڵکنەدایت، من لە خزمەتکردنی ئوغەبغەبە درێژانە بێزارم،(بەسەرنجەوە سەیری کلارنس دەکات..)

لی لی : (بەردەوامە لە قسەکردن) هیچ دیارە کە چ کارێک دەکەیت؟ لە کلاوی شەلی دوێنێت تێ ئەپەرم ، بەڵام ماناکەشی ئەوە نییە، ئەتوانیت دانیشیت و پارەکانی من بگوژیتەوە، ئاخر ڕووی خۆت بکێشە بزانە قوورسیت..ئەمەوێ بیر بکەمەوە کە لەدوای نان خواردنی نێوارە ئەتوانیت، دەستێ هێنێت بە چێشتخانەکە و پاکی بکەیتەوە.

(کلارنس لەسەرخۆ خۆی ڕاست دەکاتەوە و، یەکسەر هەل ئەسێت).

کلارنس: لەگەڵ ڕۆژنامەدا چۆنی لی لی؟ وابزانم باشترە بڕۆم لەسەر شەقامەکە ڕۆژنامەی ((star)) بکڕم و بیهێنم.

بەرەو لای دەرگاکە دەڕوات. لی لی لە پشت سەرییەوە هاوار دەکات.

لی لی: دە خوولەك زیاتر درێژە بکێشێ، لە پشت سەرتەوە ئامادەم.

لی لی سانێك چاوەڕوانی دەکات، لە پشت پەنجەرەوە دەڕوات و سەیر دەکات. دوایی خێرا دەچێتە لای میزی نووسینەکە، چەمکە جەکەتەوە و جزدانێك دەردەهێنێت، دەیکاتەوە و بە دوودڵییەوە ئاڵتوونەکان دەخاتە سەر میزەکە. بە شەوق و زەوقەوە یەك دوو و پارچە ئەم دیو و ئەودیو دەکات. زنجیرێکی مل دەکاتە ملی و هەردوو سەری دەبەستێت. ئاڵقەکانی هاوسەرێتی کۆ ئەکاتەوە و، لە هەر پەنجەی ئاڵقە دوو ئاڵقە ئەکاتە پەنجەی. ژوورەکە وەها پێشان ئەدات، هەتا خۆی لە ئاوێنەدا ببینێت. دەستەکانیشی بەرز ئەکاتەوە و دای ئەنەوێنێتەوە، هەتا ڕووناکی لە تیژاییدا پێچەوانە بێتەوە.

لی لی:(بە بەردەوامی و، لەسەرخۆ) بەڕاستی تۆ خانوو لی لی. خاتوونێکی ڕاستەقینەیت.

ئاوابوونی وێنە.

((شێوەی (7) شێوەی دیمەنی دایك)) **کۆتایـــــی**

[53] - Clarence
[54] - Lily

ناوی ئەو کەسایەتییەی کە وەڵام ئەداتەوە، دێتە دێڕێکی خوارو تر. لێرەدا، هەر ڕوونکردنەوەیەك یان کارو کاردانەیەکی تایبەتی دیمەن، دەبێت لە سەرەتای دێڕەوە دەست پێ بکات، هەروەك ڕوونکردنەوەی ئەو دیمەنانەی کە لە یەکەمین بەشی ئەم بەشەدا هاتووە، دەنووسرێت. کاتێك کەسایەتییەك قسە دەکات و دوایی کەسێکی تر کارێك ئەنجام ئەدات، دوایی دیسان کەسایەتی یەکەم قسە دەکات، لەژێر ناوی کەسایەتی قسەیێژ ((بەردەوام)) بنووسە. بۆ نموونە:

جێری [55]: کە پێم وت. هەر ئێستا ئەو کارە بکە.

مارشا [56]: بە تووڕەیی هاوار دەکاتو، کولیچەیەك بەرەو جێری فڕێ ئەدات و دەچێتەوە دەرەوە.

جێری: چ زمان نووسی جیلی [57]، کولیچەکەی دایکی لەسەر زەوییەکە هەڵدەگرێتەوە.

کاتێك دەبێت بەردەوامی گفتوگۆ لە لاپەڕەی تازەدا بنووسیت، ناوی کەسایەتییەکان لەسەر ڕووی لاپەڕە تازەکە دووبارە بکەرەوەو، لە ژێریدا لە کەوانەدا بنووسە ((بەردەوام)).

دیاریکراوە هونەرییەکانی وەك - دەنگە دەنگ و جوولەکانی کامێرا-بە بەشێك لە ڕوونکردنەوەی دیمەن دەژمێردرێن، کە بە ڕەش دەنووسرێن. ئامادەکردنی گوێزانەوە: ئاوابوونی وێنە، دەرکەوتنی وێنە، دیزۆڵف، بە ڕەنگی ڕەش یان شێوازی نووسین لە گۆشەی چەپی کۆتایی دیمەن دەنووسرێن. وەك زۆربەی سیناریۆ نووسە تازەکان، سوود لە ((پڕین بۆ)) کۆتایی دیمەن وەرنەگریت، هەرچەندە هەندێ پەرتووکی سیناریۆ نووسین پێشنیازی ئەو کارە

---

[55] - Jerry
[56] Marsha
[57] -- JiLLie

دەکەن. خوێنەر خۆی بە ڕاستەوخۆ دەزانێت، دیمەن بۆ دیمەنێکی تر دەڕێت، مەگەر ئەوەی کە ئامادەکردنێکی تری دیاریکراوی هەبێت.

بۆ ئەو چوار حاڵەتەی ژێرەوە، چەند پەرتووکێکی جیا جیاو پێشنیازی جۆارو جۆر دەنووسن. لەگەڵ ئەوە، ئەم شێوەیەی خوارەوەش بەکار دێت.

ئەگەر یەك لەدوای یەك لە دیمەنێك بۆ دیمەنێکی تر بڕۆیت و بگەڕێیتەوە، (دوو دیمەنی یەکسان) بەم جۆرە بنووسیت:

سکانسی یەکسان (بەرامبەر)

1- دەستپێکردنی دیمەنی یەکەم...

ئەنجامو کۆتایی دیمەن،

2- دەستپێکردنی دیمەنی دووەم...

کۆتایی دیمەن،

3- دیمەنی سێ یەم، لە شوێنی دیمەنی یەکەم

4- .....

کۆتایی سکانسی یەکسان

بۆ دیاری کردنی سکانسی مۆنتاژی- گرتەکانی کە بەیەکەوە کۆکراونەتەوە، تا دەستمایەکە بە کورتی پێشان بدەن- بەم جۆرەی لێ بکە:

1- (دیمەنی یەکەم)

2- (دیمەنی دووەم)

3- (دیمەنی سێ یەم)

4-...

کۆتایی سکانسی مۆنتاژی

بۆ دیاریکردنی خەو (یان ڕوئیا)، سەرەتاو کۆتایی خەو (یان ڕوئیا) کان بە جۆرێك دیاری بکە، کە خوێنەر گێژ نەبێت. ژمارە- ناوەوە یان دەرەوە- شوێن- کات (خەو) یان(ڕوئیا)... (کۆتایی خەو) یان(کۆتایی ڕوئیا).

ئەگەر لە سیناریۆدا، خەو یان ڕوئیات هەبوو، دەبێت ئەوە دیاری بکەیت. کارێك نەکەیت کە خوێنەر بخاتە گومانو دوودڵییەوە. سیناریۆ نووسەتازەکان حەز بەو کارە دەکەن، بەڵام خوێنەر گێژ دەکات و کاتێك سەیر دەکەن لە مەبەستیشیان نەگەیشتوون، نائومێد دەبن.

گەڕانەوە بۆ ڕابردووش بەهامان شێوە دیاری بکە:

ژمارە-ناوەوە یان دەرەوە- شوێن- کات (گەڕانەوە بۆ ڕابردوو)... (کۆتایی گەڕانەوە بۆ ڕابردوو).

یاساکانی کارکردنی هونەری، تاڕادەیەك کەم بکەرەوە، مەگەر لەوەی بتەوێت سیناریۆکەت دەرهێنانی بۆ ئەنجام بدەیت.

بە سەرنجدان بەشێوەی ناوبراو لە (شێوەی 8) دا لاپەڕەی ستانداردی سیناریۆ لەگەڵ گفتوگۆ نزیکەی یەك خوولەك دەربارەی سیناریۆ بێ گفتوگۆ، بە ئاسانی ناتوانرێت جێگەی

سەرنج بێت. هەر لاپەڕەیەك لە سیناریۆی (لۆبیای سەوز) سێ چـوار خوولـەك درێـژە دەكێشێت، لە كاتێكدا كە سیناریۆی یەك دیمەنی (ئەوبەر) ڕوونكردنەوەی گشتی فیلمێكی دە خوولەكییە.

دوا قۆناغی كاری نووسینی لاپەڕە، ناونیشانی سیناریۆ یە. هیچ یاسایەكی نەگۆڕاو بۆ شێوە و ناوەڕۆكی ئەو لا پەڕەیە نییە. ناوی سیناریۆكە بە نووسینێكی تۆخ تایپ دەكرێت و، لەناوەڕاستی سەرەوەی لاپەڕەكە بنووسە. دێڕی دوایی، یان دوو دێڕی دوایی بنووسە ((ئەو سیناریۆیەی لە- ناوی تۆ- ، (یا: نووسینی-ناوی تۆ- یە)).

لەدوای ئەوەی سیناریۆكەت پاكنووس كردو شێوە و هەیكەلی سیناریۆكەت پێ دا، بە دەنگێكی بەرز بخوێنەرەوەو، هەندێ چاكسازی لاوەكی ئەنجام بدە. ئێستا، بەلایەنی كەمەوە بۆ یەكەمین ڕاهێنان و بینینی ڕۆڵەكان، یان یەكەمین هەوڵە سادەكانت بۆ دەرهێنان، ئامادە بوویت.

شی كردنەوەی ڕۆڵەكان، چاو پیاخشاندنەوە

لاجوس ئەگری دەڵێت: ((ئەگەر هەست ئەكەیت كە هەر دەبێت سیناریۆكەت بـۆ هاوڕێیەكەت، یان ناسیاوێك بخوێنیتەوە، ئەو كارە بكە، بەڵام داوای لێ نەكەیت كە دەربارەی سیناریۆكەت ڕای خۆی دەبڕێ. لەوانەیە ئاستی تێگەیشتنی زۆر لەتۆ كەمتر دەیێت و، زیاتر ڕەخنە دەگرێت هەتاپێناسە، ئەو بۆچۆنیازە هونەریەكان توانای بڕیاردانی پێویستی نییە، تۆ ئەو دەخەیتە حاڵەتێكی ناخۆشەوە .

((دیارە ئەگەر كاری خۆت بۆ كەسانی تر بخوێنیتەوە، داوای لێبوردنی لێ بكە كاتێك پێت دەڵێت كە هەست بەماندووبوون ئەكات، یان تاقەتی دەچێت) .

هەندێك لەدوای نووسین و پیاچوونەوە و پاکنووسی کردنی سیناریۆ، خێرا ئەوە ئەدات بە هاوڕێیان و دۆستانی خۆی، بەشێوەیەکی ئاسایی لەکاتێکدا خواحافیزیان لێ دەکات، لەو بڕوایەدایە کەباشترین سیناریۆی جیهانی نووسیووە و بێ کەم وکوڕییە !

هەندێ لەدۆست و هاوڕێیانی تر، جەخت لەسەرئەوە دەکەنەوە کەسیناریۆیەکی بێ بەهای نووسیوە. بەدبەختانە زۆر بەکەمی ئەو دۆست و هاوڕێیانە ئەدۆزنەوە، کە ڕەخنەگرێکی باش بن. ئەو کەسانەی کەبەسەرنجەوە سیناریۆکە بخوێنەوە و ڕای خۆیان بڵێن و پێشنیاز بۆ چاککردنی بدەن، بەپەنجەکانی دەست ئەژمێردرێن. لەبەرئەوە ئەگەر ڕەخنەگرانی باش دەناسیت نازیان هەڵبگرە .

پێشاندانی سیناریۆ بەدۆستان و هاوڕێیان، لەشوێنی گروپی لێکۆڵینەوە باس بکرێت. بە کەسێك بڵێت کە ڕوونکردنەوەی دیمەن و هەڵس و کەوتەکان بخوێنێتەوە و، چەند کەسێك دیاری بکەیت ،هەتا هەریەکەیان گفتوگۆی کەسایەتیەك بخوێنێتەوە. لەدوای خوێندنەوەی سیناریۆ داوایان لێ بکە کەڕای خۆیان سەبارەت بەسیناریۆکە دەربڕن. خراپ نییە کەخوێندنەوەی ڕۆڵەکان و تاو وتوێ کردنی سەبارەت بەسیناریۆ تۆمار بکەیت. ئەندامانی باشی گروپەکە نەوەك تەنیا ڕۆڵی خۆیان بەڕاستی و بەهەستەوە دەخوێننەوە، بەڵکو لەخوێندنەوەی سیناریۆ و لێکۆڵینەوەی فیلمیش پێشینەیان هەیە . ئەندامانی بەتوانای گروپ، شارەزاییەکی ئاسان و هەڵوێستەیان لەبیستن و داوەری کردنی سیناریۆدا هەیە .

نووسەر پێویستی بەخوێنەرانی لێهاتوو هەیە بۆ کارەکەی، چونکە لەڕادەبەدەر ڕووبەڕووی کارەکەیە، کەم ڕێك ئەکەوێت کە ڕەخنەگرێکی باش بۆ کارەکەت بێت. ئەو یان لەڕادەبەدەر شەیدای کاری خۆیەتی، یان لەڕادەبەدەر نائومێدە کەبتوانێت بە ڕوونی و بێ

لایەنانە داوەری بکات. زۆربەی جارخوێنەران خاڵێك لەچیرۆکەکە ئەدۆزنەوە، کە نووسەر ئاگای لێ نەبووە، لەبەرئەوە نووسەر دەبێت گوێ لەگفتوگۆی خوێنەرانی بگرێت . بەوتەی فەیلەسوفی ئەڵمانیا نیتچە: ((دانەر دەبێت لەو کاتەی کەبەرهەمەکەی دەستبەقسەکردنی دەکات، دەمی خۆی دەبەستێت)).

نووسەر دەبێت لەو قۆناغەدا یادداشت بنووسێت، چەندە زووتر بەسیناریۆکەدا بچیتەوە و هەناسەیەکی خۆش بدەیت، دوایی سیناریۆکە بەدەنگێکی بەرزبخوێنیتەوە و جارێکی تر چاوی پیابخشێنیتەوە. ئەگەر مەبەستە بڕۆیت بەدوای ئامادەکارێك، یان دەرهێنەرێك و کورتەی چیرۆکت هەبێت، ئێستا کاتی ئەوەیە کەئەوە تازە بکەیتەوە .

خوێنەران پێشنیازی نارێك و زۆربەیان دژ بەیەك دەکەن. بەگشتی خوێندنەوەی سیناریۆ بەمیانەیەکی کاتی، تێگەیشتنێکی تازە لەسیناریۆ ئەدات بەدەستەوە، لەبەرئەوە ئەوەندە ڕۆڵی کەسانی سیناریۆکە بخوێنەرەوە کە تاقەتان نەچێت.

ئەگەر لەسەر ئەوکارە بەردەوام بێت و بەردەوام ڕۆڵی کەسایەتی سیناریۆکە بخوێنیتەوە و، پیاچوونەوە بکەیت - کاتێك لەوە ماندووبویت - خراپتریش دەکەیت نەك باشتر. هەتا لەوانەیە زیانێکی گەورەی لێ بدەیت. ئەگەر ماندووبویت ئیتر لە سەر سیناریۆکە کارمەکە، پشووبدە و دوایی جارێکی تر بگەڕێرەوە سەری . ئەگەر لەسەدا سەد ئامادەی ڕۆڵ خوێندنەوە و باسکردنی بەکۆمەڵیت، سەیری ناوەڕۆکی دارشتنەوەی خوارەوە بکەیت، پێشنیازی تێڕوتەسەل تری هەیە، سەبارەت بەوپێشنیازانە کەتا ئەو شوێنە پێشان دراوە .

نووســـەر

1- نووسەر دەبێت دانەیەك لەسیناریۆی تەواوی خۆی، ڕۆژێك یان چەند ڕۆژێك پێش ئەوە، بۆ خوێندنەوەی ڕۆڵەکان بدەیت بەئەندامانی گروپەکە .

2- نووسەر لەکاتی خوێندنەوەی ڕۆڵەکاندا، دەبێت لەسەردانەیەکی خۆی یاداشت بنووسێت : ئەو مەسەلانەی کە دەبێت لەدوای خوێندنەوەی سیناریۆ لەخوێنەر بپرسیت، دەستەواژەکانی سیناریۆ، ئەو ڕستانەی کەخوێندنەوەی سیناریۆ دوا دەخەن. چاوەڕوانی خوێنەران لە نووسەر. کاردانەوەی بیستەران بەرامبەر بەبەشە جیاجیاکانی سیناریۆو ...

3- نووسەر نابێت سەرچاوەی چیرۆك، یان واتا و ئامانجی مەبەستداری خۆی بەگروپەکە بڵێت .

4- بەگروپ نەڵێیت، کەخوێنەرانی تر دەربارەی سیناریۆکە چیان وتووە . بۆنمونە :(من ئەم سیناریۆیەم پێشانی سێ کەسی هاوڕێم داوە، وتوویانە زۆرباشە.) کە لەڕاستیدا واتە ((بۆچی ئەوەندە بێ هەست بیت ؟ نووسین دەبێت خۆی قسەبکات)) .

5- نووسەر لەدوای خوێندنەوەی گروپ، دەبێت سەبارەت بە بەشەجیاوازەکانی سیناریۆ، کە پێویستیان بەکاری زیاتر هەیە، هەندێ پرسیار بکات. دەبێت وەلاّمەکانی گروپەکە یاداشت بکەیت .

بەکورتی : نووسەر لەکاتی تاوتوێ کردنی گروپەکە، تەنیا دەبێت گوێ بگرێت، یادداشت بەرزبکاتەوە و پرسیار بکات.

خوێنـــــــەران

1- لەدوای خوێندنەوەی ڕۆڵەکانی سیناریۆ، ئەندامانی گروپ دەبێت ئـەوە ڕوون بکەنەوە، کەسیناریۆکە هزری ئەوانی بۆچ شتێك ڕاکێـشاوە و، چ هەسـتێکی لەوانـدا زیندووکردۆتەوە و بۆچی وەهای کردووە ؟

2- تەنیا لەو کاتەدا کارەکە بنرخێنە، کەنووسەر داوای بکات. داوەرییە گشتی و شاراوەکانی وەك (بەرزە) یان (من پێم خۆش نییە) یارمەتی نووسەر نادات . هەتا لەوانەیە زیانبەخشیش بێت. بەسوودترین خاڵ بۆ نووسەر ڕوونکردنەوەی کاردانەوە تایبەتیەکانی خوێنەرە. بۆنموونە بەنووسەر بڵێت :

((یەکەمین دیمەن ئێمەی خستۆتە ئەم بیرۆکەوە ، کە .....)).

((ئەو کەسایەتیە ئەوەپێشان ئەدات ، کە .....)).

((چیرۆك پێشنیاز دەکات ، کە .....چونکە)).

((. .....

کاردانەوەی تایبەتی خۆت، بەپرکردنەوەی شوێنە بەتڵەکانی ئەو ڕستانە ڕوون بکەرەوە :

((ئەو..... ئێمە وا لێ دەکات کەهەست بکەین / دێتەوە یادم / بیر دەکەمەوە / لـــــــەخۆم بپرســـــــم کـــــــە ..... ، لەبەرئـــــــەوەی .....).

لەوانەیە لە نووسەر بپرسیت ،چی ئەبێت ئەگەر فلاّن ڕووداو لەچیرۆکدا ڕووبدا،(یان ڕوونەدات). بەشە گرنگەکان بەدەنگی بەرز بخوێنەرەوە و بەنووسەر بڵێ، کەچ شتێك

دەبێتە هۆی ئەوەی کەتۆ هەست بکەیت / بیتەوە یادت / بیر بکەیتەوە / لەخۆت بپرسیت کە .....

لەدوای ئەوەی کەئەندامانی گروپ کاردانەوە تایبەتیەکانی خۆیان ڕوون کردەوە و، نووسەر پرسیارەکانی خۆی لەگروپ کرد، ، ئەتوانرێت لەنووسەر بپرسێت کە ئایا نرخاندن و پێشنیازت دەوێ یان نا ؟ (ئەگەر نەیویست ، دووپاتی مەکەرەوە . بەشێوەیەکی گشتی ڕوونکردنەوەی کار و کاردانەوە تایبەتیەکان، بۆ نووسەر زۆر بەسوودترە لەنرخاندن و پێشنیازەکان) ئەگەر نووسەر داوای نرخاندنی کرد پێی بڵێ :

ئەوە .....کاریگەرە ، لەبەرئەوەی .....))،

یان ((ئەوە .....کاریگەرە ، لەبەرئەوەی .....))

پێشنیاز دەکرێت بەم جۆرەبێت : ((چی ئەبێت ئەگەر ئەوە .....بەوجۆرە بنووسی ؟))

3- یەکەم کاردانەوە باشەکان بڵێ. هەتا نووسەری بەئەزموون و دڵنیاو هۆشیار، لەوانەیە لەڕووبەڕووبونەوە لەگەڵ هێرشی ڕەخنەی خراپ سەنگەر بگرێت .

4- هەر ڕەگەزێك لەگرووپ، دەبێت لەسەر سیناریۆ یادداشت بکات و، لەدوای لێکۆڵینەوە سیناریۆکە بدات بەنووسەر. ئەگەر کەسێك ڕایەکی بەسودی هەبوو، ئایا پرسیاری گرنگ دەکات، یەکێك لەئەندامانی گروپەکە دەبێت ئەوە لەسەر ئەو دانەیەی کەلەبەردەستدایە بینووسێت، بۆنموونە لەوانەیە یەکێك لەئەندامانی گروپ شتێکی لێکچوو لەوە لەگۆشەی سیناریۆدا بنووسێت : دیبای[58] پرسی : ((بۆچی کەسایەتی سەرەکی کارەکەی واز لێ بهێنێت ؟))

5-ئەگەر پرسیار لەجێگەی خۆی کرابوو، لەوەلاّم بەسوودترە .

[58] - Debbie

6- ئەندامانی گروپ نابێت لەگەڵ یەکتری بڵێ و مەلێ بکەن . لەجێ ی ئەو کارە دەبێت وەلاّمی پرسیارەکانی نووسەر بدەنەوە و، بەڵگەی کاردانەوەکانی خۆیان بڵێن. دژایەتی خۆت لەگەڵ یەکێك لەئەندامانی گروپەکە دەرنەبڕیت. ڕایەکانی خۆت بەنووسەر بڵێیت، نەوەك بە ئەندامانی گروپ. بۆ نموونە، وتنی ڕستەی خراپی ژێرەوە بە یەکێکی تر لە ئەندامانی گرووپ هۆکاری باسە: ((هەڵە دەکەیت. ئەو دیمەنە پیشان نەدەیت،کە.....)) وابا‌شترە بە نووسەر بڵێیت: ((ئەو دیمەنە پێشانی من ئەدات کە .....)) دوایی نووسەر دەتوانێت بڕیار بدات، کە کامە ڕا بۆ ئەو بەسوودە.

7-نابێت ژیانناممەی تایبەتی نووسەر بخرێتە بەر باس. بەزۆری هەموو سیناریۆ کورتە کاریگەرەکان، هەندێکیان ڕاستەقینەیەو، کامەشی زادەی خەیاڵی نووسەرە، بیر لەوە نەکەیتەوە کە کەسایەتییەك لە نووسەر ئەچێت، لەسەر کەسایەتی نووسەر وەرگیراوە. لەوانەیە بەو جۆرە بێت، لەوانەیە وانەبێت، سەربارەی ئەوە چ گرنگییەکی بۆ چیرۆك هەیە ؟

8- هەموو گروپەکە دەبێت بە پێ ی پێویست قسە بکات، ڕای یەکێك بەسەر ئەوانی تر دا نەسەپێنرێت.

9- ئەگەر باسەکە بە خامۆشی مایەوە، کەمێك ئارام بگرە. ئەگەر باسەکە بە هەڵپەسێراوی مایەوە، وابا‌شترە نووسەر دەربارەی هەندێ بەش لە سیناریۆ کە پرسیار بکات، یان داوا لە ئەندامانی گروپ بکات، کە ئەو دیمەنەی کە بە ڕوالەت باش نییە، بیخوێننەوە و ڕەی خۆیان سەبارەت بەوە دەربڕن.

10 - کاتو وزەو تووانای گروپ نابێت سەبارەت بە ڕێنووسی وشەکان، دانانی خاڵەکان، نووسین یان نووسینی بە ڕەنگی ڕەش، یان نە نووسینی بە ڕەنگی ڕەش بە فیرۆ بدرێت. ئەو بابەتانە دەبێت لەسەر ئەو دانەیەی کە لەدوای باسکردنو، دوایی ئەدرێت بە نووسەر، ڕاست بکرێتەوە.

بە کورتی: لە باسکردنی گرووپدا، دەبێت جەخت لەنووسەر نووسین بکرێت، نەوەک نووسەر، دەبێت هەڵس و کەوتی تایبەتی، ڕوونکراوەو هەندێ جار باش بێت. ئەم بەشەی پەرتووکەکە زۆر ڕێنمایی بۆتۆ داناوە. مۆڵەت بدەیت بیهێنیتەوە یاد، کە هەموو ئەو شێوازانە بۆ تۆ بەکەڵک نایەن. تۆ لەناو ئەو پێشنیازانەدا، ئەوانەی کە حەزت لێیە، تاقییان بکەرەوە. بۆ پلان دانان، نووسین، پیاچوونەوەی سیناریۆ، تەنیا شێوازێك نییە.

دوا وێســـتگە
دەست گەیشتن بە خوێنەر، بینەرو گوێگر

ئەو سیناریۆیەی کەخوێنراوەتەوەو بەرهەم نەهێنراوە، لەپارچەیەکی موزیکی، یان نەخشەیەکی بیناسازی دەچێت،کە لە چەمکەجەی مێزدا تۆزو خۆڵ خواردوویەتی. لەوانەیە ڕەوتی نووسینی سیناریۆ جێگەی دەست خۆشیو جۆرێك تێکۆشانو مل ملانێ بێت، بەڵام ئەوەی کە لە هزری تۆدا بوو، لەسەر پەڕە ئامادەیە هەتا کەسانی تر بخوێننەوەو دوایی لەبەر هەمێکدا ببینن. بەڵام دەبێت هەوڵ بدەیت هەتا باشترین سیناریۆ بگاتە خەڵك. بە سێ شێوە ئەو کارە دەکرێت بکرێت: چاپکردنی پەرتووك، چاپکردن لە گۆڤارو بڵاوکراوەکان، بەرهەم هێنانو نمایش.

هەرچەند هەتا ئێستا ئێوەم هانداوە کە بۆ بەرهەم هێنانی ناو خۆیی بنووسن، بەڵام دەتوانن ئەوانە چاپیش بکەن. تەنیا هەندێ گۆڤارو سیناریۆی کورت چاپ دەکەن. لەوە تێپەڕێت، هەتا ئەگەر لە چاپکردندا سەرکەوتوو بوویت، هەڵسو کەوتی زیادە وەرنەگریت. لەوانەیە یەك دوو خوێنەر بە تۆ بڵێن، کە چیژت لە خوێندنەوەی سیناریۆ کە وەرگرتووە، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی ڕای کەسانی تر نەئەبینیت و نەئەبیستیت.

ئەگەر لە سەداسەد ئەتەوێ سیناریۆکەت چاپ بکەیت، گۆڤارە ئەدەبییەکانی زانکۆ باشترین شوێنە. بۆ ئەو مەبەستە، ژمارەکانی پێشووی ئەو گۆڤارەی مەبەستتە هەڵسەنگێنە، یان پەیوەندی بکە بە لێپرسراوی چاپی گۆڤارەکە و پرسیاری لێ بکە، کە ئایا سیناریۆ کورتە نا بازرگانییەکان وەردەگرن یان نا ؟ جەخت لەسەر نابازرگانی بوونی سیناریۆکەت بکەرەوە، لەبەر ئەوەی زۆربەی نووسەرانو سەرنووسەرەکان، حەز بە فیلمە

بازرگانییەکان ناکەن، ئەگەر وەلامەکە باش بوو، بپرسە کە هەلی ناردنی داخوازی بۆ ژمارەی داهاتوو چ کاتێکەو، فۆرمی هاوبەشی کردنی گۆڤارەکەیان لێ وەربگرە.

بە هەڵسەنگاندنی ژمارەکانی دوایی، ڕێنمایی نێو دەوڵەتی گۆڤارەکانو بڵاوکراوەی گیرفانو نێو بازاڕ، نووسەر دەتوانێت چەند گۆڤارێك پەیدابکات، کە سیناریۆی کورت یان شانۆنامەی کورت چاپ دەکەن. بۆ ئەو گۆڤارانە نامە بنووسە و بپرسە کە ئێوە حەز بە سیناریۆی کورتی نا بازرگانی دەکەن یان نا؟! لەو شوێنەی کە ژمارەی ئەو بڵاوکراوانەی کە سیناریۆی کورت چاپ دەکەن، ئەوەندەی پەنجەکانی دەستە، باشترە کە بەدوای خوێندنەوەی گشتی و بەرهەم هێناندا بیت.

خوێنەری گشتی یارمەتی زۆربەی سیناریۆ نووسەکان ئەدەن، تاکو بزانن کە وەرگر چ کاردانەوەیەك نیشان ئەدات، لەسەر ئەو بنەمایە خاڵی لاوازو بەهێزی سیناریۆکە دیاری دەکرێ و ڕاست دەکرێتەوە. بەرنامە دانان بۆ دانیشتنو باسکردنو لێکۆڵینەوەی سیناریۆ کورتەکان بەهۆی چەند نووسەرێکەوە، وەرگرانی زیاتر بەدەست دێنێت. بە یارمەتی نووسەرانی هاوکار، - یان هەتا باشتر لەوە، ئەو کەسانەی بە پشکنینی کار و ئەکتەرو لێکدانەوەی زارەکی کار- دەتوانیت بۆ خوێندنەوەی کەسایەتی و ڕەخنە و لێکۆڵینەوەی سیناریۆی کورت،دانیشتنێك ڕێك بخەیت.کاتی دانیشتنەکە لە کاتژمێرێك کەمتر نەبێت،بێجگە لەو حاڵەتە،ڕاکێشان و ڕازی کردنی وەرگر دەبێتە کێشە.لە پێش خوێندنەوەی سیناریۆ،بە لانی کەمەوە جارێك ڕاهێنان بکە.

لە دانیشتنی خوێندنەوەی کەسایەتی،ڕوونکردنەوەی دیمەن و کارو کاردانەوەکان دەخوێنرێتەوە ،هەندێك لە ئەندامان بە شێوەی جیا جیا گفتوگۆی کەسایەتیەکان

دەخوێنەوە، باشترە یەك کەس دوو ڕۆڵ بەدوای یەکدا نەگێڕێت، بەڵام هەمان کەس ئەتوانێت ڕۆڵە لاوەکیەکانیش بگرێتە ئەستۆ.

بەپێی توانا نووسەر لە نێوان وەرگرەکاندا دابنیشێ و گوێ بگرێت، کە کامە بەشی سیناریۆ دەخوێنرێتەوە و کامەیان ناخوێنرێتەوە، هەروەها یادداشت بنووسێت سەبارەت بە وەرگر، کە چ کاردانەوەیەك پێشان ئەدات و، کام بەش لە سیناریۆکە پێویستی بە پیاچوونەوەیە .

لە دوای خوێندنەوەی کەسایەتیەکان، ئەتوانرێت بە قوڵی گوێ بگریت بزانیت وەرگر چ کاردانەوەیەکی هەیە . لەوانەیە داوا لە وەرگرەکان بکەیت لە دوای خوێندنەوەی ڕۆڵەکان بمێننەوە، ئەشێت پرسیاریان لێ بکەیت و لێکدانەوەو دەربڕینەکانیان بنووسیت، یان لە ئەندامان بپرسیت، کە کورتە پرسیارەکان بە بێ ناوهێنانی ناو،سەبارەت بە کاردانەوەکانیان بەرامبەر بە سیناریۆ پڕ بکەنەوە .

بابەتی ئەم پەڕتووکە بەرهەمهێنانی فیلم نییە، بەڵام تۆ ئەتوانیت شایەدی بەرهەمێنانی سیناریۆی خۆت بیت. بۆ ئەو مەبەستە پێویستت بەڕێنمایی زیاتر هەیە، ئەو بابەتانەی لەدوای ئەم پەرەگرافەوە دێن، تەنها تۆ بە ڕێگای ناونیشان ئاشنا ئەکات. سەبارەت بە بەرهەم هێنانی فیلم نووسەرە بەتواناکان دەتوانن یارمەتیت بدەن.

لەدوای نووسین دیسانەوە نووسینو نووسین، هەروەها پیاچوونەوە، دیسانەوە پیاچوونەوە وپیاچوونەوە، خوێندنەوەی ڕۆڵەکان، دیسانەوە چەند بارە خوێندنەوەی ڕۆڵەکان، ئێستا ئامادەیت هەیە کە یەکێك لە باشترین سیناریۆ کورتەکانی خۆت بخەیتە بواری بەرهەم هێنانەوە. لەو شوێنەێ کە بەشێوەیەکی ئاسایی فیلمسازانی تازە پێگەیشتوو، بەبێ سیناریۆی باش ڕاستەوخۆ دەچنە نێو بیری دەرهێنانی فیلمەوە. جەخت ئەکەمەوە کە لە

نووسین و پیا چوونەوەی سیناریۆدا چاودێر بیت .(بەشێوەیەکی گشتی فیلمەکانی یەکەم لەڕووی وێنەگرتن، مۆنتاژ، دەنگ هەڵگریو ڕۆڵی گونجاو سوود مەندنین)بەڵکو ئەوەندە گاڵتە ئامێزن، وەکو نینۆك خشاندنە بەسەر تەختە ڕەشدا.

سپاردنی سیناریۆ بەکەسانی تر، باشیو هەندێ کەم و کوڕی تایبەتییان هەیە، بەڵام تۆ پێویستت بە دەرهێنەریکی بە ئەزمونە،کە پلانی تۆ وەربگرێت و کاری لەسەر بکات، مەگەر ئەوەی کە خۆی لە فیلمسازیدا بە ئەزموون بێت.(واباشترە یەکەم نمونەی کاری دەرهێنەر یان ئامادەکار ببینیت ،دوایی سیناریۆکەی بدەیتێ.) بە پێدانی سیناریۆکەت بە کەسانی تر، ئەتوانرێت لە پیاچوونەوەی سیناریۆکەت بەردەوام بیت، بەێ ئەوەی کە گیرۆدەو ماندووی لایەنە هونەرییەکانی بەرهەم هێنان بیت.

خراپترین خەوشی سیناریۆ ئەوەیە، کە زۆر لە کارەکانی تۆ دووبارە بکرێتەوەنووسەرانی بە ئەزموون ئەڵێن لە پیشەی فیلمسازیدا هەموان ئەندێشەیان هەیە و توانای نووسینو یان بە لایەنی کەمەوە، پیاچوونەوەیان هەیە. لەبەر ئەوە ئەگەر خۆتان ئەرکی دەرهێنان ناگرنە ئەستۆ، وا باشترە لەگەڵ دەرهێنەرێکدا ڕێك بکەویت ،تاکو بزانیت هەریەکەتان تا چ ڕادەیەك زاڵن بەسەر چیرۆکی سیناریۆکەدا. (زۆربەی نووسەرە بە ئەزموونەکان، سیناریۆی کورتی بازرگانی بە مەرجێك دەنووسن، کە خۆشیان کاری دەرهێنانی بۆ ئەنجام بدەن و، دەستیان لە هەموو ڕوویەکی بەرهەم هێنانەوە هەبێت).

لەوانەیە بەخت یاوەرتان بێتو، هاوکاری کەسێك بێتە هۆی چاکترکردنی فیلمەکە. بێگومان سیناریۆکە دەگۆڕێت، دەبێت چاوەڕوانی ئەوە بیت.

ئەگەر فیلمەکە لە کۆتایدا ئەوە نەبوو، کە تۆ چاوەڕوانیت ئەکرد تووڕە مەبە، ئەگەر پارە هاتە نێوانەوە ، ئەوە دیاری بکەیت کێ چەندەی خەرج کردووە و کێ چەندە وەردەگرێت،

لەوانەیە بۆ ئەو کارە پێویستت بە پارێزەرێکی یاسایی هەبێت، تاکو گرێبەستەکانت بۆ ڕێك بخات.

لە دوای بەرهەم هێنانی فیلم، لەوانەیە بتەوێ بۆ دۆستان و ئەندامانی خێزانەکەت یەکەمین نمایشیان بۆ ڕێك بخەیت. ئەگەر لەبەرهەمەکە ڕازی ببوویت، بۆ ئاگادارکردنەوە و دابەشکردنی فیلم یارمەتیت ئەدەن. نمایشە گشتیەکان ڕێك بخەو هەواڵی فیلمەکە بەڕاگەیاندنەکان بگەیەنە، ڕیکلامەکان هەڵبواسە، پەیوەندی لەگەڵ مامۆستایانی سینەما ببەستە، ئەنجوومەنە تایبەتەکانی فیلم و ڤیدیۆ بخەرە بەرباس و، هۆڵە گەورەکان یان گرووپەکانی پەیوەست بەوەو، دۆستان و خامە بەدەستان ئاگادار بکەرەوە .

ئەگەر هۆڵی نمایش، یان مۆزەخانەی نمایشی فیلم هەیە، پەیوەندی بکە بەلێپرسراوانی و، بپرسە کە ئایا جێگەی نمایشی کورتە فیلم لەبەرنامەی ئێوەدا هەیە یان نا؟ زۆر کەس ئەو کارە دەکەن، بۆ ئەو مەبەستە دانەیەك لەفیلمەکە بنێرە بۆ یان داوایان لێ بکە لەکاتی ڕازی بوونیان، لەبەرنامەی ئایندەی خۆیاندا شوێنێکی بۆ دابنێن.

لەهەر شوێنێك فیلمەکەتان پێشان دەدرێت، هاوکات لەگەڵ بینەراندا سەیری فیلمەکەت بکە و، کاردانەوەکانت بخەرە بەرچاو . کاردانەوەی بینەرانیش یادداشت بکە . داوا لەبینەران بکە کەلەدوای نمایش بمێننەوە . پرسیاریان لێ بکە و وەلاّمەکانیان لەبەرچاو بگرە. لەوجۆرە شوێنەگشتیانەی نمایشەکە باشتر بینەر دەناسیت و ئاگات لێ ئەبێت، کە کارەکەی تۆ چەندە کاریگەریی لەسەر بینەر هەیە .

ئەگەر لەشار،یان دەروروبەری دەژیت ، بزانیت ئایا ئەنجومەنی فیلم سازانی سەربەخۆ هەیە یان نا ؟ ئەو ئەنجوومەنانە سەرچاوەیەکی زۆر باشن بۆ بەدەست کەوتنی زانیاری دەربارەی کۆمپانیاکان ،پێشبرکێ کان، فیستیڤاڵەکان و (هەندێ جار) بۆ داین

کردنی بودجەی بەرهەم هێنان و، لەوانەیە پەرتووکخانە، هەواڵنامەی تایبەتی ئەندامان و تووناکانی سنووردار ی بەرهەم، هەروەها تووانای پەیوەندی کردن بە فیلمسازانی تربۆ تۆ بەدەست دێنن .

لەپلاندانان ، نووسین و پیاچوونەوەی سیناریۆی کورت، لێکۆڵینەوە، یان بەشێوەی خوێندنەوەی ڕۆڵ ، بەرهەم هێنان و نمایشی ناوخۆیی دەتوانرێت، توانای خۆت لەنووسینی سیناریۆدا زیاد بکەیت ، لەبلاۆبوونەوەی بیروباوەڕی خۆت، دەربارەی ژیان ڕازی بوون بەدەست دەهێنێ و، ئیمتیازی جێگیرکردنی پەیوەندی لەگەڵ کەسانی تر لەڕێگەی بەهێزترین هۆکاری پەیوەندی بەکۆمەڵ، کەتائێستا دۆزراوەتەوە واتە وێنە جوولاۆەکان و دەنگی زیندوو بەدەست دێت. هەروەها لەحاڵەتی حەزکردن بەنووسینی سیناریۆی سینەمایی . ئێستا ، لەدوای چەندین کیلۆمەتر ڕاکردن، لەوانەیە بۆ جێگیربوونی ڕاکردنی (ماراسۆن) ئامادە بیت .